# ئێران نامە

## سیستم، سیاسەت و کولتوور





هەردی مەهدی میکە

٢٠٢٢

# ئێران‌نامە

## سیستم، سیاسەت و کولتوور

**هەردی مەهدی میکە**

چاپی یەکەم
٢٠٢٢

٩٥٥
م٤٩٦ میکە، هەردی مەهدی
ئێراننامە: سیستم، سیاسەت و کولتوور/ نووسینی هەردی مەهدی میکە – سلێمانی: دامەزراوەی میدیایی درەو، ٢٠٢٢.
٢٢٠: ١٤*٢١ سم.
١. ئێران – مێژوو– سەردەمی نوێ. ٢.ئێران بارودۆخی سیاسی. ٣. ناونیشان

## ناسنامەی کتێب

- **ناوی کتێب:** ئێراننامە؛ سیستم، سیاسەت و کولتوور
- **نووسەر:** هەردی مەهدی میکە
- **دەزگای چاپ:** دامەزراوەی درەو میدیا
- **بابەت:** سیاسەت، مێژوو، مێژووی هاوچەرخی ئێران، ئێراناسی
- **دیزاینی ناوەوە:** ئارام عوسمان
- **بەرگ:** شێرکۆ خانزادی
- **نۆرەی چاپ:** یەکەم
- **شوێنی چاپ:** چاپخانەی پاندا- سلێمانی
- **شوێن:** سلێمانی – هەرێمی کوردستان- عێراق

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٣٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

**مافی چاپ و وەشاندنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە©**

# پێڕست

بەرایی....................................................................................٦
بەشی یەکەم ..........................................................................١١
شیرازەی سیاسی و دەزگا دەوڵەتییەکانی ئێران..................................١١
هەڵبژاردن لە ئێراندا..........................................................................١٢
ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی؛ پێگە و دەسەڵاتەکانی ............................٢٢
سەرۆک کۆماری ئێران؛ مێژوو، پێگە و شێوازی هەڵبژاردنی..........................٣٤
پەرلەمانی ئێران؛ لە فشاری کردنەوەی خولی یەکەمەوە تا پشتتێکردنی ...........٤٤
شورای پاسەوان؛ پێگەی لە سیسستەمی سیاسی و ڕۆڵی لەهەڵبژاردنەکاندا.......٥٢
ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەریی؛ پێشینە و ڕۆڵ و هەڵبژاردنی ........................٥٩
کۆڕبەندی دیارییکردنی بەرژەوەندییەکان؛ پێگە و سروشتی دەسەڵاتی ...........٦٥
سوپا و هێزی بەرگریی ئێران.......................................................................٧٢
ڕاگەیاندن لە ئێراندا؛ پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر..................................٩٤
سیاسەت و پۆشاک؛ ئازادیی جلووبەرگ لە ئێراندا و کاردانەوەکانی سەپاندنی ...١٠٦
بەشی دووەم ..........................................................................١١٧
ئێران لەسەردەمی ڕەئیسیدا و شۆڕشێک لەقەیراندا....................................١١٧
یەخانگیرییەکانی سیستەمی سیاسیی ئێران ..........................................١١٨
سەردەمی ڕەئیسی؛ هەنگاوی دووەمی شۆڕش یان دبلۆماسییەتی کراوە و ئاستەنگەکانی ..........................................................................١٢٦
هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان؛ پرسی ڕەوایەتی و ترسی دەوڵەت؛ هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ی پەرلەمان بە نموونە..................................................................١٣٣
سەرکۆمارێکی دی؛ هەڵبژاردنێکی بێڕەنگ بۆ قۆناغێکی سەخت.........................١٣٨
هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران٢٠٢١؛ براوە و دۆڕاوە ڕاستینەکان ...............١٤٤
سوپا و سیاسەت ...........................................................................١٥٠

بەشی سێیەم .................................................................. ١٥٧
مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نێو ئێران؛ ....................................... ١٥٧
کورد لە سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا .......................... ١٥٨
ئەهواز ڕادەپەڕێت؛ لە ئاوی خۆڕاپی شۆڕشەوە، تا شۆڕشی تینووەکان ........... ١٦٥
بەشی چوارەم ................................................................ ١٧٣
ئێران و هاوسێکانی (پرسە هەنووکەییەکان)........................................ ١٧٣
خۆراسانی گەورە و داعشی خۆراسانی؛ لە بەندۆڵی تاڵیبان و ئێراندا .............. ١٧٤
ناکۆکییەکانی ئێران و ئازەربایجان؛ ڕەهەندی مێژوویی و گرژیی هەنووکەیی....... ١٨٢
ئێران و جەنگی قەرەباغ؛ بێلایەنێکی نەرێنی ....................................... ١٩٠
پشکۆی باکۆ، لە دەستی تاران و ئەنکەرەدا ......................................... ١٩٨
لیستی سەرچاوەکان ........................................................... ٢٠٥
پێڕستی شوێن و کەسایەتی و دەزگاکان.............................................. ٢١٠
بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر ................................................ ٢١٦

## ئەم کتێبە

ئەم کتێبەی بەردەست، شرۆڤەی سیاسیی (د. هەردی مەهدی میکە)یە کە هەفتانە لە سایتی (درەو) بڵاوکراوەتەوە، لە بابەتەکاندا تیشک خراوەتە سەر سێ تەوەری سەرەکی لە؛ سیستمی سیاسی و دەزگاکانی، سیاسەتی دەوڵەت، سیاسەت و پەیوەندی بە کولتووری ئێران. لەم چوارچێوەیەدا گرنگی دراوە بە تاوتوێ و شرۆڤەکردنی:- سیاسەتی کولتووری، دۆخی نێوخۆ، گوزەرانی خەڵک، باری ئابووری، پێگەی کورد، کاریگەریی پێکهاتەکان و مافەکانیان لەو سیستمەدا، پرسی ڕەوایەتیی سیستمی سیاسیی و قەیرانەکانی، ئێران و دروسێکانی، پەیوەندییە دەرەکییەکان و سیاسەتیی هەرێمیی ئێران.

لەبەر گرنگی و کەمیی بابەتی نووسراو بواری ئێرانناسی بە زمانی کوردی، دەزگای میدیایی "درەو" بەپێویستی زانی بابەتەکان لە چوارچێوەی کتێبێکدا کۆبکاتەوە، تا ببنە بەشێک لەو هەوڵانەی بواری توێژینەوەکانی ئێرانناسی لە کتێبخانەی کوردیدا دەوڵەمەندتر دەکەن، بەتایبەت کە ئێران و هەرێمی کوردستان وەک هاوسێ، پەیوەندیی کاریگەری و کارتێکەریی بەهێزیان لەسەر یەک هەیە، ئەمەش گرنگییەکی دیکەی ئەم کتێبە بۆ سیاسەتوان، توێژەر و خوێنەری کورد دەردەخات.

**دەزگای میدیایی درەو**

## بەرایی

چیرۆکی ئێرانی هاوچەرخ لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بە پرۆسەیەکی سەختی "نەتەوەسازییەکی سەپێنراو"ی بێپێشینەی فارستەوەر و "ناوەندگەرای"یەکی توند و "دەوڵەتسازی"یەکی بەزۆر "لەسەرەوە بۆ خوار" دەستی پێکرد، هەرزووش هەڵگەرانەوە و یاخیبوون لەم سێ سیاسەتە گشتییەی دەوڵەت سەری هەڵدا و بەجۆرێک حکومەتەکانی پەهلەوی یەکەم و دووەمی ڕووبەڕووی دەیان پرسی ئەمنی و قەیرانی سیاسی و ئابووری و نارەزایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینەییەکانی ئەو وڵات کردەوە، تا ئەوەی بە نارەزایەتییەکی سەرانسەریی خەڵک وەڵامی ئەو سیاسەتە نەتەوەسازییە سەپێنراو و دەوڵەتە ناوەندگەرا ئەمنییە، بە شۆڕشی ١٩٧٩ درایەوە، بەڵام ئەوەی سەخت بۆ خەڵک و پێکهاتەکانی ئێران کەوتەوە، بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، دیسانەوە نەک هەر گوتار و چیرۆکی پێشووی سەپێنراو (دەوڵەتسازی و نەتەوەسازیی فارستەوەر)، هەر بەردەوام بوو، گوتارێکی مەزهەبیش (دەوڵەتداریی لەسەر بنەمای فیقهی سیاسیی شیعەی دوانزە ئیمامی و ویلایەتی فەقیە) خرایە سەرشانی کۆمەڵگەی ئێرانی، ئێستا هەردوو حاڵەتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکە لە سیاسەتی گشتیی وڵاتدا ڕەنگییان داوەتەوە و ئەمەش لە دەستوور و ڕەفتاری سیاسیی و بەڕێوەبردنی ئێراندا شۆڕکراونەتەوە. هەنووکە کۆمەڵگەی ئێرانی ڕووبەڕووی جیاکاریی ئاینی، مەزهەبی، نەتەوەیی، سیاسیی و تەنانەت

ڕەگەزییش (نێر و مێ) بووەتەوە، واتە هەمان ئەو فشـــارەی کە لەســـەردەمی دەوڵەتی پەهلەویدا ســـەپێنران هەنووکە گۆڕدراوی مەزهەبیشـــی هاتووەتەســـەر. ئەم گوتارە ســـەرەکییانەی کە جیـاکـاریی بەرهەم دەهێنن، جۆرێـک لە تـایبەتمەنـدیی داوەتە شـــیرازە و کولتووری ســـیاســـیی و ڕەفتاری دەوڵەت و بگرە کاردانەوەی یار و نەیارەکانی ســیســتمەکەشــی بە دووی خۆیدا هێناوە.

هەربۆیە شیرازە(سیستەم)ی سیاسیی لە ئێرانی پاش شـۆڕشـی ١٩٧٩دا، چەندین تایبەتمەندیی لەڕووی دەسـتوور و سـیاسـەت و جۆری بەڕێوەبردن و مـاف و ئەرکەکـانی هاونیشـتمانییانەوە لە خۆدەگرێت، دۆخێک کە تەنها مەگەر ئێران لە خۆی بچێت و سـەختە سـیسـتمێکی هاوشـێوەی لە دنیادا بـدۆزرێتەوە، نەک هەر ئەوەش بگرە بەهـۆی کەڵەکەکـاریی لێکەوتەکانی ئەو شـۆڕشـەوە، لەسـەرخۆ کولتووری سـیاسـیی کۆمەڵگەی ئێرانیشـی گۆڕیوە و جۆری بەشـداریی خەڵک و حزبەکان سنووردار و دۆخی ماف و بەشداریی پێکهاتە نەتەوەیی و ئـاینی و مەزهەبییەکـانیش لەو مێژووەوە تـا دێت نـاچـالاک و تەنگ و تەسکتر دەبێتەوە.

بۆیە ڕوانین بۆ ئێرانی هەنووکەیی و تێگەیشـتن لێی بە هەمان ئامرازەکانی شـیکردنەوە و پێوەرە باوەکانی شـرۆڤەی وڵاتـانی دیکە ئەنجـامگیریی ورد و تێگەیشـتنی ڕەوان نـادەن بەدەستەوە و بگرە ئەسڵی ڕوانگەکەش چەواشە دەکات. گرنگە بۆ

تێگەیشــتن لە ئێران شــیرازەی ســیاســیی، دەســتوور، پەیکەری بەڕێوەبردن، دەزگـاکـانی دەوڵەت و حکومەت و ...تـاد، بـاوەڕە نەتەوەیی-مەزهەبییەکان، ســیاســەتی گشــتی دەوڵەت بۆ ململانێ نێوخۆییەکـان و بـاڵەکـانی نێوشــــۆڕش و ئۆپۆزســـــیۆنەکـان، ســیاســەتیی کۆن و نوێی دەرەکیی کۆماریی ئیســلامی لەبەرچاو بگیرێن. دواجار گرنگە لە ڕۆڵی هەندێ لە کەســـــایەتییەکانی نێو کۆمارەکەش و ئەو کولتوورەی کە لەمیانەی دیدگا و ڕەفتاریی کۆماریی ئیسلامیی ئێرانەوە سیاسەتی داپۆشیووە، تەتەڵە بکرێن، بۆ ئەوەی لەوێوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئێرانی هەنووکەییمان لە ناوەوە دەســـت بکەوێت و لەوێشـــــەوە ســــەرچاوەی ڕەفتارە سیاسییەکان و جۆری ململانێکان و کاردانەوەی هێزە سیاسییە نێوخۆییەکانی و ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی پرۆسـەی سیاسیی ئەو وڵاتە تێبگەین.

بـابەتەکـانی ئەم کتێبە بەدوای ئەم پرســـــیارانەوەیەوە: پێکهێنەرەکانی شــیرازەی ســیاســیی لەئێراندا چین و دەزگاکانی دەوڵەت و حکومەت لەم شیرازەیەدا کامانەن؟ چ پێگە و ڕۆڵێکیان هەیە؟ ئێرانی هەنووکەیی لە چ دۆخێکدایە؟ قەیرانەکانی کۆماری ئیسـلامی پاش زیاتر لە ٤٠ سـاڵێک خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟ ئایا ڕەوایەتی ســیســتمەکەی لە چ ئاســتێکدایە؟ بەشــداریی خەڵک و ڕەوایەتی هەڵبژاردنەکان تا چ ئاستێکە؟ مافی پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکـان و هۆکـاری نـاڕەزایەتییـان لە کوێوە ســــەرچاوە دەگرێت؟ ڕۆڵی حکومەت و سیاسەتی ئێران لەگەڵ دراوسێکانیدا

هەوارنامەی کتێب

لە چ ئاستێکدایە و ئاستەنگەکانی چیین؟ ئاستەنگ و هەڕەشە نێوخۆیی و دەرەکییە ئایندەییەکانی سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران کامانەن؟ ئەڵبەتە سەختە لەکتێبێکدا، وەڵامی پاکی ئەم پرسیارانە وەربگیرێتەوە، بەڵام بە سروشتی شێوازی نووسینی کتێبەکە کە زیاتر بە زمانێکی ڕۆژنامەنووسیانە و ئاسان نووسراوە، هەوڵدراوە بۆ شرۆڤەی هەر پرسێک ماددەی دەستووری و نموونە و لێدوان و فاکتی بەردەست و ڕەفتاری سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لانیکەم لەڕێگەی وەرگرتنی نموونەوە وێنایەکی گشتی کۆی پرس و تەوەرەکان بخرێنەڕوو و وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە.

بەدواداچوون بۆ ئەم پرسانە بۆ شرۆڤەکار و سیاسەتوانی کورد و خزمەتکردن بە بواری ئێرانناسی و ناسینی دیوی ناوەوەی ئێران بۆ خوێنەری کورد و تێگەیشتن لە هاوسێیەک پێویست و گرنگە و زیاتر لەمەش خزمەتێکە بە کتێبخانەی کوردی چونکە لەم ڕووەوە کەمی سەرچاوەی کوردی لە بواری ئێراننासیدا پێویستی زۆر زیاتر لە قەبارەی ئێستای کتێب و توێژینەوە هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر لەو دراوسێیە بگەین و ڕوونیشە بە زانیاری و توێژینەوەی واقیعی و ورد وەڵامی ورد وەردەگیرێتەوە و ڕەفتار و مامەڵەی واقیعی و ڕاست بەرامبەری دەتوانرێت بگیرێتەبەر.

لەڕوانگەی گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی کتێبەکە، هەوڵدراوە بە پشتبەستن بە سەرچاوە دەستە یەکەکانی

هەواڵنامەی کتێب

ڕووداوە سیاسییەکان و بەتایبەت خودی دەستووری ئەو وڵاتە و نووسراوە فەرمی و ئامارە دەوڵەتییەکانی دەوڵەتی ئێران و کتێب و ئەدەبیاتی مێژوویی و سیاسیی توێژەرانی ئێرانناس و لێدوان و گوتاری فەرمی و خودی ڕووداوەکانی کاتی نووسینی بابەتەکان بکرێتە سەرچاوە و خامی شرۆڤە و لێکدانەوە و ئەنجامگیریی تەوەرەکانی کتێبەکە.

کتێبەکە بەسەر چوار بەشی سەرەکییدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم: شیرازەی سیاسیی و دەزگا دەوڵەتییەکان، بەشی دووەم: ئێران لەسەردەمی ڕەئیسیدا و شۆڕشی ئیسلامی لەقەیراندا و بەشی سێیەمیش: مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نێو ئێران؛ کورد و عەرەبی ئەحواز(خوزستان) بە نموونە و دوابەشیش: ئێران و هاوسێکانی (پرسە هەنووکەییەکان).

با ئەوەش بووترێت ئەم کتێبەی بەردەست، لە بنەڕەتدا زنجیرە وتار و شرۆڤەگەلێک بوون، بە سوپاسەوە بۆ دەزگای میدیایی درەو نووسراون، بۆیە لە هەندێک جێگەدا زمانی نووسین ڕاستەوخۆیە و زمانی ڕۆژ بەکارهاتووە و نموونەکانی ڕۆژانی نووسینی تەوەرەکانی کتێبە بەکارهێنراوە.

ئەوەی پێویستە بیرم نەچێت، سوپاسی فراوانی هاوڕێم محەمەد ڕەئووف-ە، کە بە هاندانی ئەو نەبووایە ڕەنگە ئەم کتێبە دنیای ڕۆشنی نەدیبایە. سوپاس بۆ سەبر و هیمەت و پەرۆشی.

هەردی مەهدی میکه

سلێمانی-هەرێمی کوردستان- ٢٠٢٢

# بەشی یەکەم

# شیرازەی سیاسی و دەزگا دەوڵەتییەکانی ئێران

هەواڵنامەی کتێب

# هەڵبژاردن لە ئێراندا

لە شۆڕشی گەلان (١٩٧٩) و شۆڕشی بە ئیسلامییکراوی پاشتری ئێراندا، تا ساڵی ٢٠٢١، سێزەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارە و هەشتەمین سەرکۆماری ئەو وڵاتە هەڵبژێردراوە.

تەوەر و پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: مێژووی هەڵبژاردن و دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکانی نێو سیستەمی سیاسیی ئێران چۆنە و هەڵبژێردراوە ڕاستەوخۆکانی نێو دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لە کوێی هەرەمی سیاسیی ئەو وڵاتەدان؟ باڵاترین دەسەڵات لە دەزگا هەڵبژێردراوەکان کامەیە؟

یەکێک لە سەرەکیترین پێوەرە کردەییەکانی دەستنیشانکردنی هەر سیستمێکی سیاسیی لە هەر کیانێکدا (دیموکراسی، دیکتاتۆری، تاکڕەوی، ئاینی، خێڵایەتی، مەزهەبی، شورایی، تێکەڵ)، جۆری دیارییکردنی دەسەڵاتە جیاوازەکانی ئەو سیستەمەیە و دانانی کەسەکانە بۆ بەڕێوەبردنی هەر پۆستێک لەو دەسەڵاتەدا بەتایبەت لوتکەی دەسەڵاتەکان، لە سیستمی دیموکراسیشدا هەڵبژاردن لە پێوەرە هەرە سەرەکییەکانی پێوانی جۆری سیستەمەکەیە. بەڵام هێندە بەس نییە کە دەسەڵاتێک هەڵبژاردن ئەنجام بدات و بە دیموکراسی ناوزەد بکرێت، بەتایبەت لە سەردەمی هاوچەرخدا، ئەنجامدانی هەڵبژاردن وەک نەریتێکی لێهاتووە و تەنانەت سیستمە تەواو تاکڕەو و دیکتاتۆرەکانیش

خۆیانی لێ بەدوور ناگرن. کەواتە لە نێو هەڵبژاردنیشـــدا: بنەما دەستورییەکانی سیستمی سیاسی، یاسا، کۆمسیۆن و لیژنەکان، شێوازی دیاریکردنی جێبەجێکارانی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئالیەتی جیاکردنەوە و ژماردن و ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکانن یەکلایی دەکەنەوە کە ئایا دەنگدان و هەڵبژاردن پێوەری دانانی پۆستەکانی نێو دەســـەڵاتە جیاوازەکانی هەر کیانێکن. وتەیەکی باو هەیە کە دەڵێت: گرنگ نییە کێ دەنگ دەیباتەوە، گەنگە کێ دەنگەکان دەژمێرێت، ئەم وتەیە بۆ ئێران دووبەرامبەرە چونکە بەر لە ژماردنیش کاندیدەکان بە ئارەزووی دەزگایەک پاڵفتە دەکرێن تا هاوڵاتی دەنگییان پێبدات.

**پاشخانێک لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە**

لەئێراندا لە دەســەڵاتی مادەکانەوە تا کۆماری ئیسـلامی، بەپێی گێڕانەوە ڕەسمییەکانی ئەو وڵاتە، ٢٩ بنەماڵە و دەسـەڵات حوکمرانی ئەو مەملەکەتە بوون، کە زۆرینەیان غەیرەفارس بوون و بگرە ئێرانیش نەبوون، هەندێکشــیان وەک داگیرکەر حوکمی وڵاتییان بۆ سەدان ساڵ کردووە. تا سییەکانی سەدەی ڕابردوو هیچ یەکیان ناوی ئێرانی پێوە نەبووە و بەکارنەهێناوە(واتە بە دەوڵەتی ئێران نەناسراون).

یەکەمین هەڵبژاردن و یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٠٦/١٢/٢٨ پاش شۆڕشی مەشروتەی ئێرانی و لەســەر خواســتنی مەشــروتەخوازان، دەوڵەتی قاجار ناچارکرا پەرلەمان دامەزرێنێت و یەکەمین خولی پەرلەمانی قبوڵ

بکات. بەڵام پاش دوو ســـاڵێک(١٩٠٨) هەمان پەرلەمان لەلایەن محەمەدعەلیشـــا و هێزەکانی قوزاقەوە داخرا و تۆپباران کرا، هێندەی نەبرد بە فشـــاری شـــۆڕشـــگێڕانی چاکســـازییخوازەوە، جارێکیتر هەم تاران کەوتەوە دەستیان و هەم دەرگای پەرلەمانی یەکەم کرایەوە. ئەو خولە پەرلەمانێکی دامەزرێنەر بوو، یەکەمین دەستوری نوسراوی ئێرانیش هەر لەم پەرلەمانەوە نوسرایەوە.[١] کۆشکی گوڵستان کرایە یەکەمین باڵەخانەی پەرلەمان، (کە ئێستا کراوەتە مۆزەیەکی مێژوویی و ڕۆڵی ســـیاســـیی ناگێڕێت) بەڵام بینای هەنووکەی پەرلەمان دەکەوێتە ناوچەی بەهارســـتان. ناوی پەرلەمانیش بەهۆی ســـەرکەوتنی شـــۆڕشـــی گەلانی ئێران و زاڵبوونی پاشتری تەوژمی ئیسلامیزمی شیعی لەو شۆڕشەدا، لە مەجلیســی شــورای نەتەوەییەوە گۆڕدرا بۆ مەجلیســی شــورای ئیســـلامی ئێران. یەکێک لە کارە هەرەگرنگەکانی پەرلەمانی یەکەمی ١٩٠٦ ئێران، دەستووری وڵاتی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دەرکرد و پەســـەندکرد، دەســـتوورەکەی ســـەرەڕای دووجار هەموارکردنەوە (١٩٠٧بەهۆی کەمووکورتییەوە و١٩٦٣بەهۆی شـۆڕشـی سـپی محەمەدڕەزاشـای پەهلەوییەوە) تا سـاڵی ١٩٧٩

---

[١] . بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی مەشروتە و هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکەمەوە، بڕوانە: احمد کسروی(١٣٨٨): تاریخ مشروطه ایران، تهران، انتشارات هرمس.

وەک دەســـتووری وڵات مایەوە. بە گشـــتییش لەســـەردەمی پەهلەویدا، ٢٤ خولی پەرلەمانی مێژووی خۆیان گوزەراندووە.[٢]

بەڵام هەڵگیرســانی شــۆڕشــی گەلانی ئێران و پاشــتر ئیســـلامیزەکردن و شـــیعەکردنی شـــۆڕشـــەکە، جارێکی دیکە دەســـتوورێکی نوێ بۆ ئێران(١٩٧٩) دانرا و لەو دەســـتوورەدا سیستمی سیاسیی ئێران لە کرۆکەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات: لە پاشـــایەتییەوە بۆ کۆماریی، لە نیمچەســـیکۆلار و دنیاییەوە گۆڕدرا بۆ ئیســـلامی، لە فرەمەزهەبی و فرەئاینییەوە و داننان بە مافە ســـیاســـیی و مەدەنییەکانیانەوە و بۆ تاکمەزهەبی شـــیعەی دوانزەئیمـامی تەنهـا مـافـدان بە شـــیعەی دوانزەئیمـامی (بۆ بەڕێوەبردنی دەســـەڵاتەکان لە پۆســـتە باڵاکانەوە تا پارێزگاری شارەکان، پێویستەشیعەی دوانزە ئیمامی بێت).[٣]

دەســـتوورەکە بە گشـــتپرســـییەک ڕەوایەتی پێـدرا، گشـــتپرســـیی گۆڕینی ســـیســـتمی ئێران لە پاشـــایەتییەوە بۆ کۆمـاری(1/٤/1979)، زۆرینەی کورد ئەودەم بـایکۆتیـان کرد، نەئەوسا و نە ئێستا نەیتوانی ڕەوایەتی یاسایی و بابەتیانەی نێو نەتەوەکـانی ئێران و خەڵکەکەی وەرگرێـت، چونکە: بەر لە گشتپرسیەکە هیچ ڕوونکرنەوە و نوسراوێک لە بارەی سیستەمی ئیســـلامییەوە نەدرابوویە خەڵک و نە بژاردەی دیکەش هەبوو تا

---

[٢] . منوچهر نظری(١٣٩٠): رجال پارلمانی ایران(از مشروطه تا انقلاب اسلامی)، تهران، فرهنگ معاصر، صص٧-١٢.

[٣] . سەلام عەزیزی(٢٠٢٠): کۆماری ئیسلامیی ئێران(باسێک لەسەر بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ئێستای کوردستانی ئێران)، هەولێر، ب.چ، لل٣٧-٤٥.

خەڵک لەنێوان کۆماری ئیسلامی و بۆ نموونە کۆماری دیموکرات یان سۆسیالیستی و ...تاد، سەرپشک بێت. دووەمیش لە فۆرمەکەدا ئاماژە بە گێڕانەوەی ڕژێمی پێشوو دراوە، کە "تەحسیل حاسڵ گەڕانەوەی موستەحیل بوو"، بۆیە لە بنەماوە ڕەوایەتی پرۆسەکە لەرزۆک بوو.

سەبارەت بە کوردیش، هەر لەسەرەتای شۆڕشی1979وە، جوڵانەوەی سیاسیی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، جیا لە پرسە ڕەوا شوناسی و نەتەوەییەکەی، لەگەڵ سێ پرسدا ناکۆکی قوڵی لەگەڵ سەرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا هەبوو، زۆرینەی کورد هەرسێکیانی بایکۆت و ڕەتکردەوە:- پرسی گشتپرسیی گۆڕینی ڕژێم لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماریی ئیسلامی، دووەم: پێکهێنانی مەجلیسی خوبرەگان(ئەنجومەنی شارەزایان) بوو بۆ داڕشتنی دەستوور و سێیەمین پرسیش تێپەڕاندنی دەستوور بوو. لە هەرسێ پرسەکەدا خواستی کورد فەرامۆش کرابوو، کە دیارە ئەو سێ پرۆسەیە کۆماری هەنووکەیی ئیسلامیی ئێرانییان پێ پایەڕێژ کرد.

لەبەرئەوەی سیستمی سیاسیی سەردەمی هەردوو بنەماڵەی قاجار و پەهلەوی لە پاش بزوتنەوەی مەشروتەوە(بزوتنەوەی چاکسازی)یەوە، هەردووک باوەڕییان بە پاشایەتی هەبوو بۆیە تەنها پەرلەمان لەو سیستەمەدا دەبینرێت کە بەهەڵبژاردن و لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن، چونکە شا بەپێی میرات و ڕەچەڵەکی خوێن دادەنرێت نەک هەڵبژاردن.

له دەســـتووری نوێشـــدا له چوارچێوەی ســـیســـتەمه ســـیاســـییەکەیدا و به پێی یاســـاکانیان، ســـەرکۆمار، پەرلەمانتار، ئەنجومەنی شـــارەزایان، ئەنجومەنی ئیســـلامیی شـــارەوانی و لادێکان هەڵبژێردراوی خەڵکن[٤]، بەڵام ئایا ئەم دەســـەڵاتانه له کوێی هەرەمی سیستەمی سیاسییدان؟

دەسـەڵاتەکان هەنووکه لەو وڵاتەدا به پێی دەسـتوور بەم شێوەیه دابەشکراون[٥]:

١.دەسەڵاتی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی: لەسەرووی هەموو دەسەڵاتەکانەوەیه و هەرسێ دەسەڵاتەکەی دوای خۆی له ژێر ڕکێفیایەتی. هەروەها دەزگای ڕاگەیاندنی دەوڵەت(صـــدا و ســـیمـــا)، دەســـەڵاتی دادوەریی و ســـەرۆک و شـــورای نیگەهبان(پاسـەوان) و ئەنجومەنی دیارییکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم، ســـەر بەم دەســـەڵاتەن و ســـەرۆکەکانیان ڕێبەری باڵا دیارییان دەکات. هەروەها فەرماندەی باڵای هێزه ســـەربازییەکانه و فەرماندەکانی ســـیســـتمی بەرگریش هەر ڕێبەر دەســـتنیشـــانی دەکات.

هیچ دەزگایەک ناتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات تەنها له حاڵەتی نەخۆشـــی، لەدەســـتدانی عەقڵ و مردندا پۆســـتەکەی لەدەســـت دەدات. ئەم پۆســـته بۆ یەکجار لەلایەن ئەنجومەنی

[٤] . بڕوانه: معاون حقوقو ریاست جمهوری(١٣٩٥): مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران(چاپ چهارم)، تهران، معاونت تدوین، تنقیح، انتشار قوانین و مقررات.

[٥] . ستار جبار علای(٢٠١٤): النظام السیاسی فی ایران، مجلة المستنصریة للدراسات العربیة والدولیة، العراق، بغداد، جامحه لامستنصریه، ص٤٧-٨٦.

شـــــارەزایـانەوە(مجلس خبرگـان) هەڵـدەبژێردرێـت(بەمەرجێک موســـڵمانی شـــیعەمەزهەبی دوانزەئیمامی و ئایەتوڵا بێت) و تا تەمەنی هەبێت ڕێبەری ئاینی و مەزهەبی باوەڕدارانە لەجیهاندا بە پێی دەســـتوور. مەجلیســـی خوبرەگـانیش هەلبژێردراوی ڕاستەوخۆی خەڵکن(٨ساڵ جارێک)، بەڵام مەرجی کاندیدبوون بۆ هەموو هاوڵاتییەک نییە و بۆ شـــارەزایانی و پیاوانی ئاینی وڵاتە، پێویســـتە کەســـەکانیش پەســـەندکراوی شـورای نیگەهبان بن، کە دەزگایەکی هەڵنەبژێردراوی دامەزرێندراوە.[٦]

٢. دەســـەڵاتی دادوەری: هەریەک لە دیوانی دادوەریی کـارگێڕی، دیوانی بـاڵای وڵات، دەزگـای چـاودێری، دادگـاکـان و ...تـاد لە خۆدەگرێـت. (ســـەرۆکەکەی بە بێ هەڵبژاردن ڕێبەر دەستنیشانی دەکات).

٣. دەســـەڵاتی یـاســـادانـان: هەریەک لە دەزگـاکـانی ئەنجومەنی شـــورای ئیســـلامی (پەرلەمـان) و شـــورای پاســـەوان(شـورای نگهبان-پاراســتنی دەســتور) لە خۆ دەگرێت. ئەندامەکانی پەرلەمـان بە هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە(٤ســـاڵ جارێک) هەڵدەبژێردرێن بەڵام دەبێت کاندیدەکانی پەســـەندکراوی شـــورای نیگەهبان بن! و شـــورای نیگەهبانیش بە بێ هەڵبژاردن نیوەیان ڕێبەر دەســـتنیشـــانییان دەکات کە شـــارەزای ئایینی شـــیعەمەزهەبن و نیوەکەی دی دەســـەڵاتی دادوەری دیارییان

[٦] . بڕوانە: مادەکانی ٥، ٨، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩ی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

دەکات و شارەزایانی یاسان(کە خودی ئەو دەسەڵاتەش دانراوی ڕێبەری باڵایە!)، پاشـــان لەلایەن پەرلەمانەوە پەســـەند دەکرێن (٦ســـــاڵ جـارێـک تەمەنی هەر خولێکییەتی)، لە نیوەی هەر خولێکیشدا بە شێوەی تیروپشک نیوەیان دەگۆڕدرێن.

٤.دەســـــەڵاتی جێبەجێکردن(حکومەت): ســـەرۆک کۆمار، یـاریـدەدەرانی، وەزارەتەکـان، ئەنجومەنی شـــــارەوانییەکـان و لادێکان...تاد لە خۆدەگرێت، ســـەرکۆمار ڕاســـتەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە (٤ ساڵ جارێک) هەڵدەبژێردرێت، بەمەرجێک ئەو کەسە موســـڵمانی شـــیعەمەزهەب و ئێرانی ڕەچەڵەک و باوەڕی بە "بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی" هەبێت.

کەواتە بە گشـتی ئەو دەزگا و پۆسـتانەی کە ڕاسـتەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵـدەبژێردرێن ئەمـانەن: ســـەرکۆمـار، پەرلەمانتاران، ئەندامانی مەجلیســـی خوبرەگان(شـــارەزایان)، ئەنجومەنی شارەوانییەکان و لادێکان.

بەڵام جیا لەوەی لەمەرجەکانی کاندیدبوون بۆ هەریەک لەمانە سـنووردار و جیاکاری مەزهەبی و سـیاسـیی و نەتەوەیی دەبیندرێت، مەرجیشـە کاندیدی هەر پۆسـتێک کە هاوڵاتی دەنگی پێدەدات، پێویسـتە پەسـەندکراوی شـورای نیگەهبان بێت کە خۆی دەزگـایەکی هەڵبژێردراو نییە. بۆیە زۆرجـار ئێرانییەکـان بە تەنـزەوە لە بـری وشـــەی انـتـخـابـات(هەڵـبـژاردنەکـان)، انتصابات(دانراوەکان) بۆ پرۆسەکە بەکاردەهێنن.

هەر لەبەر ئەوە ڕەخنەگرانی سیستمی سیاسی و پسپۆڕانی سیستمە سیاسییەکان و لایەنگرانی دیموکراسی، پێیانوایە سیستمێکی دیموکراسی نییە بەو مانایەی دەنگدەر و تێیدا هاوڵاتییان تەوەری سەرەکی بن و ئەوان بەڕێوەبەران و سیاسەتڕێژانی وڵات دەستنیشان بکەن، چونکە لە بنچینەدا ئەو دەزگایانەی کە هەڵدەبژێردرێن:

١. لە لوتکەی دەسەڵاتدا نین و لە پلە سێ و چواری هەرەمی سیاسییدان.

٢. دەنگدەر ئازاد نییە لە هەڵبژاردنی کاندیدەکان، بەڵکو پێشتر و لەلایەن شورای نیگەهبانەوە لیستێکی پەسەندکراو و دڵپەسەندی ژێر هەژموونی نوخبەی نێو دەسەڵات پاڵفتە دەکرێن و پاشان ئەو کاندیدە سنووردارانە دەخرێنە بەردەم هاوڵاتییانەوە، نەک ئەوەی هەر هاوڵاتییەک ئەو ئازادییەی هەبێت خۆی کاندید بکات و بچێتە کێبڕکێیەوە.

٣. کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بوونی نییە، بەڵکو لیژنەیەکی سەربە وەزارەتی ناوخۆیە و دامەزرێنراوە و لەژێر سەرپەرشتیی وەزیری ناوخۆی وڵاتدایە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆرایەتی سیستەمی سیاسیی ئێران، چونکە هەنووکە سیستمێکی تێکەڵە، بەپلەی یەکەم لە نێوان ئاینی-مەزهەبی (لەلوتکەدا)، لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیە دامەزراوە، بەپلەی دووەم کۆمارییەکی هەڵبژێردراوە! و پەرلەمانییەکی دەستنیشانکراوە(پێشتر کاندیدەکانی مەزهەبیانە و

کارامەیی و باوەڕیان دەپشکنرێت پاشان هەڵدەبژێردرێن)، بەڵام بە ئالییەتی دیموکراسی و هەڵبژاردن و بە ئاراستەکردنی دەستەبژێرێکی ناهەڵبژێردراوی خەڵک. گەرچی وا دەربکەوێت دەسەڵاتی باڵای ئێران خەڵک-تەوەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند دەزگایەکی ناهەڵبژێردراو هەیە کە ئاراستەی جۆری کاندید و پرۆسەی هەڵبژاردن و دەسکاری ئەنجام و کاندیدەکان دەکەن، هەرلەبەرئەوەیە ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی لەو باوەڕەدان سیستەمەکە ڕووپۆشکراوە بە دەنگی خەڵک، گەرنا ئەوەی پرس و جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستە نوخبەیەکی دەسەڵاتدارە و ئەو نوخبەیە تەنانەت جۆری کاندیدەکان و ئەندازیاریی دەرکە و دەرچەکانی پرۆسەکە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی؛ پێگە و دەسەڵاتەکانی

ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران یان ویلایەتی فەقیە، هەم پۆستێکی داهێنراوی نوێی نێو فیقهی سیاسیی شیعە و ئێرانیشە و هەم خاوەنی فراوانترین دەسەڵاتیشە کە بێ لێپێچینەوە و بێ سنوور و بێ کاتە لە ڕادەستکردنی پۆستەکەدا. پۆستی ڕێبەری باڵا ڕەوایەتی و دەسەڵاتەکانی وابەستەیە بە چەمکی ویلایەتی فەقیهەوە، کە کۆی سیستەم و دیدگای کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەسەر بیناکراوە، لە ئێستادا گرنگترین دەزگای کۆمارە و ستوونی خێمەی دەسەڵاتی سیاسییە.

**چەمکناسیی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە**

ڕاجیاییی زۆر هەیە لەبارەی وردەکاریی و مێژوو و سەرچاوەی دەرکەوتنی وەلی و ویلایەتی فەقیهەوە، بەڵام بەم دەسەڵات و بەمشێوەیە کە ئێستا لە ئێراندا هەیە، داهێنراوی ئایەتوڵا خومەینی و یاوەرانییەتی و تەنانەت زۆر لە مەرجەعەکانی شیعە و شیعەناسان کۆکن کە داهێنراو (بیدعە)یەکی کردەییکراوی ناوبراو بووە.

لە بنچینەدا ولایەت، چەمکێکی عەرەبییە و لە وشەی وەلی-یەوە وەرگیراوە، هەروەک ڕاغیبی ئەسفەهانی ڕوونی کردووەتەوە بە مانای پەیوەستی و نزیکایەتی دێت و پاشتر ئەم چەمکە مانای ئاینی و سیاسی دیکەی پێوەپێچراوە. لە

لسانوعەرەبیشدا بە مانای شتێکە کەبەدووی شتێکی دیکەوەیە کە نێوانی تێنەکەویت و نزیکی یەک بن. فۆرمی وشەکەش (لەگۆڕینی فەتح و کەسرەکانیدا) بەمانای دیکەی وەک یار، خۆشەویستی، دۆستی، سەرکەوتن، سوڵتان، شوێنکەوتن و پیڕەوی و سەرپەرشتیاری هاتووە. بەڵام لە نێو فیقهی سیاسیی شیعەدا بەمانای سەرپەرشتیاری تەواوەتی دێت، کە لەخۆگری ڕەهەندەکانی شەریعەت و بەڕێوەبردن و جێبەجێکاری شەرعی ئیسلام و ئەحکامەکانییەتی.[٧] ئەڵبەت لە لای شیعەی سیاسیی ئێران بەتایبەتی، چەمکەکە پاشگری موتڵەق-ڕەهای پێوەیە و دەبێتە ولایەتی موتڵەقەی فەقیە کە هەم بەڕێوەبردن و هەم ڕێکخستنیش دەگرێتە خۆی و دەیکاتە باڵاترین و دەستێوەردەرترین لە وردودرشتی کاروباری هەر تاکێکی شیعەی دوانزەئیمامی و لە ئێستادا بەهۆی دەستووریشەوە ڕەهەندی یاساییشی وەرگرتووە و هەموو ئێرانییەک گەر شیعەش نەبێت لەژێر دەسەڵاتەکانی ئەم پۆستەدایە.

موتڵەق بوونی ولایەت لە فیقهی مەزهەبی و سیاسیی شیعەدا ئەرکی ڕوونکردنەوە و جێبەجێکاری ئەحکامی ئیسلامی، یەکلاکردنەوەی حوکمە پێکداچوو و ناڕوونەکان و جێگە خیلافەکانە.

هەواڵنامەی کتێب

[7] . احمدرضا بهنیافر، مفهوم ولايت مطلقه فقيه در قانون اساسي جمهوري اسلامي ايران، فصلنامه پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال چهارم، ش۱۲، بهار،۱۳۷۸، صص۴۵-۷٦.

لەســـەر ئاســـتی مەرجەعیەت و دەســـەڵاتەکانی ولایەتی فەقیهیش، لە دنیـای شـــیعەدا ســـێ جۆری هەیە: ولایەتی گشـتی(عامە-مطلقە)، نێوەند (وسـطی)و تایبەتمەند(خاصـە)یە، کە مەرجەعی شـــیعەکـانی جیهـان ئێرانی لێـدەرچێـت زۆربەیـان هاوشێوەی دووەم و سێیەمن، بەڵام لە ئێراندا ولایەی عامە پیادە دەکرێت کە وردودرشـــتی کاروبار لەخۆ دەگرێت و دەتوانێت دەســـت وەربداتە شـــێواز و جۆر و چۆنێتی ئەرک و مافەکانیان. چونکە لە ویلایەتەکانی تایبەتەمەند و نێوەندیدا، مەرجەع یان لە کولیات و عەقیدە و بنەما دینییەکاندا وەلی موســـڵمانانە یاخود کەمێک زیاتر دەچێت و لە دادگاکانیشـــدا دیســـان هەر وەلی و مەرجەعی شیعەکانە وەک ئەوەی لە نەجەف و عێراقدا بە گشـتی هەیە، بەڵام لە ئێراندا ولایەی گشـــتی-عامەیە و ســـەرتاپا لە خۆدەگرێـت نەک هەر ئەوەش بە وتەی خومەینی دەبێـت لە سەرەوەی هەرەمی سیاسییشدا بێت و جێبەجێکاریشی بێت.

لەدیدی شـــیعەی ســـیاســـیی حاکمی ئێرانەوە: هەرچی چەمکی فەقیهیشە(شارەزای ئاینی)، بەمانای موجتەهیدێک دێت کە کۆکەرەوەی ســـێ ڕەگەز بێـت: ئیجتیهـادی موتڵەق، عەدالەتی موتڵەق، توانای بەڕێوەبردن و ئامادەگیی ڕێبەری تێدا بێت.

## سەرەتاکانی چەسپاندن و یاساییکردنی ویلایەتی لەئێراندا

ئێرانییەکـان پـاش شـــۆڕش، چـاوەڕوانی دامەزرانـدنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران بوو تا دەســـتووری هەمیشـــەیی وڵات بەشـێوەیەکی گونجاو بۆ قۆناغی پاش شـۆڕش دابڕێژن، بەڵام لە

جیاتی ئەم ئەنجوومەنە، ئەنجوومەنی شـــارەزایـان(خبرگـان) دامەزرا، ئەنجوومەنەکە زۆر زوو دەســـتی کردە بانگەشـــە بۆ چەسپاندنی سیستەمی ئیسلامی شیعی و پاشتریش ویلایەتی فەقیە، بەڵام بە قۆناغبەندی و ســـەرەتا بە حەزەرەوە تا گەیشـــتە ئەوەی "هەرکەس دژی بێت دوژمنە" گەیشـــت. پیاوانی مەزهەبی ســـەرەتای بانگەشـــەکەیان بەوە دەســـتی پێکرد کە هێرشـــێکی توونديان کردە ســـەر ئەو کەســـانەی کە دژی ئاخوندەکان دەجوڵانەوە کە تۆمەتباریان دەکردن بە قەتیسـکردنی دەســـەڵات لەدەســـتی خۆیاندا، گەرچی تۆمەتەکە لە دواجاردا واقیع بوو نەک تۆمەت، بەڵام ئاخوندەکان ئەوەیان ڕەتکردەوە و شـــەقامییان پاککردەوە لەو کەســـانەی ڕەخنەیان لە دەســـەڵاتی دینی دەگرت. پاشـــان توند و زبر پەلاماری ئەو کەســـانەیان دا کە داوای جیاکردنەوەی دین و سیاسەتیان دەکرد. لەسەرووی هەموویانەوە ئایەتوڵاخومەینی تەنانەت پێش پەســـەندکردنی دەســـتووریش، نەیشـــاردەوە کە کەســـانێک لەگەڵ جیاکردنەوەی ئیســـلام و سیاســـەت، جیایی سیاســـەت و پیاوانی ئاینین، یاخود لایەنگری ئیســـلامێکن بەبێ پیـاوی ئـاینی و ئـازادیی ڕەهـا "لەدەرەوەی سنووری ئیسلامەوەن، خائینن". تەنانەت کەسایەتیە موسڵمانە مەزهەبییەکانیش کە خوازیاری "کۆمارێکی دیموکراتی ئیســـلامی" بوون (وەک مەهـدی بـازرگـان) خســـتنیە ڕیزی دوژمنـانی شـــۆڕشـــەوە، لەکاتێکدا بازرگان خۆی یەکەم ســـەرۆکوەزیری شـــۆڕش بوو! خومەینی و یاوەرانی وردەوردە جادەیان تەخت

دەکرد تا دەستورێکی ئیسلامی لەڕێگەی چەسپاندنی ویلایەتی فەقیهەوە بسەپێن، ئەو لە کۆبوونەوە و دیدارەکانیدا داوای دەستوورێکی ئیسلامی بۆ وڵات دەکرد. هەربۆیە شارەزایانی بیانی و ئەزموونی وڵاتانی بۆ داڕشتنی دەستووری بە پێویست نەدەزانی و لە بەیانێکیدا ڕوونی کردەوە کە "ڕۆحانییە ڕەسەن و ئیسلامناسەکان!" و هەندێ کەسایەتی ئاشنا بە ئیسلام بەسن بۆ ئەم ئەرکە.[٨] بەمەش ئەندازە و چوارچێوەی ئەندامێتی بۆ ئەنجوومەنی شارەزایان داڕشت و تایبەتمەندێتی ئەندامەکانی دیاری کرد کە دەبێت پیاوانی ئاینی شیعە بن. هەربۆیە ئایەتوڵا گولپایەگانی ڕاشکاوانە وتی گەر حکومەتێکی پشتبەستوو بە سیستەمی ئیمامەت و ویلایەتی فەقیە لە دەستووردا ڕۆشن نەکرێتەوە دەوڵەتێک "لەسەر بنەمای ستەم و ستەمکاری دادەمەزرێت"، هەر واش دەرچوو، ئەڵبەت بە ئیزافەکردنی بەشی دووەمی قسەکەی گولپایەگانیشەوە کە هەم ئیسلامی دەرچوو هەم حکومەتێکی جیاکار و پڕلە ستەم و تەمیزی مەزهەبی و نەتەوەیی.

پاش ڕیفراندۆمی ساڵی ١٩٧٩و بە ئیسلامیزەکردنی دەسەڵات، بە پەیجووری و هەنگاو و ڕێنماییەکانی خومەینی، دەستکرا بە ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری ئێران، ئەنجومەنی شارەزایان بۆ ئەم ئەرکە دەستییان بە کارەکانیان کرد، کە لە

---

[٨] . اصغر شیرازی، نظام حکومتی جمهوری اسلامی ایران، کتاب چشم انداز، پاریس، ١٣٩٣، ص٣٦

پیاوانی ئاینی پێکدەهات و تەنانەت وابەستەیی خۆشی بە شورای شۆڕشـەوە کە پاش شۆڕشی١٩٧٩ دروست ببوو، ڕەتکردەوە و نەچووە ژێرباری. سەرەتا بەهۆی ڕەخنەی زۆرەوە هیچ مادەیەک سـەبارەت بە ویلایەتی فەقیهی و ڕێبەری دانەنرا بوو، بەڵام پاش ڕوونبوونەوەی هەڵوێسـتی تەبا و نەیارانی، سـەرئەنجام لە لە ١٣٥٨/٦/٢١دا بەندی پێنجەمی دەسـتوور ئیزافەکرا، کە تایبەتە بە ویلایەتی فەقیە و پایەکەی لە سیستەمی سیاسییدا و ئەنجوومەنی شارەزایانیش پەسەندیان کرد. پاشتریش وەک دەستوور جێگیر کرا.(ناکۆکی و هەڵوێسـتی ناڕازییان کە کەم نەبوون لەو دەمەدا لێرەدا باسـیان ناکەین چونکە لەدەرەوەی باسـەکەی ئێمەیە و ئاوی زۆریش دەکێشێت).

بەڵام لە دیدی خومەیندا، هەموو فوقەها و موجتەهیدەکان لە سـەردەمی غەیبەتدا (ونبوونی مەهدی تا دەرکەوتنەوەدا) لەلایەن "ئیمامە مەعسومەکانەوە" ڕاسپێردراون کە ئەرکی ولایەت بەڕێ بکەن، ئەگەر یەکێک لەو موجتەهیدانە دەوڵەتی پێکهێنا و خەڵک ئەویان پەسـەندکرد، ویلایەتەکەی ئەو زیاتر لەوانی دیکە (کە لەچوارچێوەی ئەرکی مەزهەبیدا کاردەکەن) لە بالقوەوە دەبێتە بالفعل، ئەوکات دەتوانێت لە هەموو ئەو کاروبارانەدا کە ئیمامی مەعسووم دەسەڵاتی تێیاندا هەیە، ئەویش دەسەڵاتەکانی وی بەکاربەرێت تەنها هەندێ لەو کاروبارە تایبەتانە نەبێت کە تایبەتە ئیمامەتی ئیمامەکەوە. بە مانایەکی دیکە مادام لە ئێراندا موجتەهیدە ئاینییەکان توانیوویانە دەوڵەتێک لە میانەی شۆڕشەوە

پێکبهێنن پلەیان لەسەرجەم موجتەهیدەکانی دیکە بەرزترە و نوێنەری ئیمام مەهدین و دەسەڵاتەکانی ئەو پیادە دەکەن تا زەمانی دەرکەوتنی، ئەودەم دەسەڵاتەکان دەسپێرنە ئەو (باوەڕیشیان وایە مەهدی پەیوەندی بە خوداوەندەوە هەیە و لەویشەوە بۆ مەرجەع و وەلی فەقیە).

خومەینی تیۆریای خۆی لە ویلایەتی فەقیهدا بەمشێوەیە بەڵگاندنی بۆ دەکرد و چەسپاندیشی: دەوڵەت لقێکە لە ویلایەتی ڕەهای پێغەمبەر(د)، دەوڵەت لە حوکمە سەرەتاییەکانی ئیسلامە، دەوڵەت لە گرنگترینی حوکمە ئیلاهییەکانە، پێشەنگی بۆ حوکمی ڕێبەرایەتی و وەلییە پێش هەر حوکمێکی دیکەیە.

**مەرج و دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵا**

ڕێبەری باڵا لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا، باڵاترین دەسەڵاتی فەرمییە، باسکرا کە سەرچاوەی دەسەڵاتەکانی لە تیۆرەی ویلایەتی فەقیهەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەروەک لە مادەی(٥)ی دەستووردا هاتووە: لە زەمانی غیابی وەلی عەسردا (مەهدی)، لە ئێراندا ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتی میللەت لەئەستۆی شارەزایەکی دادوەر و پارێزکار(لەڕووی ئاینییەوە)، ئاگادار بە سەردەم، بوێر، بەڕێوەبەر و کاربەڕێکەرە، کە بەپێی ماددەی ٨ی دەستوور ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت.[٩]

---

[٩] . بروانە دەستووری ئێران: مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران(چاپ چهارم)، تهران، معاونت تدوین، تنقیح، انتشار قوانین و مقررات، مادەکانی ٥ و ٨.

بەمشێوەیە ڕێبەری باڵا دەسەڵاتەکانی دەستووری کراون و ئەرکی دیاریکردنی ئەو کەسەش بۆ ڕێبەری، لە ئەستۆی ئەنجوومەنی شارەزایانە، کە دیسان ئەوانیش لە پیاوانی شارەزای مەزهەبی شیعە پێکهاتوون و ڕێبەر دەسەڵاتی ڕەها وەردەگرێت.(مادەی١٠٧)

مەرج و تایبەتمەندییەکانی ڕێبەریش لە بەندی ١٠٩دا هاتووە: توانای زانستی پێویستی بۆ فەتوای هەبێت لە بوارە جیاوازەکانی فیقهی ئیسلامیدا، ٢ عەدالەت و تەقوای پێویست بۆ ڕێبەریکردنی ئومەتی ئیسلام، دیدگایەکی دروستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرێتی، بوێری و توانای پێویست بۆ ڕێبەری.(مادەی١٠٩)

بەپێی بەندی ١٥٧ی دەستووریش هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، دادوەری و جێبەجێکردن لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهدان.

دەسەڵاتەکانی ڕێبەر:

١. دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.٢. چاودێری بەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکانەوە.٣. دەرکردنی بڕیاری ڕاپرسی. ٤. فەرماندەی باڵای هەموو هێزە چەکدارەکان. ٥. ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی و ئامادەسازیی هێزەکان. ٦. دانان و لادان و قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی: ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان، سەرۆکی دەزگای میدیایی وڵات، سەرۆکی دەستە هاوبەشەکان،

فەرماندەی گشـــتی ســـوپای پاســـداران، فەرماندە باڵاکانی هێزە چەکـدار و پۆلیســـییەکـان. ٧.چـارەســـەری نـاکۆکی نێوان دەسـەڵاتەکان. ٨.چارەسـەری ئەو کێشـانەی کە بەڕێگەی ئاسـایی چـارەســـەر نـاکرێن، لە ڕێگەی کۆڕبەنـدی بـاڵای دیـاریکردنی بەرژەوەندییەکـانی ڕژێمەوە چـارەیـان دەکـات. ٩. متمـانەدان و واژۆکردنی دەســتبەکاربوونی ســەرۆککۆمار پاش هەڵبژاردنی. ١٠.لادانی ســـەرۆککۆمار، ١١. لێبووردنی تاوانباران بەپێی بنەما ئیسلامییەکان. هەروەها ڕێبەر دەتوانێت هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی ببەخشـێتە کەسـانی دیکە. سـەرچاوەی دارایشـی دەتوانێت ســـوود لە پێنجیەکی(خمس) وەربگرێـت کە لە موســـڵمـانـانی شیعەمەزهەب وەردەگیرێت.

بۆ ڕێبەر نەژاد و شوناسی نیشتمانی گرنگ نییە و مەرج نییە ئێرانی بێت، هەروەها یەکجار و تا مردن لەلایەن ئەنجوومەنی شـــارەزایانەوە دیاری دەکرێت، بەڵام ماوە و خولی نییە و لەیەک حاڵەتدا پۆســـت ڕادەســـت دەکات ئەویش بە مردن یاخود بە دەرکەوتنی مەهدی ئەوکات ڕادەســـتی ئەوی دەکات، لە هەندێک حاڵەتی تایبەتیشـدا باس لە لەکارخسـتن یان لادانی کراوە، مادەی ١١١ حاڵەتەکانی لادانی ڕێبەری بەســتووەتەوە بەوەوە کە ئەگەر ڕێبەر یەکێک لە لێهاتووییەکانی ماددەکانی ٥ و ١٠٩ی لەدەســـت دا، یاخود پاشتر دەرکەوت کە هەندێ برگەی پێویستی لە بنچینەدا نەبووە، ئەوا لە پۆســـتەکەی لادەدرێـت. یەکلاکردنەوەی ئەم پرســـەش بە گوێرەی مـاددەی ١٠٨ دەبێـت و لە ئەســـتۆی

ئەنجوومەنی شـــــارەزایـان دەبێـت. لە حـاڵەتی مردن یـاخود دەستلەکارکێشانەوە یان لادانی، ئەنجوومەنی شارەزایان ئەرکیانە لە نزیکترین کاتدا ڕێکارەکانی دەســـتنیشـــانکردنی ڕێبەری نوێ بگرنەبەر. تـا ئەوکـاتەی ڕێبەریش دیاریی دەکرێت شــــورایەک (دەستەیەکی سێ کەسی) هەموو دەسەڵاتەکانی ڕێبەر مومارەسە دەکەن، کە لە هەریەک لە ســـەرکۆمار، ســـەرۆکی دەســـەڵاتی دادوەریی و یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شــــارەزایان کە لەلایەن کۆڕبەندی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەوە دیاریی دەکرێت، پێکدێت. بەڵام ئەم شورایە سەبارەت بە بەکارهێنانی دەسەڵات و کارەکانی ماددەکانی ١،٣،٥،١٠ و بڕگەکانی (د،ە، و و–ی ماددەی خاڵی ٦ی ماددەی ١١٠ی دەســـتور، دەبێت ســێ لەســـەرچواری دەنگی ئەندامانی کۆڕبەندی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم بەدەســـــت بهێنێت.

هەرکاتێکیش ڕێبەر بەهۆی نەخۆشـــی یان ڕووداوێکەوە، نەیتوانی کارەکانی ئەنجام بدات، دیســانەوە بە شـیوەی کاتی لەو ماوەیەدا ئەو شـــــورایەی ئاماژەی پێدرا، ئەرکەکانی وەئەســـــتۆ دەگرێت.

### دەزگاکانی وابەستە بە ڕێبەری باڵاوە

چەندین دەزگای گرنگ و هەستیار و بڕیاربەدەست لەژێر هەژموون و فەرمانی ڕێبەردان و لەڕێگەی ئەوەوە بەرپرســەکانی دیاریی دەکرێن، جیا لەوانەش دەزگای هەواڵگریی تایبەت بە خۆی هەیە و جیـایە لە وەزارەتی ئیتلاعــات و هەروەهـا مەکتەبی

بانگەوازی بالآی هەیە کە دەسەڵاتێکی ئاینی فراوانی هەیە و سەرجەم وتاربێژەکانی هەینیانی سەرانسەری وڵات نوێنەرایەتی ڕێبەر دەکەن.

لەمانەش زیاتر چەندین دامەزراوەی دەوڵەتی هەیە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی ڕێبەردان، لەوانە: کۆڕبەندی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم(دەبێت بڕیارەکانی پەسەندکراوی ڕێبەر بن و حکومی یاساییان هەیە)، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی(پیویستە بڕیارەکانی پەسەندکراوی ڕێبەر بن)، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری و شورای پاسەوانیش دیسانەوە ڕاستەوخۆ لەژێر ڕکێفیدان.

هەروەها دەزگاکانی میدیایی دەنگی و ڕەنگیی نیشتمانی(صدا و سیما)ی سەرانسەری وڵات لەژێر دەسەڵاتیدان و سەرۆکی دەزگاکەش دیارییکراوی ڕێبەرە. جیا لەمانەش فەرماندەکانی هێزە چەکدارەکان لەدەزگای بەرگریی و سەربازیدا هەر ڕێبەر دیارییان دەکات.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت کە ڕێبەری بالآی کۆمار و دەزگاکەی(بەیتی ڕیبەری) چەندین دەسەڵاتی فروان و ڕەهای لەدەستدا کۆبووەتەوە، لەوانەش: دەسەڵاتێکی ئاینی فراوان و پەیوەست بە ئیمامانی مەعسوم و مەهدییەوە (وەک مافێکی خوایی)، دەسەڵاتێکی فراوانی دەستووری و یاسایی(سیاسی و دنیایی)، بێسنووریی لەڕووی کاتەوە بۆ مانەوەی لەدەسەڵات(ڕەهایی ماوەی حوکمکردن)، دەستکراوەیی لە

بەکارهێنانی سەرچاوەی دارایی و دەزگا دەوڵەتییەکان بۆ ئەجێندای خۆیی و ئامانجەکانی، لەسەروو ئەمانەشەوە دەسەڵاتێکی سەروو ئێرانی هەیە، هەم لە شوناسی نەژادی کە مەرج نییە ئێرانی بێت و هەم هەق دان بە ڕێبەر کە ڕێبەری ئومەتی ئیسلامییە نەک ئێرانی، هەر ئەمەش وای کردووە کە ڕێگری و بەرەنگاربوونەوە و ڕەخنەلێگرتنی جۆرێک لە تابۆ و قەدەغەکراوە و بکەری ئەو کارەش هەم لێپێچینەوەی یاسایی بەدوای خۆیدا دێنێت هەم دەکەوێتە بەر هەژموونی هەڕەشەی چەندین دەزگا و دامەزراوەی دەوڵەتی و ئایینیەوە و بەلادەری دینی و نیشتمانیش لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە لە خۆڕا نییە ئەوانەی لەناوخۆی ئێراندان و لە پرۆسەی سیاسییدان بە ڕیفۆرمیست و بناژۆخوازەوە، سەرجەم ڕەخنە و هێرشەکانیان لەخوار ڕێبەرەوەن و هیچکات تیری ڕەخنەکانیان ڕووناکەنە ئەو، گەر بیانەوێت لە نێو پرۆسەی سیاسییدا بمێننەوە.

# سەرۆک کۆماری ئێران؛ مێژوو، پێگە و شێوازی هەڵبژاردنی

لە مێژووی ئێراندا و لە ٤٢ساڵی پاش شۆڕشی ١٩٧٩، ئەو وڵاتە حەوت سەرکۆماری بە خۆیەوە دیووە: بەنی سەدر(٨٠-١٩٨١)، ڕەجایی(٨١-١٩٨١)٢٨ڕۆژ سەرکۆماریی کرد و کوژرا، خامینەیی(٨١-١٩٨٩)، رەفسەنجانی(٨٩-١٩٩٧)، خاتەمی(١٩٩٧-٢٠٠٥)، ئەحمەدینەژاد(٢٠٠٥-٢٠١٣) و حەسەن ڕۆحانی(٢٠١٣-٢٠٢١) و واش چاوەڕێ دەکرێت دوومانگی دیکە هەشتەمین سەرۆک بچێتە پاستۆرەوە(شوێنی دەزگای سەرۆکایەتی). بەرلەوی لە دەسەڵات و پێگەی سەرکۆمار باس بکەین، گرنگە بزانرێت ئەو پۆستە کەی دانرا و مێژووی هەوڵەکانی بە کۆمارییکردنی ئێران بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

## مێژووی هەوڵەکانی بەکۆمارییکردنی ئێران

تا هەنووکە وا دەرکەوتووە، کە یەکەمین ئاماژەی ئێرانییەک بە سیستەمی کۆماریی بگەڕێتەوە بۆ سەفەرنامەکەی میرزا ساڵحی شیرازی لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا و لەسەردەمی دەوڵەتی قاجاردا، کە تێیدا باسی لە سیستەمێکی سیاسیی بێ پادشا و کۆمارەکەی پاش شۆڕشی فەرەنسی کردووە، دیارە لەو سەردەمەدا پێناسەی کۆماریی، ئیلهامەکەی لە کۆماری فەرەنساوە وەرگیراوە. جیا لەمەش هاوچەرخی شیرازی و پاشتریش چەندین مونەویر و نوخبەی خوێندەواری سیاسیی

کەم تا زۆر باسی سیستەمی کۆماری و چەسپاندنیان پێشنیار کردووە و هەندێکیان هەوڵیشیان بۆ داوە، وەک صەدرولمەمالیک، تاڵبوف، نازیمودەولە، ئەحمەد کرمانی و حەسەن ساحێبزەمانی، نازیمولئیسلام کرمانی، حەسەن تەباتەبایی و ..تاد. وەک جوڵەی سیاسی و بەئامانجی چەسپاندنیشی، چەندین هەوڵی ناکام بەر لە ساڵی ١٩٧٩دا دراوە، یەکەمینیان دەگەڕێتەوە بۆ صەدرولمەمالیکی ئەردەبیلی و بە هاندانی وەزیری موختاری فەرەنسا لە ئێران (دۆسیێ تێرباز)، کە یەکەمین هەنگاو بووە بەمەبەستی چەسپاندنی سیستەمی کۆماریی لە ئێراندا هاوێژرابێت، جیا لەوەی سەرنەکەوت بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی قاجار و فەرەنساش لە سەردەمی ناسرەدین شادا.[١٠]

لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی سەردەمی قاجاردا و لە ئانی سەرۆکوەزیرانی ڕەزاخان-دا، شەپۆلێکی کۆمارییخوازیی جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە، کە لەژێرەوە ڕەزاخان(شای دواتر) هاندەری بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە پەرلەمانتاران لە ساڵی ١٩٢٤دا، پرۆژەی سیستەمێکی کۆماری و کۆتاییهێنان بە پادشایەتی قاجاریان پێشنیار کرد، هێندەی نەمابوو دەنگدانی بۆ بکرێت و سیستەمەکە جێگیر بکرێت، بەڵام بەهۆی ناڕەزایەتی کەمینەیەکەوە دەمەقاڵەیەک لەنێوان لایەنگرانی کۆماریی و

---

[١٠] . علی افشار: پیشینه ١٧٠ساله جمهوری خواهی عرفی در ایران:
https://www.radiofarda.com/a/history-of-seeking-republic-regime-form-in-Iran/٢٩٦٣٩١٧١.html

نەیارانیدا، درووست بوو، یەکێک لە پەرلەمانتاران زللەیەکی لە ئاخوندێکی پەرلەمانتار(حەسەن مودەڕیس) دا و بەوشێوەیە ململانێکە لەنێو خەڵکدا وەک شەڕی سوکایەتی بە پیاوی ئاینی لەقەڵەمدرا و لەدەرەوەی پەرلەمان خەڵکیان هێنایەسەرشەقام و لەپەنای ئەو پۆپۆلیزمە ئاینییەدا، پرۆژەی کۆمارییخوازی لە پەرلەماندا سەرکپ کرا.[11]

جیا لەم هەوڵەش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، سێ کۆماری وەک گیلان-ی میرزا کوچەک خان و هاوپەیمانە چەپەکانی(١٩٢١)، کۆماری کوردستان-ی قازی محەمەد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات(١٩٤٦) و حکومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان(گەرچی ئەم ناوی کۆماری هەڵنەگرت) دامەزران، کە بە هەوڵەکانی کۆماریی لەقەڵەم دەدرێن، بەڵام هەر زوو لەنێوبران. لەسەردەمی حکومەتەکەی موسەدەقوسەڵتەنە ١٩٥٣شدا، حسێنی فاتیمی(وەزیری دەرەوە) بە بانگەشەکاری هەڵوەشاندنەوەی پاشایەتی دادەنرێت و لایەنگرانی بە شەهیدی کۆمارییخوازیی دەناسێن.

بەڵام ئەزموونی درێژخایەنی کۆماریش(ئەڵبەت بەتامی مەزهەبی و ئیسلامییەوە)، دەگەڕێتەوە بۆ پاش هەرەسی سیستەمی پاشایەتی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩دا، کە زۆری نەبرد بەهۆی ڕاپرسییەکەوە، سیستەمی سیاسیی ئێران لە پاشایەتییەوە

---

[11] . رضا مختاری اصفهانی(١٣٩٢): پهلوی اول از کودتا تا سقوط، کتاب پارسا، تهران: ٨٧-٩٥.

(دەوڵەتی شـــاهەنشـــایی ئێران) گۆڕدرا بۆ کۆماریی(کۆماری ئیسـلامیی ئێران) (بڕوانە: ئێراننـامەی ١). هەر بەپێی جۆری سـیسـتەمەکەش پۆسـتی سـەرۆک کۆمار دانرا، یەکەمین سـەرکۆماریش لە هەڵبژاردنی سـەرۆکایەتی ئەو وڵاتەدا لە ١٥ی کانوونی دووەمی١٩٨٠دا، ئەبولحەسـەن بەنی سـەدر بوو. بەڵام زۆری نەخایاند و لە ٢١ی حوزەیرانی١٩٨١دا لەسـەر کار لادرا و پاشـتر بەرەو پاریس هەڵهات. دوایەمین سـەرکۆماریش حەسـەن ڕۆحانییە و تا تەمووزی دادێ دواکاتەکانی نێو شـەقامی پاستۆر (سەرۆکایەتی کۆمار) بەڕێدەکات.

## پێگە و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار

لەدەسـتوری کۆماری ئیسـلامیی ئێراندا بەپێی ماددەی ١١٣، پۆسـتی سـەرۆک کۆمار، پاش پۆسـتی ڕێبەر، بە دووەمین پۆسـتی دەوڵەت دادەنرێت و بەرپرسـیارێتی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن (بێجگە لەو کاروبارانەی ڕاسـتەوخۆ بە ڕێبەری باڵاوە پەیوەستن) لەدەستدایە. بەپێی ماددەی ١١٤ش، سەرکۆمار بۆ ماوەی چوار سـاڵ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و بە دوای یەکدا تەنها یەکجاری دی بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە.[١٢]

لەبارەی مەرجەکانی پاڵێوراوی بۆ سـەرکۆماربوونیش ماددەی ١١٥ بەمشـێوەیە ڕوونی کردووەتەوە: پێویسـتە بە ڕەچەڵەک و ڕەگەزنامە ئێرانی بێت، بەڕێوەبەر و چارەسـاز،

---

[١٢] . بڕوانە: دەستووری کۆماری ئیسلامی ئیران، ماددەکانی ١١٣ و ١١٤.

خاوەن پێشینەیەکی چاک، ئەمانەتپارێز و بەتەقوا بێت، ئیماندار و باوەڕدار(مومن و معتقد) بێت بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی و مەزهەبی ڕەسمی ئێران(دوانزەئیمامی شیعە)، پێویستە بەر لە هەڵبژاردن پاڵێوراویێتی خۆی ڕابگەیەنێت(ماددەکانی ١١٥و١١٦ی دەستوور).

سەرکۆماریی زۆرینەی دەنگی ڕەهای بەشداربووانی لەهەڵبژاردندا پێویستە، لە ئەگەری نەهێنانی ئەو ڕێژەیە، پێویستە هەڵبژاردن بچێتە خولی دووەمەوە ،کە لەم دەنگدانەدا تەنها دوو کاندیدی یەکەم و دووەم بەشدار دەبن و سەرکەوتوویان دەبێتە سەرکۆمار(ماددەی١١٧دەستوور). هەڵبژاردن پێویستە لانیکەم مانگێک بەر لە کۆتایی وادەی تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی سەرکۆماری پێشوو ئەنجام بدرێت(ماددەی١٢٠)، بۆ مەراسیمی دەستبەکاربوونیشی دەبێت بچێتە تەلاری پەرلەمان و بە ئامادەبوونی هەریەک لە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و ئەندامانی شورای نیگەهبان، سوێندی یاسایی بخوات، لێرەوە بەرپرسیارێتییەکە هەڵدەگرێت و بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم خەڵک و ڕێبەری باڵا و پەرلەماندا(ماددەکانی١٢١و١٢٢).

دیارترین دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار ئەمانەن: دیاریکردنی ئەنجومەنی وەزیران و لابردنی هەر وەزیرێکی کابینەکەی هەیە، بەڵام بۆ دانانی هەر وەزیرێک پێویستە وەزیری پێشنیارکراو متمانەی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، هەروەها دەسەڵاتی دانانی سەرۆکەکانی دامەزراوەکانی بودجە، میراتی کولتووری، پیشەی

دەستی و گەشتوگوزاریی، وزەی ئەتۆم، ژینگە و بانکی ناوەندی هەیە. ئیمزای پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی لە ئەستۆیدایە(پاش ئەوەی لە پەرلەمان پەسەند دەکرێن). دەتوانێت داوای دانیشتنی نهێنیی پەرلەمان بکات، مافی هەیە بەشداری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکات(بەبێ دەنگدان). سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی دەکات، بەڵام پێویستە بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە پەسەندنامەی ڕێبەری باڵای شۆڕش وەربگرن.(ماددەکانی ١٢٢-١٢٩، ١٣٣-١٣٦و١٣٨)

لەئەگەری مردن، لادان، دەستلەکارکێشانەوە و نەخۆشییەک لە دوومانگی زیاتر دەوام نەکات، یاخود لەئەگەری هەڵنەبژاردنی سەرۆک کۆماری نوێدا بە هەر هۆیەک بێت، یاریدەدەری یەکەمی سەرکۆمار کاروبارەکان لەئەستۆ دەگرێت و ئەنجومەنێک لە سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و یاریدەدەری یەکەمی سەرۆک پێکدەهێنرێت، تا لەماوەی ٥٠ ڕۆژدا(نەک زیاتر) هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئامادە بکەن و سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت.(ماددەی١٣١)

بۆ لێپێچینەوە و پرساندنیشی، ئەوا بە دەنگی یەک لەسەرچواری ئەندامانی پەرلەمان پێویستە بچێتە پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، بۆ دەستپێلەکارکێشانەوەش بە دەنگدانی سێ لەسەرچواری ئەندامان و بە ڕەزامەندیی ڕێبەری باڵا لەکاردەخرێت.(ماددەکانی ١٣٠-١٣٢)

## پێگە و تەگەرەی بەردەم سەرکۆمار

هەڵسەنگێنەرانی سیستەمی سیاسیی و بەتایبەت پۆستی سەرۆکایەتی، لەباوەڕەدان کێشە و کۆسپی بەردەم دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار، بریتیە لە پەیوەستییەکانی ئەم پۆستە لە سێ ئاستدا: ١.هەر لە پاڵفتەی پاڵێوراوەکانییەوە تا دەگاتە سوێندخواردن و لادان یان تەواوبوونی ئەرکەکەی، کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتێکی سەرووی خۆیەوە(ڕێبەر)، ٢.هەروەها پرۆسەی چاودێریی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و پەسەندکردنی دەنگەکانی(شورای نیگەهبان)، ٣.لێپێچینەوە و بەرپرسیارێتییەتی لەبەردەم دەزگایەکدا لەکاتێکدا ئەو هەڵینەبژاردووە(پەرلەمان)، لەمەدا گەرچی سیستەم لەسەربنەمای ویلایەتی فەقیە و کۆمارییە بەڵام بۆ لادان و لێپرسینەوەی سەرکۆمار بووەتە پەرلەمانی!

گرفتێکی دیکەی سەرەکی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی، لە ماددەی١١٨دایە، کە تێیدا چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری(بە پێی ماددەی٩٩) خستووەتە ئەستۆی شورای نیگەهبان (ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور) کە دەزگایەکی هەڵنەبژێردراوە(لە زۆرێک وڵات ئەم پرۆسەیە کۆمسیۆن و دەسەڵاتی دادوەریی ڕێکی دەخەن). کە تێیدا لە پرۆسەی پاڵفتەکردن و پشکنینی باوەڕەکانی کاندیدەکانەوە دەستپێدەکات تا پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. دەسەڵاتێکی کاریگەری ئەم شورایە، ڕەتکردنەوەی کاندیدەکانە.

ئەم ئەنجوومەنە لە نۆ خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییدا، هەشت خولی چاودێریی کردووە(لە خولی یەکەمدا دانەمەزرابوو)، لە دووەمین خولی هەڵبژاردنەوە بەمشێوەیە خۆپاڵێوەکانی رەتکردووەتەوە و کەمینەیەکی وەک پاڵێوراو پەسەندکردووە: خولی دووەم لە ٧١ کەس خۆیان بەربژێر بۆ سەرۆکایەتی کرد تەنها چواریان پاڵیوران، خولی سێیەم لە ٤٥کەس چوار پاڵێوراو، خولی چوارەم لە٥٠کەس سێ پاڵێوراو. خولی پێنجەم لە ٨٠ کەس دوو پاڵێوراو. خولی شەشەم لە ١٢٨کەس چوار پاڵێوراو، خولی حەوتەم لە ٢٣٨کەس چوار پاڵێوراو، خولی هەشتەم لە ٨١٤کەس ١٠ پاڵێوراو، خولی نۆیەم لە ١٠١٤کەس شەش پاڵێوراو، لەخولی دەیەمیشدا تەنها چوار پاڵێوراو، خولی یانزەش لە ٦٨٦کەس نۆ پاڵێوراو و لە دوا خولیشدا(دوانزەیەم) لە ١٦٣٦کەس تەنها شەش پاڵێوراو پەسەندکران و ململانێیان کرد، لە کاتێکدا بەشێکی دیاری پاڵێوراوە ڕەتکراوەکان لە سەرانی شۆڕش و بەشداری بڕیاری سیاسیی و لە هەرەمی سەرەوەی دەسەڵاتدا بوون، وەک ڕەفسەنجانی، خاتەمی، ئەحمەدی نەژاد و تاد.[13]

گرفتێکی دیکەی دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار، بەکردەیی هەندێ دۆسێی لەدەستدا نییە، وەک وەزارەتی بەرگریی، دەرەوە، سوپا، ئەتۆم، ئیمام جومعەکان (کە لەهاندان و ئاراستەکردنی

[13] . اصغر شیرازی(١٣٩٠): نظام جمهوری اسلامی ایران، کتاب چشم نداز، پاریس، ص١٠٢-١٠٣

خەڵکدا کاریگەرن و ڕێبەر دایان دەنێت)، دانووســـتاندن و داهاتی شـــوێنەپیرۆزەکان و دەزگائایینەکان، کە ئەمانە ڕاســـتەوخۆ پەیوەســـتکراون بە دەســـەڵات و هەژموونی ڕێبەرایەتییەوە. بۆیە وەک نەریتێکی ســـیاســـی لێهاتووە کە زۆبەی کات لە کۆتایی خولەکانیاندا کەوتوونەتە بەر ڕەخنەی ڕێبەر و لایەنگرانی، ئەم پشـــتتێکردنەی ڕێبەریش لەبەنی ســـەدرەوە تا ڕۆحانی بەدی دەکرێت تەنها ســـەردەمی ســـەرۆکایەتی ڕەجایی و خامینەییدا نەبێت، یەکەم لەبەرئەوەی لە مانگی یەکەمیدا کوژراو و دووەمیش خومەینی مرد و خۆی بوویە ڕێبەری باڵا.[١٤]

ئەم گرفتانە کێشـــەی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکان و پلانەکانیشـی درووسـتکردووە، تەنانەت بەهۆی بەرپرسـیارێتی و چاودێریی شـــورای نیگەهبانەوە لەســـەر پرۆســـەی هەڵبژاردنی ســـەرکۆمار، ئاراســـتەی پرۆســـەی ســـیاســـیی و کاڵکردنەوەی ئۆپۆزســـیۆنی نێوخۆیی و پەراوێزخســـتنی چەندین حزب و ئاراســـتەی ســـیاســـیی لێکوتووەتەوە و بەجۆرێک بەهۆی پاڵفەتەکردنی کاندیدەکانی ســـەرکۆمارییەوە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەلاحییاتەکانیشیان تێکەڵبوون، چونکە لەڕووی ئاراستەی سیاسییەوە نزیکبوونەتەوە لەیەکتر و ناتوانن چاودێری ســـەر یەکتر بن و ئەگەرەکانی بەردەم خەڵک لە دەنگدان زۆر بەرتەسک و سنووردار کراوە، چونکە کاندیدەکانی سەرکۆماریی

[١٤] . عبدالسلام سلیمی(٢٠١٧): دلایل بروز اختلاف بین روسای جمهور ایران با رهبر این کشور، سایت خبرگزاری آناتولی (تاریخ دسترسی ٢٠٢٢/٦/٤): http://bitly.ws/rZof

بە جۆرێـک ئەنـدازیـاریی دەکرێن ئەو کەســـــانە دەردەچن کە لایەنگریی نوخبەی دەســـەڵات و دەوڵەتی قوڵی ئێرانن. ئەمەش لە هەڵبژاردەنەکانی ٢٠٠٩دا بەڕوونی دەرکەوت و لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣شدا نیوەی باڵی شۆڕشی ئیسلامیی(ڕیفۆرمخوازان) پاسیڤ کرا و کاندیدەکانیان ڕەتکرانەوە و بەشدارییان پێنەکرا.

## پەرلەمانی ئێران؛ لە فشاری کردنەوەی خولی یەکەمەوە تا پشتتێکردنی

هەڵبژاردنی خولی یانزەیەمی پەرلەمانی ئێران لە باردودۆخێکی "سارد" و "توند"و "نالەباری ئابووریی و تەندروستی"دا تەواو بوو. ئێرانییەکان بە خوێن و گیان یەکەمین خولی پەرلەمانی ئێرانیان چەسپاند، کاتێکیش داخرا خەڵک شای قاجاریان ناچارکرد، دەرگای پەرلەمان بکاتەوە، ئێستا پاش ١١٤ساڵ، ئاماری کەمی بەشداریی خەڵک دەریخست، زۆرینە پشتیکردووەتە ئەو پەرلەمانەی کە سەرەتا قوربانییان بۆ بەخشی و بە فشار کردیانەوە. پاش خولی یانزە ئاماژەکان دەڵێن وەرچەرخان لە تێفکرینی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵکی ئیراندا ڕوویداوە؛ بۆچی ئەمە ڕوویدا؟

یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٦ز، پاش شۆڕشی مەشروتەی ئێرانی و لەسەر خواستی مەشروتەخوازان(ڕیفۆرمخوازان)، ئەوسا دەوڵەتی قاجار ناچارکرا پەرلەمان دابمەزرێنێت و یەکەمین خولی بپەسەندێنێت. بەڵام پاش دوو ساڵێک (١٩٠٨ز) هەمان پەرلەمان لەلایەن محەمەد عەلی شای قاجار و هێزەکانی قوزاقەوە داخرا و تۆپباران کرا. هێندەی نەبرد لەڕێی فشاری شۆڕشگێڕانی چاکسازیخوازەوە، جارێکیتر هەم تاران کەوتەوە دەستیان و هەم دەرگای پارلەمانی یەکەمیش کرایەوە. بەهەق ئەو خولە پەرلەمانێکی دامەزرێنەر بوو،

یەکەمین دەستووری نوسراوی ئێرانیش هەر لەم پەرلەمانەوە نوسرایەوە[١٥]، هەر ئەوکات کۆشکی گوڵستان کرایە یەکەمین باڵەخانەی پارلەمان، (کە ئێستا کراوەتە مۆزەیەکی مێژوویی و ڕۆڵی سیاسیی ناگێڕێت)، بینای هەنووکەی پەرلەمان دەکەوێتە گەڕەکی بەهارستان. ناوی پەرلەمانیش بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩ەوە، لە مەجلیسی شورای نەتەوەیییەوە گۆڕدرا بۆ "مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران".

ئێستا پاش ١١٤ساڵ لە کردنەوەی پەرلەمان، کەمترین ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران، لە تەمەنی چل ساڵەی شۆڕشدا بۆ خۆی تۆمار دەکات کە بە گوێرەی ئاماری ستافی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، ڕێژەی بەشداری ٤٢٪ی تێپەڕ نەکرد، گەر باوەڕ بەم ئامارەش بهێنین، هێشتا نیشانەی پشتێکردنێکی قۆناغییە و دەبێت لە سەرچاوەکانی ئەم دڵساردییە بڕوانرێتەوە.[١٦]

داخستنی ساڵی ١٩٠٨ی پەرلەمانی ئێرانی، هۆکارەکەی ئەوەبوو کە پەرلەمانێکی مەشروتەخواز و پەرلەمانتارێکی قسەکەر لەگەڵ سەلیقە و نیازی تاکڕەوانەی شادا تەبا نەبوو، بەڵام خەڵک دەیوویست پەرلەمان جەماوەریی و دەسەڵات هی خەڵک و سەلیقەی شا–ش لە ڕکێفی دەنگدەردا بێت بۆیە بە دڵگەرمی بە فشار دەوڵەتییان ناچار کرد مل بدات. خەڵکی ئێران ١١٥ساڵ زیاتر خەباتی بێووچانی بۆ دەوڵەت و سیستمێکی

---

[١٥] . اروند ابراهامیان(١٣٩٠): تاریخ ایران نوین، ترجمه: شهریار خواجیان، نشر دات، تهران، صص٧٧-٩٢.
[١٦] . انتخابات مجلس یازدهم و رکورد کمترین میزان مشارکت(٢٠٢٠): http://bitly.ws/rZoM

پەرلەمانییە، لە نیوەی ڕێدا و لەسەردەمی محەمەد مووسەدەقی سەرۆکوەزیرانیشدا دیسانەوە ئەو خەڵکە پێفشاری خۆی بۆ ژیانێکی پەرلەمانی و سیاسەتێکی هەڵقولاو لەناو خەڵکەوە دووپاتکردەوە، بەلام سالانێکە لە بری دڵگەرمی خەڵک بۆ تاقانە دەسەلاتیی جەماوەیی خۆی، نەک دڵی لەو دەزگایە ساردە، بەڵکو هەندێکجار بە زیادە دەزانرێت و نوکتە و بە کۆمیدیکردنی لەبارەی ڕۆڵی پەرلەمان و پەرلەمانتاران نموونەی بە بچووک سەیرکردنی دەزگاکەیە و پشتێکردنی جەماوەرەکەیەتی.

هۆکارگەلێک هەن ڕۆڵی پەرلەمانیان لە ئێراندا بەرەو لاوازی بردووە و ناتوانێت ئەو پەرلەمانە بێت کە بزوتنەوەی مەشرووتەخوازی دایمەزراند:

- لە ڕووی تەکنیک و ڕەوایەتی دەنگدان و کاندیدەوە، فلتەرەکانی شورای پاراستنی دەستوور و پالێوەرەکانی(فلتەرەکان) دیاریکردنی کاندید هۆکاری دیکەی دلساردی خەڵک بوون، ئاخر کێبرکێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەسەر ٢٩٠ کورسی پەرلەمانە، بەلام لە کۆی ١٦٠٣٣ کەس کە خۆی بۆ ئەندامێتی پەرلەمان کاندید کرد، تەنها ٧١٥٧ کەس لە لایەن شورای پاراستنی دەستوورەوە پەسەندکراوون. ڕاستییەکەی سالانێکە ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور، کێشەی ڕەوایەتی بۆ هەڵبژاردنانی پەرلەمان، ئەنجومەتی شارەزایان، پارێزگاکان و سەرکۆماری دروستکردووە، چونکە ئەم دەستەیە بووەتە هۆکاری ڕەتکردنەوەی کاندیدەکان، بە جۆرێک لە یانزە

ســاڵی ڕابردوودا، وەک نەریتێکی خراپی ســیاســیی بە هۆی ئەم دەزگایەوە ڕێژەی کاندیدە ڕەتکراوەکان چەند هێندەی کاندیدە پەسەندکراوەکانن.

- لەڕووی کاریگەرییەوە؛ سیســتەمی ســیاســیی ئێران، ســیســتەمێکی تایبەتی تێکەڵە، ئاوێتەیەکی ســیســتەمەکانی ســەرۆکایەتی، پەرلەمانی و پابەندی ئامانجگەرایە، پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی، لوتکەی هەرەمی دەسەڵات نییە[١٧]، لەم ساڵانەشدا بەهۆی تەبایی سێ دەسەلاتەکە هەریەک لە ڕۆحانی-لاریجانی-لاریجانیورەئیسی وەک سێ برا دەرکەوتن تا سێ دەسەڵاتی جیاواز، بەمشێوەیە تەوافوقی سێ دەسەڵات ئیرادەی پەرلەمانی لاوازتر کرد.

مەسەلەیەکی دیکە دڵڕەنجاندنی پێکهاتە ئاینی-مەزهەبی و نەتەوەییە جیاوازەکانی ئێرانە، کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی دابینکردنی زیاتری ماف و مافی خوێندنی زمانی دایک و پۆستی باڵا و...تاد دەدرێت و دواجار هەوڵەکان بێئاکام دەمێننەوە و مانەوە.

ئەمانە کێشــەی هەنووکەیین و وایانکرد کە نیگەرانی لای خەڵک زێتر ببێت و دەزگای پەرلەمانیش وادەربکەوێت لەبری بەدواداچوونی کێشە و قووت و ئیرادەی ئەو خەڵکەی قوربانی بۆ کردنەوەی داوە، زیاتر لەگەڵ ســێ دەســەڵاتەکەی دیکەدا

[١٧] . ستار جبار علای(٢٠١٤): نفس المصدر، ص٤٧-٨٦.

دەســـــتلەملان بێــت و هێنــدەی نوێنەری نوخبەی دەوڵەت و سیستمەکە بیت نەیتوانیوە داکۆکیکاری خەڵک بێت، هەڵبژاردنیش لەم دواییانەدا زۆرتریش وەک جۆرە مانۆڕ و نمایشـێک بووە بۆ وەلای خەڵک بۆ ســیســتەمی ســیاســیی نەک کاراکردنی ڕۆڵی پەرلەمان کە چاودێریی و لێپرسینەوەی دەسەڵاتەکانی دیکەیە.

ئەم هەڵوێستەی خەڵک بەرامبەر پەرلەمان، وەرچەرخانێکە و پێویستی بە وردبووەنەوەیە، گۆڕانی ڕەفتارییە لە زەینی خەڵکدا بەدرێژایی ١١٤ساڵ، کە لەئامێزگرتن و بەزۆر کردنەوەی دەرگای پەرلەمانەوە گۆڕدراوە بۆ پشــتێکردن و بەتەنز و نوکتەکردنی کارەکانی هەمان دەزگا.

## پێگەی پەرلەمــان و ڕادەی ڕەوایەتــی هەڵـبـژاردن و نوێنەرایەتیکردنی خەڵک

چەند مەســەلەیەک، ســەنگی پەرلەمان و دەســەڵاتەکانی لاوازکردووە:

١. جۆری سیستمی سیاسیی ئێران، سیستمێکی تێکەڵە، لە ســیســتمەکانی ســەرۆکایەتی، پەرلەمانی و پابەندی مەزهەبیە، لە چەندین جومگەی سیستمەکەشدا سیستمێکی تاکڕەوی دینگەرایە و لوتکەی دەســەڵاتەکەی(ڕێبەر) بە پێی دەســتووی ئێران هەم تا کۆتایی ژیانی ڕێبەرە هەم دەســـــەڵاتی ڕەهای ناپابەندی هەیە لەهەمبەر پەرلەمان و خەڵک و یاسادا.

پێویســـــتە لەوە تێبگەین، هەڵبژاردنی پەرلەمــان و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی ئێران، لوتکەی هەرەمی دەسەڵات نین و

تەنها چاودێریکاری حکومەت و لایەنێکی سـەرەکی دەرکەری یـاسـاکـانن، بەڵام ڕێنمـایی ڕێبەر و دامەزرانـدنەکـانی و دەسەڵاتەکانی، بە جۆرێک لە جۆرەکان بە پێی دەستووری ئێران، حوکمی یاسـاییان هەیە بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان. پەرلەمان ناتوانێت نە لێپێچینەوە لە ڕێبەری باڵای شـۆڕش بکات و نە لە هەڵبژاردن و لادانیدا ڕۆڵی هەیە. جیا لەوەش پەرلەمان ناتوانێت یاسـایەک دەربکات پێچەوانەی بنەما و ئەحکامە مەزهەبییەکانی شیعەی دوانزە ئیمامی بێت کە تاقەمەزهەبی دەوڵەتە(بنەمای ٧٢ی دەستوور).

٢. فلتەرەکانی شـورای پاراسـتنی دەسـتوور (شـورای نگهبان کە ١٢ ئەندامن و شـەشـیان راسـتەوخۆ ڕێبەر دایان دەنێت)، کێشـەیەکی ترن، ئەم دەزگایە ئێسـتا کاندیدەکان لە فلتەر دەدات و تۆمەتبارە بەوەی کە کاندیدەکان بە پێی لاگیری ڕەوتە سـیاسـی، مەزهەبیەکان پەسـەند دەکات، گەرچی لە بنچینەدا بۆ چارەسـەر و ڕاگرتنی پێگە و سیسـتمی سیاسـیی ئیرانە و لە ١٢ ئەندامی نیوەبەنیوەی یاسایی و شەرعزانی مەزهەبی پێکهاتووە و بە هەڵبژاردن دانـانڕین، بەڵام سـاڵانێکە خودی ئەم دەزگـایە کێشـەی ڕەوایەتی بۆ هەڵبژاردنـانی پەرلەمـان، ئەنجومەتی شـارەزایان، پارێزگاکان و سـرکۆماری درووسـتکردووە، چونکە ئەم دەسـتەیە بووەتە هۆکاری ڕەتکردنەوەی کـاندیدەکـان، بە جۆرێک کە لە یـانزە سـاڵی ڕابردوودا، وەک نەریتێکی خراپی سـیاسـیی بە هۆی ئەم دەزگایەوە ڕێژەی کاندیدە ڕەتکراوەکان

چەند هێندەی کاندیدە پەسەندکراوەکانن. تەنانەت لە چەندین بازنەی هەڵبژاردندا، تەنها ئەو باڵە بناژۆخوازە نزیک لە ڕێبەری شۆڕش(وەلائی) پەسەندکراون، لە زۆر بازنەش تەنها یەک کاندیدی بناژۆخوازی وەلائی بوونیان هەیە، بەمەش ئەو کاندیدانە پێشوەخت سەرکەوتوون.

٣. مەسەلەی پێکهاتە ئاینی-مەزهەبی و نەتەوەییە جیاوازەکان لە شیعەی ئیمامی و غەیرە فارسی وەک کورد، بەلوچ، عەرەب و ئەرمەن، کە ئەمانە لە ناو دەستوور و پێکهاتەی پەرلەمانی ئێرانیدا یان جێگەیان نییە، یان جێگەیان زۆر لێژە، وایکردووە، هەرکاندیدێک دەربچێت بە پێی دەستوور و مەرجەکانی پەسەندکردنی وەک کاندید، لە دەرچەی پرۆسەکەدا(Output) یان دەچێتە ناو مەکینەی نەتەوەی سەردەستەوە، یان دەبێتە خزمەتکاری مەزهەبی سەردەست. ئەمەش وایکردووە، تا ڕادەیەک پێگەی خەڵکیبوونی پەرلەمانی لای وەڵاتیانی ئێرانی لاوازتر بنوێنێت.

ئامارەکانی کاندیدانی ڕەتکراوە و لیستی کاندیدە پەسەندکراوەکان، نیشاندەری ئەوەن کە چەند ڕوداوێکی ئەنقەست و داکەوتەی سیاسی، هاوکار و هەلێکی لەباریان داوەتە لایەنگرانی شۆڕشی ئیسلامی ئیتر چ بناژۆخواز بن یان ڕیفۆرمیستی نێو شۆڕش، هەمیشە زۆرینەی ڕەهای پەرلەمانی بگرنەدەست، نەک خەڵکانی دەرەوەی ئەو دیدگایە.

بۆیە هەردەم پەرلەمـان لە ئێرانـدا وەک بەشـــێک لە سیستەمی ئیسلامیی و تەواوکاری حکومەت و سیاسەتی گشتی و شوێنکەوتەی ئاراستەی ڕێبەرایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەک پاشـــکۆیەکی دەزگـا دەوڵەتییەکـان نمـایش دەبێـت تـا دەزگایەکی بەهێزی هەڵبژێردراوی نیو خەڵک و خاوەن ڕەوایەتی.

## شورای پاسەوان؛ پێگەی لە سیسستەمی سیاسی و ڕۆڵی لەهەڵبژاردنەکاندا

شورای پاسەوان(شورای نگهبان)(مجلس الصیانة)، ساڵی ١٩٧٩ و سەرەتای شۆڕش دامەزراوە. خاوەنی دەسەڵات و پێگەیەکی کاریگەرە، ڕۆڵی کردەیی هەیە لە ئاراستەکردنی بڕیاری سیاسی و هەژموونێکی فراوانی هەیە لە دەستنیشانکردنی نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتداری وڵات و سیاسەترێژی گشتییدا. چونکە لە پارێزگاریی ئیسلامێتی دەسەڵات و ڕاڤەی دەستوور، دەرکە و دەرچە(Input & Output)ی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمار، پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایان-یش لە جڵەوی وی دایە.[١٨]

پێشینەی ئەم دەزگایە بۆ سەرەتاکانی شۆڕش دەگەڕێتەوە و بە تایبەت کاتێک کە سەرکردەکانی شۆڕش دەیانوویست دەستووری وڵات دابڕێژن، داڕێژەرانی دەستوور بۆ پارێزگاری و چاودێریی جێبەجێکردنی دەستوور، دەزگای شورای پاسەوانی دەستووریان پێشنیار کرد، بەڵام لە دەستووردا ناوەکەی هەر بە شورای پاسەوان بەبێ پاشگری "ی دەستوور"، هاتووە.

---

[١٨] . پێگەی فەرمی شورای پاسەوان (نگهبان)(٢٠٢٢): معرفی شورای نگهبان، https://www.shora-gc.ir/fa/about

زۆرجـار لە میـدیـاکـان و توێژینەوەکـانـدا، بە هەڵە لە ناوهێنانی شـورای پاسـەوان پاشـگری "دەسـتوور"ی بۆ ئیزافە دەکرێت، ڕاسـتییەکەی چ لە ناوە ڕەسـمییەکەی شـوراکە و چ لە دەستووردا پاشگری دەستوور بە شوراکەوە نییە، ئەمەش بێهۆ نییە و بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شـورای پاسـەوان هەڵگری هەردوو دەسـەڵاتی شـەرعی-دینی و دەسـتوورییە، تەنها ئەرکی پاراستنی دەستوور نا بەڵکوو سـەرجەم ئەرک و چاودێرییەکانی لەڕوانگەی پێوەرەکانی ئیسـلامی شـیعی و پاشـان دەسـتوور ئاراسـتە دەکات. بۆیە شـورای پاسـەوان، پاسـەوانی ئیسـلامی شیعی(دوانزەئیمامی) و دەستووری ئێرانیشە.

شـورای پاسـەوان، یەکێکە لەو سێ دەزگایەی کە سـەربە دەسـەڵاتی یاسـادانان(تشـریعی)یە و دەزگایەکی ناهەڵبژێردراوی نێو هەرەمی سیسـتەمی سیاسـییە لە کۆماری ئیسـلامی ئێراندا، پێکهاتەی ئەندامیی ئەم شـورایە لە دوانزە(١٢)کەس پێکهاتووە، شـەشـیان(٦) "موجتەهید"ن و "شـارەزای کاروباری مەزهەبی"ن ،کە ڕاسـتەوخۆ دانراوی ڕێبەربالاَن و شـەشـەکەی(٦) دیکە هەڵبژێردراوی سـەرۆکی دەسـەڵاتی یاسـادانانن، پـاش دەستنیشـانکردنیان ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێن و لەوێوە پەسـەند دەکرێن.(ماددەی٩١ی دەستوور)

تەمەنی هەر خولێکی ئەم شـورایە شـەش(٦) سـاڵە، بەڵام لە یەکەمین خولیدا و لە نیوەی خولەکەدا واتە لە سـێ سـاڵدا، نیوەی ئەنـدامەکـانی هەردوو گرووپی یـاسـایی و مەزهەبی

بەشـــێوەی تیرووپشـــک دەگۆڕدرێن، ئەنـدامی نوێ دەخرێنە شوێنیان(ماددەی٩٢ی دەستوور).

ســـکرتێر، باڵاترین پۆســـتی ئەم دەزگایەیە و لە ســـاڵی ١٩٧٩ەوە، سێ سکرتێری بینیووە و هەرسێک کەسایەتیی ئایینی بوون: صـــافی گولپایەگانی خولی یەکەم و محەمەد محەمەدی گیلانی خولی دووەم و لە خولی سێیەمیشەوە تا ئێستا کە خولی حەوتەمییەتی و تا ســـاڵی ٢٠٢٢کۆتایی خولی حەوتەمە، ئەحمەد جەننەتی[١٩] (٩٦ســـاڵە) ســـکرتێریەتی و هـاوکـات ســـەرۆکی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەرییشە.

ئەرکی سەرەکی و دەستووری ئەم شورایە بریتییە:

- ســـازاندنی یاســـا پەســـەندکراوەکانی پەرلەمان لەگەڵ ئیسلام و دەستووری وڵاتدا(ماددەی٩٤و٩٦ی دەستوور).

- ڕاڤەی دەستوری وڵات بە پێی ڕەزامەندی سێ لەسەر چواری ئەندامەکانی(ماددەی٩٨ی دەستوور).

- چاودێریی هەڵبژاردنەکان و گشـتپرسـیی(ماددەی٩٩ی دەستوور).

هەروەها یەکێکیشـە لەو دەزگایانەی کە لە داڕشـتنەوە و هەموارکردنەوەی دەســـتووری وڵاتدا ڕۆڵی هەیە(ماددەی١٧٧ی دەستوور).

[١٩] . بۆ خوێندنەوەی ژیاننامەی ئەحمەد جەننەتی، بڕوانە: http://bitly.ws/rZp٨

## پێگەی شورای پاسەوان لە هەرەمی سیاسییدا

بۆ دەرخستنی پێگەی ئەم شورایە، پێویستە لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێت، یەکەم لەڕوانگەی سەرچاوەی ڕەوایەتی و دامەزراندنییەوە، دووەم لە ڕوانگەی کێڵگە و ئەنجامەکانی کارکردنی. واتە ئایا سەر بەچ پێگەیەکی دەستووریی و وابەستەی چ ئۆرگانێکی بالای سیستەمی سیاسییە؟

شورای پاسەوان، باڵێکی ڕەوایەتیی خۆی لە دەستوورەوە وەرگرتووە و هەر خۆشی تاقانە سەرچاوەی ڕاڤەکردنی بەندەکانی دەستوورە. هەریەک لە ماددەکانی ٩١تا٩٩ی دەستووری وڵات، پەیوەستن بە ئەرک و دەسەڵات و شێوازی دیاریکردنی ئەندامانی ئەم شورایەوە.

باڵەکەی دیکەی ڕەوایەتی شوراکە، لە پەیوەستییەکانی ئەم دەزگایەوە دێت، کە لە ڕووی دانانی ئەندامەکانییەوە سەر بە دەزگا و ژێرگرووپی دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵایە، چونکە نیوەیان ئەو دایان دەنێت و نیوەکەی دیکەشیان سەرۆکی دەزگای دادوەریی نیشانەیان دەکات کە دیسان هەر ژێرگرووپ و هەڵبژێردراوی ڕێبەرە(بڕوانە بەندەکانی٥٧و١١٠ی دەستوور). کەواتە لەڕووی پێگە و سەرچاوەی ڕەوایەتی دەسەڵاتییەوە شورای پاسەوان کەوتووەتە نێوان سێکوچکەی دەستوور-ڕێبەرایەتی-سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری. بۆیە ڕەتکردنەوەی بڕیارەکان و ڕێکارەکانی کارکردنی و بگرە چاکسازیی لە دەسەڵاتەکانیشیدا، سەخت و دژوارە.

## شورای پاسەوان و هەڵبژاردنەکان

بۆ شــورای پاســەوان، ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەبێــت، ئەوەیە کە ئەرکی چــاودێریکردنی هەڵبژاردنەکــانی ســـەرۆکایەتی و پەرلەمان و ئەنجومەنی شـــارەزایانی دەکەوێتە ئەســـتۆ(ماددەی٩٩)، چونکە بەوپێیەی کە خۆی لایەنی ڕاڤەکاری دەســـتووریشـــە بەوشـــێوەیە ڕاڤەی کردووە کە چاودێریی هەڵبژاردنەکان تەنها چاودێریی پرۆســـەکە نییە بەڵکو بەهۆی ئەرکەکانی دیکەیەوە کە پێشـــتر باســـکرا، پێویســـتە لە هەرســـێ پرۆسەی دیاریکردنی پاڵێوراو، چاودێریی پرۆسەی بەڕێوەچوون و هەڵبژاردنی کـاندیـدەکـان(بـاوەڕ و ئینتیمـا) و پـاشــــان لە پەســـەندکردنیشـــیاندا ڕۆڵی هەبێت، کەواتە لە ئەلف تا یای هەڵبژاردن (کاندیدبوون، پەسەندکردن و ڕەتکردنەوە) ڕۆڵی هەیە. تەنـانەت بۆ دەزگـایەکی وەک پەرلەمـانیش کە ڕاســـتەوخۆ ئەندامەکانی پێویســـتە هەڵبژێردراوی خەڵک بن، لە دەســـتووردا هاتووە کە پەرلەمان هیچ ئیعتیبارێکی نییە بە بێ بوونی شــورای پاسەوان(ماددەی٩٣ی دەستوور).

لەهەڵبژاردنەکــانی ئێرانــدا و جۆری پــاڵێوراوەکــان و پشـــکنینی باوەڕەکانیان بە مەزهەبی شـــیعەی دوانزەئیمامی و بە شۆڕشی ئیسلامی، ڕاستەوخۆ بە پێی دەستوور و ڕاڤەکانی، چ لە پەسەندکردنیان و چ لە ڕەتکردنەوەیاندا، لەژێر چاودێریی شورای پاسەواندایە.

هەربۆیە لە هەڵبژاردنەکانی ســـەرۆکایەتی، پەرلەمان و شـارەزایانی ڕێبەریی، ژمارەی کاندیدەڕەتکراوەکان چەند هێندەی پەســـەنکراوەکانن، لەوەش بترازێت، هیچ کاندیدێک لەدەرەوەی گووتاری نوخبەی دەســـەڵاتداریی شـــیعە پەســـەند نەکراوە بۆ بەشـــداریی لە هیچ هەڵبژاردنێکدا، تەنانەت بە ســـوننەمەزهەب و زەردەشتی و ئاینەکانی دیکەشەوە، پێویست بووە باوەڕی خۆیان بە ئیسـلامێتی، شیعەێتی شۆڕشی ئیسلامی و دەسەڵات لەئێراندا و شــوناســیی هەنووکەیی دەوڵەت بســەلمێنن، گەرنا لە یەکەمین فلتەری خۆپاڵاوتندا ڕەتدەکرێنەوە.

بەگوێرەی ڕاڤەی شـــورای پاســـەوان، ڕاشـــکاوانە ئەم ڕەتکردنەوانە بەئەرکی خۆی دەزانێت و ئاوا تەفسیری دەکات، کە ئەرکییەتی شایستەیی و ناشایستەیی هەر هاوڵاتییەکی ئێرانی کە خۆی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی هەر پۆســـتێک لە ســـەرکۆمار، پەرلەمانتاری و ئەندامێتی ئەنجوومەنی شـارەزایان، دیاریی بکات و چاودێریی و هەڵســـەنگاندنی نێوەڕۆکی و شـێوەیی بۆ بکات و بڕیاری لەسەر بدات. بەمشێوەیە شوراکە دەرچەکانی هەڵبژاردنی لەڕیی جۆری کاندیدەکانەوە دیاریی دەکات و ئیتر سرووشتیە کە دەرکەکان و ئەنجامەکانی بە دڵی نوخبەی دەســـەڵاتداری نێو شۆڕش دەکەوێتەوە.

دەردەکەوێت نێوەڕۆک و بڕیاردان لەســـەر کاندیدەکان، ئەندازەکردنی ململانێکانی هەڵبژاردن، پەسەندکردنی پرۆسـەکە و ئەنجامەکانی لەدەســـتی شـــورای پاســـەواندایە، بەڵام لایەنی

کارگێڕیی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی وڵات.

نەک هەر ڕەخنەگرانی سیستەمی سیاسیی و ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی ئێران، بگرە هێز و ئاراستە سیاسییەکانی نێو خودی شۆڕشیش ڕەخنەی زۆر لە ڕاڤەی بڕگەی "چاودێریی هەڵبژاردنەکان" دەگرن و لەوێشەوە تیری ڕەخنەکانیان ڕاستەوخۆ لە شورای پاسەوانە، چونکە پێیانووایە بووەتە سەرچاوەی ئەندازەکردن و بڕیاردەر لەسەر ئاراستەکردن و خاوکردنەوەی ململانێکان و یەکدەستکردنی دەسەڵات و ڕێگەخۆشکردن بۆ درێژەدان بە بڕیاردانی تاکلایەنانە و سنووردارکردنی مافی خەڵک لە هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیاندا. هەروەها هەندێک لەسەرانی نێو شۆڕش، ئەم پرۆسەیە بە کارتی فشاریی بناژۆخوازەکانی نێو سیستەمی سیاسیی لەقەڵەمدەدەن و پێیانووایە کێشەی قوڵی ئەم شورایە ئەوەیە لەبەردەم پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایاندا بەرپرسیار نییە و هیچ دەزگایەکی هەڵبژێردراو ناتوانێت لێپێچینەوەی لێ بکات.

لەنێو ئێراندا، چەندین جار هەوڵدراوە چاوخشاندنەوە و ڕاڤەکردنێکی نوێ بۆ چەمکی "چاودێریی هەڵبژاردنەکان لەلایەن شورای پاسەوانەوە"، بێتەئاراوە و یاسایی بکرێت، بەڵام تا هەنووکە شکشتییان هێناوە و شوراکە بەردەوامە لە ئەندازەکردن و ئاراستەکردنی پۆستەکان، بە پێی هەڵسەنگاندنە باوەڕیی و سیاسیی و سەلیقەییەکانی خۆی.

# ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەریی؛ پێشینە و ڕۆڵ و هەڵبژاردنی

## مەبەستی پێکهێنانی

یەکێک لەو دەزگا هەستیارانەی لەئێراندا (بەهۆی ئەرکە دەستوورییەکەیەوە هەیەتی، دەزگای ئەنجوومەنی شارەزایانە(مجلس خبرگان رهبری) کە ڕاستەوخۆ ئەرک و کار و مەبەستی دامەزراندنی پەیوەستە بە دەزگای ڕێبەرایەتییەوە کە لوتکەی هەموو دەسەڵاتەکانی دادوەری، یاسادانان و جێەجێکردنە. گەرچی ئەرکی ئەم دەزگایە سنووردارە و کەمترین کۆبوونەوە دەکەن، بەڵام لەدەسەڵاتییاندایە چاودێریی ڕێبەر و ئەرکەکانی بکەن و تەنانەت دەتوانن ڕێبەریش لابدەن یاخود لێپێچینەوەشی لێ بکەن، گەرچی ئەمە هیچکات لەمێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕووی نەداوە، بەڵام لە توانای دەزگاکەدا (بالقوە) ئەم دەسەڵاتەی هەیە و (بالفعل) بەکاری نەهێناوە.

گەرچی وەک هەر وڵاتێکی دیکە، (لە قۆناغی ڕاگوزەردا) ئەم دەزگایە سەرەتا کاتی و تەنها بۆ قۆناغیک دانرا، بەڵام پاشتر بەهۆی ئیسلامیزەکردن و بەشیعەکردنی دەسەڵاتەوە لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیە، وردەوردە ئەرکەکەی لە کاتییەوە کرا بەهەمیشەیی و بنەما و ڕەوایەتی هەبوونیشی (کە بریتی بوو لە پێداچوونەوەی دەستوور) گۆڕدرا بۆ بنەمایەکی ئاینی-دەوڵەتی، لە بەرایی یاسای ئەنجوومەنی شارەزایاندا هاتووە: "بە

ئیلهاموەرگرتن لە ڕیوایەتی یەعقوبی کوڕی شوعەیب کە لە ئیمام سادقەوە گێڕاویەتییەوە لەبارەی زەمینەی ناساندن و دیارییکردنی جێنشینی پایەی ڕێبەری و وەلی موسڵمانان لەهەر زەمەنێکدا، بۆ پێشگرتن لە دەرکەوتنی فتورەت لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و زەمانەتی بەردەوامی حکومەتی شەرعی لەسەر بنەمانی ویلایەتی فەقیە، لە میانەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٠٧ و ١٠٨ی دەستووردا، یاسای هەڵبژاردن، ژمارەی ئەندامان، مەرج و پێڕەوی نێوخۆیی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری بەمشێوەیە ڕێکخراوە".[٢٠]

لەو بەراییەی یاسای هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزیانەوە دەردەکەوێت، کە بنەمای بەردەوامی و هەبوونی، بنەمایەکی ئاینی-شیعی-دوانزەئیمامی-ویلایەتی فەقیهیە و پشتی بە چیرۆکێکی نێو ئەدەبیاتی نێو ئەو مەزهەبە بەستووە و بنەمایەکی وا لای دەوڵەتێکی هاوچەرخی سیکۆلار تەنانەت لای پێڕەوانی وەک سوونەمەزهەبەکانیش ڕەتکراوەیە. ئەمە لەکاتێکدا لەئێراندا گەر دابنێین سەرجەمیشی موسڵمانن (کە ئاین و پێڕەوی دیکە و بێ ئاینیشی تێدایە)، بەگوێرەی هەندێک ئامار ٢٠ ملیۆن لە کۆی ٨٥ ملیۆن دانیشتووان تەنها سوننەمەزهەبن و زۆرینەیان کورد و بەلوچ و تورکەکان و هەندێک لە فارسەکانیش دەگرێتەوە

---

20. سایت ڕەسمی شورای نگهبان(٢٠٢٢): قانون انتخابات مجلس خبرگان رهبری: https://bit.ly/٣xXjlq١

و بە باوەڕی ئاینییان بڕوایان بە ویلایەتی فەقیە و ئەنجوومەنی شارەزیان نییە.

**لە دامەزراوەیەکی کاتییەوە بۆ دەزگایەکی هەمیشەیی**

ئەم دامەزراوەیەی کۆماری ئیسلامی ئێران، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی یەکەمی شۆڕش(١٩٧٩)، ئەرکی لەپێشینە و مەبەستی دامەزراندنی سەرەتا تەنها بۆ پێداچوونەوەی ڕەشنووسی دەستوور بوو کە لەو ئانەدا بۆ گشتپرسی ئامادە کرابوو. بەڵام زۆری نەخایاند و لە ساڵی ١٩٨٢دا جارێکی دیکە یاساکەی هەموار کرایەوە و کۆی دەزگاکە و ئەرکەکانی تایبەتمەند کرا بە دیاریکردنی ڕێبەری باڵا و چاودێرییکردنی ئەرک و ڕەفتارەکانی(کە بەپێی بەندی ١٠٩ی دەستوور دیارییکراوە)، هاوکات ئەو دەسەڵاتەشی پێدرا کە لەتوانایدا بێت لە کاتی لەدەستدانی شایستەیی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، ڕێبەری باڵا لە ڕێبەرایەتی لابدات. هەروەها لە کاتی مردن یا هەر ڕووداوێکیشیدا کە بەسەر ڕێبەردا بێت، بە گوێرەی دەستووری وڵات، ئەنجوومەنی شارەزایان، ئەنجومەنی ڕێبەرایەتیی کاتیی پێکدەهێنن تا ئەوکاتەی ڕێبەری نوێ دیارییدەکەن، ئەم ئەنجوومەنە لەکارەکانی بەردەوام دەبێت و دەسەڵاتەکانی ڕێبەر بە دابەشکراوی بەسەر ئەندامەکانییدا جێبەجێ دەکەن(کە پێشتر دەسەڵاتەکانی ڕێبەر ڕوونکرایەوە).[٢١]

---

[٢١] . درباره مجلس خبرگان رهبری(١٣٩٨): درباره مجلس خبرگان رهبری: http://bitly.ws/rZpF

ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە هەر لەخۆکاندیدکردنیانەوە و شایستەیی و پەسەندکردنیان پاش هەڵبژاردن و پرۆسەی هەڵبژاردنیان بەگشتی و بەپێی دەستوور لە ئەستۆی شورای پاسەوان دایە، کە خۆی دەزگایەکی هەڵنەبژێردراوە.

بەگوێرەی دوایین هەمواری یاسای ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری لە ٢٠١٥/٩/٢دا (١٣٩٤/٦/١١هەتاوی)، بەپێی ماددەی یەکەمی یاساکە: ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لە هەشتاوهەشت(٨٨)ئەندام پێکدێت.(پێشتر ٧٣ ئەندام بوو)، ماوەی هەر خولێکی ئەندامانی هەشت(٨) ساڵە و لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، پێویستە شەش مانگ بەر لە کۆتایی هەر خولێک هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی نوێی خولی نوێ ئەنجام بدرێت. (پاش پەسەندنامەی کاندیدبوونیان لەلایەن شورای پاسەوانەوە).

شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزیان بازنەییە و بەپێی پارێزگاکانی ئێران دابەشکراووە:

- پایتەخت (تاران): ١٦ نوێنەر.
- خۆراسانی ڕەزەوی و خوزستان هەریەکە ٦ نوێنەر.
- پارێزگای ئەسفەهان، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، و فارس هەریەکە ٥ نوێنەر.
- پارێزگاکانی گیلان و مازندەران یەکی ٤ نوێنەر.

- پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوایی(ورمێ) و کرمان هەریەکە و ٣ نوێنەر.

هەرچی ئەردەبیل، ئەلبورز، سیستان و بەلوچستان، قەزوین، سنە، کرماشان، گولستان، لوڕستان، مەرکەزی و هەمەدان هەریەکە و ٢ نوێنەریان بەردەکەوێت.

پارێزگاکانی ئیلام، بوشەهر، چوارماڵە و بەختیاری، خۆراسانی باشوور، خۆراسانی باکوور، زنجان، سمنان، قوم، کەهگیلویە و بویرئەحمەد، هورمزگان و یەزد، هەریەکە یەک(١) نوێنەری ئەنجوومەنی شارەزایانیان بەردەکەوێت.[٢٢]

## مەرجەکانی ئەندامێتیی ئەنجوومەن

هەر ئەندامێکی ئەنجووومەنەکە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت، کە شایستەیی و مەرجەکانی خۆپاڵاوتووان، شورای پاسەوان یەکلایی دەکاتەوە:

- ناوبانگی بۆ دیانەت و متمانەداری و شایستەیی ڕەوشتی هەبێت.

- توانای ئیجتیهادی لە ئاستێکدا هەبێت کە بتوانێت هەڵێنجان بۆ هەندێک بابەتگەلی ئاڵۆزی فیقهی و بتوانێت ڕێبەرێک کە نیشانە و مەرجەکانی ڕێبەرایەتی تێدا بێت دەستنیشان بکات.

---

[٢٢] . سایت شورای نگهبان: قانون انتخابات مجلس خبرگان رهبری: https://bit.ly/٣xXjlq١

-دیدگای سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئاشنایی بە بابەتی هەنووکەیی و ڕۆژ هەبێت.

- باوەڕی بە سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێت.

- پێشینەی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبێت.

- مەرج نییە نوێنەرەکانی هەر بازنەیەک دانیشتوو یان لەدایکبووی ئەو بازنەیە بن. واتە دەکرێت بۆ نمونە مەشهەدی یان تارانییەکی شیعەمەزهەب بە نوێنەرایەتی شاری سنە یان بەلوچستان ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنەکە و ئەمەش ڕوویداوە.

سەرجەمی ئەم مەرجانە و دروستییان شورای پاسەوان یەکلایی دەکاتەوە. (بڕوانە ئێراننامەی ٣: شورای پاسەوان). بەڵام بەپێی برگەی دووی یاسای ئەنجوومەنەکە، کەسانێک کە ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی یان پەسەندی کردبن لە بۆنەیەکدا، پێویستی بە هەڵسەنگاندنی شورای پاسەوان نابێت و ڕاستەوخۆ پەسەندکراوون. (بڕوانە: یاسای ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری ١٣٩٤).

## ئەرک و بەرپرسیارێتی

لەبارەی ئەرک و بەرپرسیارێتیی ئەنجوومەنی شارەزایانەوە، دەستووری ئێرانی، لە بەشی هەشتەمی پەیوەست بە ڕێبەری باڵا و شێوازی هەڵبژاردنی و لە ماددەی ١٠٧ و ١٠٨دا، ئاماژە بە ئەرکی ئەنجوومەنی شارەزایان کراوە، کە

بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێبەری نوێ، پاش مردن، یان لادان یان بێتوانایی و لەدەستدانی مەرجێک لەمەرجەکانی ڕێبەریی. بەڵام وردەکاریی ڕۆڵ و پێڕەو و ژمارەی ئەندامان و ماوەی هەر خولێکیان بە گوێرەی یاسایەک ڕێکخراوە، کە یەکەمین جار لەلایەن شورای پاسەوانەوە، ئامادەکراوە و بەزۆرینەی دەنگی ئەوان کە (١٢)ئەندامن دەنگی لەسەردراوە و پاشتر لەلایەن ڕێبەری باڵای شۆڕشەوە پەسەندکراوە و وەک یاسایەک کاری پێکراوە و دەکرێت، بەڵام هەر بەپێی ماددەی ١٠٨ ئاماژە بەوەش کراوە، تەنها یەکەمجار شورای پاسەوان یاساکە ئامادە دەکات و هەموار و چاکسازیی لەیاساکەدا، لەوەپاشتر ئەنجوومەنی شارەزایان خۆیان ئامادەی دەکەن و بە ئەرک و بەرپرسیارێتیی خۆیان هەژمار دەکرێت.(بڕوانە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، ماددەی ١٠٧ و ١٠٨)

## کۆڕبەندی دیارییکردنی بەرژەوەندییەکان؛ پێگە و سروشتی دەسەڵاتی

یەکێکی دیکە لەو دامەزراوە سەرەکی و هەستیار و یەکلاکەرەوانەی نێو سیستەمی سیاسیی ئێران، کۆڕبەندی دیارییکردنی بەرژەوەندییەکانە لەئێراندا، کۆی ئەندامەکانی دەزگاکە سەروو ٤٤ ئەندامە و هەر جارە و یەک میوانی پەیوەندیداریش بە تەوەری کۆبوونەوەکان بانگهێشت دەکرێت و دەبێتە ئەندامی کاتی کۆڕبەندەکە، ئەندامە هەمیشەییەکان و ئەندامە یاساییەکان(نوێنەرانی دەسەڵات و دەزگاکانی دەوڵەت)ی

کۆڕبەندەکەش ڕاستەوخۆ بە فەرمانێکی ڕێبەری باڵا و بێ هەڵبژاردن دیاری دەکرێن. جیا لە بەرپرسانی چەندین دەزگای گرنگی دەوڵەتی، هەرسێ سەرۆکەکەی حکومەت و پەرلەمان و دادوەریش ئەندامن تێیدا.

گرنگترین بەرپرسیارێتی سەرەکیی دامەزراوەکە چارەسەری ناکۆکی و جیاوازیی بۆچوونە لە نێوان هەردوو دەزگای پەرلەمان و ئەنجوومەنی پاسەوان، واتە هەر پرسێک کە بووە مایەی ڕاجیایی لەنێوان پەرلەمانی وڵات (کە هەڵبژێردراوی خەڵکە) و ئەنجوومەنی پاسەوان (کە هەر ١٢ئەندامەکەی هەڵنەبژێردراو و دانراوی ڕێبەر و دەسەڵاتی دادوەریین)، ئەوا دەدرێتە دەست کۆڕبەندی دیارییکردنی بەرژەوەندییەکان تا لەڕێی کۆبوونەوەکانییەوە یەکلایی بکاتەوە، هەر ئەمەشە دەیخاتە سەروو ئەو دوو دەسەڵاتەوە لە ئانی ناکۆکییدا. جگە لەچارەسەری ڕاجیایی و ناکۆکی نێوان پەرلەمان و شورای پاسەوان، هاوکات بەرپرسیارێتیی بڕیاردان لە سیاسەتەگشتییەکانی نێوخۆیی و دەرەکی ئێران، وەئەستۆ دەگرێت.[٢٣]

## لەڕوانگەی دەستووری ئێرانەوە

لە ماددەی ١١٠ دەستووری ئێراندا،(کە لە بەشی دەسەڵات و ئەرکەکانی ڕێبەردایە)، بڕگەی یەکی باس لە ڕاوێژی ڕێبەر

---

[٢٣] . تاریخچه تشکیل مجمع(٢٠٢٢): سایت رسمی مجمع تشخیص مصلحت نظام:
http://maslahat.ir/index.jsp?fkeyid=&siteid=٣&pageid=٤٢١

دەکـات، لەگەڵ کۆڕبەنـدەکەدا بۆ یەکلاکردنەوە و داڕشـــتنی سـیاسـەتی گشـتیی دەوڵەت و بە گوێرەی ماددەی ١١٢ش، باس لەو ئەرکەی کراوە کە تێیدا ڕاجیایی و جیاوازیی نێوان پەرلەمان و شورای پاسەوان یەکلادەکاتەوە، هەروەها بەپێی مادەی ١٧٧ی دەستووریش، لە پرسی ڕێکار و شێوازەکانی هەمووارکردنەوەی دەسـتووردا، ڕێبەری باڵا پاش ڕاوێژ لەگەڵ ئەم کۆڕبەندەدا و بە فەرمـانێک ئەو مـاددانەی کە ئەگەری دەسـتکارییان هەیە، لە نووسـراوێکدا ئاراسـتەی سـەرۆک کۆماری وڵات دەکات یاخود هەر پێشـنیارێک کە ئەگەری زیادکردنی بۆ دەسـتوور هەیە ئاراسـتەی "شـورای پێداچوونەوەی دەسـتوور"ی دەکات، کە لەو شـورایەشـدا، ئەندامە هەمیشـەییەکانی کۆڕبەندی دیارییکردنی بەرژەوەندییەکان ئەندامن تێیدا.[٢٤]

لەڕووی ئەرکەوە، ئەم کـۆڕبەنـدە یـانزە ئەرکـی پـێ سـپێردراوە، لە گرنگترینیان: ئامادەکردنی بەرنامەی دیدگای ٢٠ سـاڵە (کە لەسـاڵی ٢٠٠٥ەوە تا ٢٠٢٥ ئامادەیان کردووە) و چـاودێریکردنی جێبەجێکردنیشـی دیسـان لەئەسـتۆی ئەم دەزگـایەدایە. هەروەهـا چـاودێرییکردنی هەرسـێ دەسـەڵاتی دادوەریی و یاسـادانان و جێبەجێکردنی پێ سـپێردراوە، گەرچی ئەم دەسـەڵاتە بەپێ دەسـتوور لە ئەسـتۆی ڕێبەری باڵادا بوو، بەڵام لەسـاڵی ٢٠٠٦ەوە، خودی ڕێبەر ئەو دەسـەڵاتەی خۆی

[٢٤] . بڕوانە: قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، معاونت حقوقی ریاست جمهوری، چاپ چهارم، ١٣٩٥.

بەخشیە کۆڕبەند و بەوانی سپارد. بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیشی نۆ لیژنەی سەرەکی بۆ ڕوومالّی ئەرک و دەسەلاّتەکانی پێکهیناوە.[٢٥]

**سروشتی کار و دەسەلاّت**

سروشتی ئەم دەزگایە و چەند دەزگایەکی دیکەی هاوشێوەی، لەڕووی پەیکەربەندیی دەزگاییەوە، سەر بە هیچ یەکێک لە سێ دەسەلاّتە باوەکەی هەر سیستەمێک نیین(یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی)، بەڵکو زیاتر دەزگای تێپەڕن و لە ڕووی پێگە و دەسەلاّتەوە سەر بە هیچ یەکێکیان نین، بەلاّم دەچنە نێو هەمووشیانەوە، جاری واش هەیە بەهۆی ئەرکەکەیانەوە سەرووتر لە هەرسێ دەسەلاّتەکەش دەنوێنێت و ڕاستەوخۆش پێکهاتن و کارەکانی بەستراوەتەوە بە ڕێبەری بالاّی ولاّتەوە.

هێڵێکی سوور کە هەمیشە ئەم کۆڕبەندە پێویستە ڕەچاوی بکات، ئەوەیە لە هەر بڕیار و ڕاسپاردە و یەکلاکردنەوەی هەر پرسێکدا، پێچەوانەی ئیسلامێتی ڕژێم و دەوڵەت(مەزهەبی شیعەی ١٢ئیمامی) لەبەرچاو بگرێت و نابێت دژی ئەو پرەنسیپە بجوڵێتەوە.

هۆکاری گرنگی و هەستیاری دەزگاکە دەگەڕێتەوە بۆ:

---

٢٥. بڕوانە: http://maslahat.ir/index.jsp?fkeyid=&siteid=٣&pageid=٣٦٧

١. ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە دەزگا و دەسەڵاتی ڕێبەریی باڵاوە کە لەسەرووی هەرسێ دەسەڵاتەکەوەیە.

٢. بڕیارەکانی ئەم دەزگایە تەنها بە پەسەندنامەی ڕێبەری باڵا، فۆرمی یاسایی وەردەگرن و پابەندیی بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان درووست دەکات و پێویستە جێبەجێی بکەن.

٣. سروشتی ئەرک و دەسەڵاتەکانی و مەبەستی دامەزراندنی، سروشتێکی نێودەسەڵاتی و سەروو "سێ دەسەڵات"ی هەیە و بڕیارەکانی پەیوەستن بە زیاد لە دەسەڵاتێکەوە.

٤. پێکهاتەی ئەندامێتی و پەیکەربەندی دامەزراوەکە، تێکەڵەیەکە لە سەرجەم دەسەڵاتەکان و دەزگا گرنگەکان و لەوەش زیاتر جیا لە سەرکردەی گشتی سوپا و دەزگاکانی دیکە، سەرۆکی هەرسێ دەسەڵاتەکەش (سەرکۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی)ئەندامن تێیدا.

## مێژووی دامەزراندن و پەیکەربەندی ئەندامێتی

تۆوی سەرەکی ئەم دەزگایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لیژنە ڕاوێژکارییەی کە لە ساڵی ١٩٨٤ و لە نێوەراستی جەنگی هەشتساڵەی ئێران-عێراقدا دامەزرا، ئەو کات بەمەبەستی پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە ڕێبەری ئەوکاتە پێکهێنرا، بەڵام پاشتر و وەک پێویستی و شێوە فەرمییەکەی بۆ یەکەمجار ئەم دەزگایە بەفەرمانێکی ڕێبەری پێشووی شۆڕش (ڕوحوڵا خومەینی)، لە

٦ی شوباتی ١٩٨٨دا، بڕیاری دامەزراندنی وەشێنرا، بڕیارەکەش مەبەستی هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتی و دیاریکردنی ئەوەی چی لەبەرژەوەندیی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێراندایەی لە پشتەوە بوو، تا دەزگای پەیوەندییدار یان چەند دەزگا و دامەزراوەیەک جێبەجێی بکات یان بکەن، ئەندامەکانی یەکەم خولی کۆڕبەندەکەش هەر خودی ڕێبەر دەستنیشانی کردن و لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨یشدا دەستی بە کارەکانی کرد. لە هەمووارکردنەوەی ساڵی ١٩٨٩ی دەستووریشدا پێگەکەی لە دەستووردا جێگیرکرا و دەسەڵاتەکانی فراوانتر کران.[٢٦]

لە مێژووی دامەزراوەکەدا بە ڕیز ئەم پێنج سەرۆکەی بەخۆیەوە دیووە: خامینەیی ١٩٨٨، ڕەفسەنجانی(٢٧ساڵ سەرۆکی بوو) ١٩٨٨-٢٠١٧، موەحیدی کرمانی(٢٠١٧- کاتی)، هاشمی شەهرودی(٢٠١٧-٢٠١٨) و سەرۆکی ئێستا صادقی لاریجانی (٢٠١٨ تا ئێستا) و هەنووکەش موحسین ڕەزایی سکرتێری کۆڕبەندەکەیە.

لەڕووی پێکهاتەی ئەندامێتیەوە لەکۆڕبەندەکەدا، دوو جۆر ئەندام هەیە: ئەندامە یاساییەکان کە نوێنەرایەتی دەزگاکانیان دەکەن و ئەندامە جێگیرەکان کە وەک کەسایەتی دانراون.

---

[٢٦] . سیدجلال دهقانی فیروزآبادی(١٣٩٥): سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، انتشارات سمت، تهران، ص٢٨٣.

ئەندامـانی ئەم خولە کە خولی هەشـــتەمییەتی (٢٠١٧-٢٠٢٢)، ٤٧ ئەنـدامن و بەپێی دوایین فەرمـانی ڕێبەر لە ١٤ی ئابی٢٠١٧دا، بەم شێوەیە دەست نیشانکراوە:

یەکەم ئەندامە یاساییەکان:

- هەر ســێ ســەرۆکەکەی دەســەڵاتەکانی دادوەریی، جێبەجێکردن و پەرلەمان.
- شەش ئەندامە فەقیهەکەی ئەندامانی شورای پاسەوان.
- سەرۆکی سەرجەم هێزە چەکدارەکان.
- سکرتێری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی.
- وەزیر یان ســەرۆکی ئەو دەزگایەی کە پەیوەندیدارە بەو پرسەی لە کۆبوونەوەی کۆڕبەندەکەدا تاوتوێ دەکرێت.
- ســەرۆکی ئەو لیژنە پەرلەمانیەی کە پەیوەندیدارە بەو پرسەی لە کۆڕبەندەکەدا تاوتوێ دەکرێت.

دووەم: ئەنـدامە جێگیرەکـان(حەقیقی)یش کە لە ئێســتا وەک کەسایەتی لە ٣٨ ئەندام پێکهاتووە و سـەرجەمیان بە فەرمانێکی ڕێبەر دیاریی کراوون.

# سوپا و هێزی بەرگریی ئێران

## - هێزی بەرگریی ئێران بەر لە کودەتای ١٩٢١

سەرەڕای ئەوەی ئێران، پێگەی جەنگ و کێشمەکێشی چەندین دەوڵەت و ململانێی سیاسی و خاوەنی چەندین کیانی سیاسی و بگرە ئیمپراتۆریاش بووە، لەگەڵ ئەو مێژووەدا، بەڵام تا کودەتاکەی ١٩٢١ز، ئەو وڵاتە نەبووەتە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتوو.

هێزی بەرگریی لەسەردەمی قاجاردا، لە هێزە ناوچەییەکانی "عەشیرەتەکان"، "سەرداره ناوچەییەکان"، "پاسەوانانی سنورەکان" و "سەربازەکانی کۆشکە سەڵتەنییەتییەکان و شازادەکان"، "هێزەکانی قوزاق"، "هێزەکانی ژاندارمیری" و "پۆلیسی باشوری فارس" پێکدەهات. هێزە عەشیرەتییەکان و سەرداره ناوچەییەکان لەلایەن شازادەکان و بنەماڵەی قاجار و سەرۆک هۆزەکانەوە ئاراستە دەکران، ئەمەش هاوتای وەزارەتی بەرگری بوو لە دەوڵەتی مۆدێرندا. بەڵام لیستی تەواوی سەرباز، ڕاهێنان، پۆلێنی سەرباز، ئامادەکاری بۆ سەربازیگرتن و ڕێکخستنیان لە سوپا و وەزارەتی جەنگدا، بوونی نەبوو، گرنگی لەشکریش پەیوەندی بە هەژموون و قەبارەی دەسەڵاتی بنەماڵەی حوکمڕان و سەرۆک هۆزەکانەوە بوو. بۆ کاتی جەنگ و بەرگری لە وڵاتیش، هێزە ناوچەیی و عەشایرەکان لەڕێی بانگەوازی گشتییەوە (نفیر عام)ەوە لەلایەن

حوکمڕان و سـەرۆک هۆزەکانەوە کۆدەکرانەوە و دەبرانە بەرەکانی جەنگ، لەمەشدا ڕێژەی ئامادەبوون و پابەندی خەڵک و هۆزەکان، پەیوەست بوو بە ڕادەی هەژموونی بنەماڵەی حوکمڕان و هەژموونی هۆزەکان و ململانێیان، جاری وا هەبوو بەهۆی لاوازی حکومەتەوە هۆزەکان پابەند نەدەبوون بە بانگەوازەکەوە. ئەمە پەیکەری گشتی سوپای لەسەردەمی قاجاردا بوو.[٢٧]

بەگشتی، هێزە چەکدارەکانی ئێرانیش تا ساڵی ١٩٢١، بەمشێوەیە دابەشکرابوون[٢٨]:

١. هێزەکانی باشووری فارس لەژێر فەرمانـدەیی ئەفسەرێکی پلەباڵای ئینگلیزیدا بوو، ئەم هێزە ٥٤٠٠ سەرباز بوون.

٢. هێزەکانی قوزاق، کەلایەن ڕووسەکانەوە دامەزرا و ٨٢٠٠ سەربازی لە خۆ دەگرت.

٣. هێزە پاسەوانەکانی ناوەندی کە لە پایتەخت بوون و نزیکەی ٢٣٠٠ سەرباز بوون.

٤. سەربازەکانی هۆزەکان و ولایەتەکان کە لە زۆربەی ناوچەکانی ئێرانەوە هەڵبژێردرابوون و نزیکەی ١٠٠٠ کەس بوون.

---

٢٧ . Stanford University ، California، ١٩٢١-١٩٤١، The Modernization of Iran، Amin،Banani . ١٩٦, p٥٢.،Press

٢٨ . تاریخچه ارتش ایران از بدو پیدایش، سایتی راسخون: https://bit.ly/٣٩xFp٠z

٥. هێزە خۆبەخشـــەکانی ڕۆژهەڵات، کە چەکدرەکانی خۆراسـان و سیستانی لە خۆدەگرت و لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ ڕێگرتن لە ئاژاوە و هەڵگەڕانەوەکان پێکهێنرابوون.

٦. هێزەکانی ژاندارمیری، کە میراتی ژاندارمیری پێشتری سوید بوو، پاشتر کرابوونە هێزێکی ئێران و ١١٠٠٠ و ٣٤٢کەسی لە خۆدەگرت.

٧. هێزەکانی ئەمنییە کە لە زۆربەی ویلایەتەکانی هەبوون و ئەرکیـان پـاراســـتنی ڕێگـاوبـانەکـان و لەلایەن فەرمـانڕەوا ناوچەییەکانەوە بەڕێوەدەبران.

٨. هێزەکانی پۆلیس تەنها لە شـــارەکانی تاران، قەزوین، ڕەشت و مەشهەد هەبوون و ٢٢٥٠ کەس بوون.

٩. پۆلیســـی ئیالات و ویلایـات کە لەلایەن فەرمـانڕەوا ناوچەییەکانەوە بەڕێوەدەبران.

## یەکەم: ئەرتەش؛ پێکهێنان و یەکخستنی سوپای نوێی دەوڵەت

ســـوپا یەکێک لە پایەکانی دەســـەڵاتی پەهلەوی یەکەم و خودی ڕەزاشـــا بوو، ئەو بە ســـروشـــتە ســـەربازییەکەی چ لەسـەردەمی وەزیری جەنگ و چ لەسـەردەمی سـەرۆکوەزیری و پادشـایەتیشـدا، گرنگییەکی تایبەتی بە سـوپا دەدا، بەدەگمەنیش جلە ســـەربازییەکانی دادەکەند و هەمیشـــە وەک ســـەربازێک دەردەکەوت. ئەو لەئـانـی دەســـەڵاتـیـدا خـۆی بە قەرزاری

سەربازەکان دەزانی و هەوڵیدەدا لە سیاسەت و کارەکانیدا ڕۆڵی کاریگەرییان پێبسپێرێت.[٢٩] ئەم خاڵە هەوێنی وەرچەرخاندنی سوپای پەرتەوازەی ئێرانی بوو بۆ هێزێکی یەکگرتوو، بەڵام هاوکات ئالودەکردنی یەکەمین هێزی یەکگرتووی سەربازی ئەو وڵاتەش بوو بە کاروباری سیاسەت و دەستوەردانی لە ململانێ نێوخۆییەکاندا، لەکاتێکدا ئەرکی ئەم هێزە پاراستنی سەروەری و سنوورە. کەواتە خاڵی بەهێز و خاڵی لاوازی سوپای ئێران هەر خودی ڕەزاشا بوو، بۆیە دەبینرێت، لەنێو گەلانی نافارسدا سوپای وڵات بەهۆی دەستێوەردانە سیاسییەکانی، وەک نەیار تەماشا کراوە و لەگەڵ کۆمەڵگەکانی کورد، عەرەب و بەلوچدا بەرامبەر وەستاوەتەوە.

پاش کودەتا، ئەنگێزەی سەرەکی ڕەزاخان، یەکخستنی لەشکرەکانی دەوڵەت بوو، ئەو پاش کودەتاش وەزارەتی جەنگی لەدەستی خۆیدا هێشتەوە، هەنگاوی کردەییکردنی سوپایەکی یەکخراویش بۆ ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە.

هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕەزاخان، بۆ یەکخستن دەستی پێکرد، بودجە زیاد لە پێویستی لە خەزێنەدا بۆ سوپا دابڕ کرد، کە بە ڕێژەی ٤٠٪ی بودجەی دەوڵەتی بۆ ئەرتەش تەرخانکرابوو، ڕەزاخان(سەردارسپە)، فەرمانی ژمارە یەکی سوپا(ئەرتەش)ی دەرکرد لە ٥ی کانوونی یەکەمی١٩٢١دا، کە بە

[٢٩] . خلیل علی مراد، دیرۆکا ئێرانێ یا نوێ و هەڤچەرخ، وەرگێڕانی: بهزاد محمد، دهوک، خانەی سپیریز، ٢٠١١، ص١٧٥.

پێی ئەو فەرمانە هەردوو لەشکری قوزاق و ژاندارمیری یەکخست و لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢شـــدا، پێنج لەشـــکری بۆ فەرماندەییکردنی ســـوپا پێکهێنا و ســـتافی بەڕێوەبردنی لەم شارانادا بۆ دیاری کردن: تاران، تەورێز، هەمەدان، ئەسفەهان و مەشـهەد، هەریەک لەم لەشکرانە نزیکەی ١٠٠٠٠ سـەربازی لە خۆدەگرت و ســـەرلەشـــکرێکی بۆ دیاریکرد.[٣٠و٣١] وەک دەبینرێت نـاوەنـدی بەڕێوەبردنی هیچ لەشـــکرێـک نەکەوتە نـاوچە کوردستانییەکان.

ڕەزاشـا لە هەنگاوی دواتریدا و لە ئانی سـەرۆکوەزیریدا کە هەر وەزیری جەنگیش بوو، یاسـای سـەرۆکایەتی هێزەکانی بەرگری و ئاسـایشـی مەملەکەتی لە پەرلەماندا تێپەڕاند و لەو یاســایەدا خۆی کرایە فەرماندەی باڵای ســەرجەم هێزەکانی بەرگری، بەمەش دەسەڵاتی لەپەرلەمانەوە وەرگرت و دەسکراوەتر بوو تا هەنگاوەکانی بۆ دروســتکردنی ســوپای یەکگرتوو کاراتر بکات.[٣٢]

هەنگاوێکی دیکە بە ئاراســتەی یەکخســتن و بەهێزکردنی سوپادا، سەربازیکردنی زۆرەکی بوو، بە پێی تەمەن و لەسەرجەم جوگرافیای دەوڵەتدا، بۆ ئەمەش یاســایەکی بۆ ئامادەکرا، کە

[٣٠] . استفانی کرونین، رضاشاه و شکلگیری ایران نوین، ترجمه: مرتضی ثاقب، انتشارات جامی، تهران، ١٣٨٩، ص٦٥.

[٣١] . رضا مختاری اصفهانی، پهلوی اول از کودتا تا سقوط، تهران، نشر کتاب پارسه، ١٣٩٢، ص٥٢-٥٣.

[٣٢] . سند شماره٦، کابینه ریاست وزراء، نمره١٤٠٧٠، درکتاب: عصر پهلوی به روایت اسناد، قم، دفتر نشر و پخش معارف، ١٣٧٩، ص٢٧.

بەیاسای سەربازی زۆرەکی (نظام وظیفه اجباری) ناوی دەرکرد، کە سەرجەم پیاوانی ٢١ساڵ بەرەو سەری لەخۆ دەگرت و پێویست بوو هەر هاوڵاتییەک دوو ساڵ خزمەت لەسوپادا بکات و ٤ ساڵیش لە لیستی سەربازی یەدەکدا ناوی بمێنێتەوە. ئەم یاسایە لە لادێ، هۆزەکان و پاشتریش لەنێو شارەکاندا سەپێنرا.[٣٣]

سەرەتا یاساکە نارەزایەتی لەنێو پیاوانی ئاینی شیعەمەزهەب، سەرۆک هۆزەکان و لەنێو نەتەوەکانی وەک کورد و عەرەب و بەلوچەکانیشدا سازکرد، پیاوانی ئاینی بە حەرامیان دەزانی، سەرۆک هۆزەکانیش بە لێدانی دەسەڵاتی خۆیانیان سەیر دەکرد، هەرچی گەلانی نافارسیش بوون، ئەوا جوڵانەوەی ناسیۆنالیستی و شۆڕش تێیدا چەکەرەی کردبوو و بۆ مافەکانیان بەرامبەر هەر هەوڵێکی دەسەڵاتی ناوەندگەرا دەوەستانەوە.

یەکەمین بەرەنگاری زانایانی شیعەمەزهەبیش لە ئەسفەهان و شیرازەوە بوو[٣٤]، باوەڕیان وابوو مەملەکەت "خوێندنی زۆرەکی دەوێت نەک سەربازیی زۆرەکی"[٣٥]، هەروەها دەیانووت کە نیوەی ئێران بێکارە، نابێت بە سەربازیی زۆرەکی

---

[٣٣] . یرواند آبراهامیان، تاریخ ایران مدرن، ترجمه محمد ابراهیم فتاحی، تهران، نشر نی، ١٣٨٩، ص١٣٣.

[٣٤] . استفانی کرونین، اصلاحات از بالا مقاومت از پایین، مخالفان نظم نوین در ایران ١٩٢٧-١٩٢٩، در کتاب: تورج اتابکی، دولت و فرودستان، تهران، انتشارات ققنوس،١٣٩٠، ص١٣٥.

[٣٥] . سند شمارۀ٣/م.١٦، از علمای مهاجر قم به مجلس، به تاریخ ١٣٠٦/٧/٢٨، نمره٢١، در: کتابخانه اسناد مجلس شورای اسلامی، اسناد روحانیت و مجلس، به کوشش منصوره تدین پور، تهران: کتابخانه مجلس شورای اسلامی، ١٣٧٩، صص٢٩٦-٣٠٥.

ئەو نیوەی دیکەشـــی بێکار بکرێت[٣٦]، پێیانوابوو ســـەربازیکردن بەتاڵی و بێکارییە. بەهۆی فشـــاری پیاوانی ئاینییەوە، پرۆســـەی سەربازیی زۆرەکی کەمێک وەستا، بەڵام پاشتر دەستی پێکردەوە و ئاینییەکان بەجۆرێک هێنرانە نێو پرۆسەکەوە[٣٧].

پاش ئەم هەنگاوە، ئامادەسازی بۆ ڕاهێنان و پڕچەککردن و پەرەپێدانی چەکسازیش دەستی پێکرد، سەرەتا ١٨ سەربازی بەمەبەستی فێربوون بۆ شارەزابوون لە پیشەسازی چەکسازی لە ســـاڵی ١٩٢٥ ڕەوانەی ئەورووپا کرد[٣٨]، هەروەهـا لەوێوە (فەرەنسـا) کەسـانی پسـپۆڕ بانگهێشـت کران بۆ پەروەردەکردنی سەربازان و ڕاهێنانیان.[٣٩]

بۆ پەرەپێدانی توانای ســەربازیی ئاســمانی و کارخانەی فرۆکەســـازی لە ســـاڵی١٩٣٤دا، بۆ کڕینی چەندین ئامێر و کەرەستەی فرۆکەسازی، چەندین کەسی نارد بۆ وڵاتانی ئەڵمان و بەریتانیا، یەکەمین کارخانەی بەناوی کارخانەی فرۆکەســـازی شەهبازەوە لە دوشان تەپە دامەزراند. هەروەها ساڵی ١٩٣٢شدا کارگەی تفەنگسـازی لە ئەلـــانیا کڕی و دایمەزراند و لا ساڵی ١٩٣٩شدا کارخانەی تۆپسازی خستەکار.[٤٠]

---

[٣٦] . سند شماره ٦م/١٦، از علمای مهاجر قم به مجلس، به تاریخ ١٣٠٦/٨/٢٤،نمره١٤٢، درکتاب: کتابخانه اسناد مجلس شورای اسلامی: اسناد روحانیت و مجلس، همان، صص٢٩٦-٣٠٥.

[٣٧] . استفانی کرونین، همان، در کتاب: تورج اتابکی، دولت و فرودستان، همان، ص١٣٥.

[٣٨] . داریوش رحمانیان، کودتای سوّم اسفند١٢٩٩، همان، ص١١٧.

[٣٩] . امیداستقلال، «طه¬یاره به ایران»، امید استقلال، شماره١٧، ٢١ شباط١٩٢٤، سلیمانیه، ص٤.

[٤٠] . داریوش رحمانیان، کودتای سوّم اسفند١٢٩٩، همان، صص١١٧-١١٨.

لەڕووی بـاوەڕ و ئەرکەوە، بە پـێـی مـاددەی ١٤٤ی دەســـتووری هەنوکەیی کۆماری ئیســـلامی ئێران، ســـوپای نیشتمانی(ئەرتەش)، هێزێکی باوەڕدار و جەماوەریی و ئیسلامییە، ئەرکی بەرگرییە لە ســـەروەریی وڵات و یەکپارچەیی خاکی و پاراســـتنی کۆماری ئیســـلامی و بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی و تێکۆشـــان لە پێناو خودادا. هەروەها ســـودوەرگرتن لە ئەندامانی ئەرتەش لە ئاشتییدا بۆ هاوکاریی و بەهاناوەچوون و بیناکاری و فێرکاری بە جۆرێک کە زیان بە توانا سەربازییەکان نەگەیەنێت.

## دووەم: هێزە تەرییەکانی سوپای نیشتمانی؛ لە یەکخستنی سوپاوە بۆ فرەسوپایی

وەک باسکرا لەسـەردەمی پەهلەویدا، سـەرجەم هێزەکان لەژێر نـاوی "ئەرتەش"دا یەکخران. بەڵام بە هـاتنەســـەرکـاری کۆماری ئیســلامیی ئێران، سـیســتەم و یاسـا سـەربازییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هات، دیسانەوە ئێران گەڕایەوە بۆ فرەسوپایی. هەنووکە جگە لە ئەرتەش، سـوپای پاسـداران، هێزەکانی بەسـیج، قودس، پارێزگاکان(ئوســـتانەکان) و ڕێکخراوی دیکەی چەکداری وەک ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمـانەکـانی کورد و...تـاد، ســـیســـتەمی بەرگریی دەوڵەت پێکدەهێنن. لێرە بەدوا تیشـــکیان دەخرێتەسەر:

### ١- سوپای پاسداران

لەســـەرەتای شـۆڕشـدا(١٩٧٩)، ئەرتەشـی ئێران، گەرچی بەهۆی بێلایەنبوونیان و لایەنگری نەکردنی محەمەدڕەزاشـا، تای

تەرازووی هێز بەلای شۆڕشگێڕاندا شکایەوە و دەوڵەتی پەهلەوی کەوت، بەڵام لای سەرانی شۆڕش هەر گوماناوی بوو، ترسیان لە کودەتای ئەرتەش هەبوو کە بەهۆی پەروەردەکەیەوە، ئینتمای بۆ ڕژێمی پێشوو مابێت و هەڵگەڕێتەوە، بۆیە بۆ پشتیوانی و پاراستنی شۆڕش و تەریب بە سوپای نیشتمانی، سوپای پاسداران بە فەرمانێکی خومەینی و بە ڕەسمی لە ١٣٥٨/٢/٢ پێکهێنرا. سەرکردە دیارەکانی دامەزرێنەری بریتیبوون لە: مەنسووری، ڕەزایی،رەفیقدوست، کولاهدوز و ...تاد.[٤١] بناغەدانەرانی مرۆیی ئەم سوپایە، خۆبەخشەکانی چینەکانی ناوەند و هەژارەکانی نێو شار و دێهاتەکان بوون.

ئامانجی سوپای پاسداران، بریتییە لە پاراستنی ئاسایشی نێوخۆ و شۆڕشی ئیسلامی، سەرکوتکردنی جوڵانەوە دژبەرەکان، پاراستنی وڵات لە دوژمنی دەرەکی، پارێزگاریی سنوورەکان لە دزەکردنی سیخوڕان و دژایەتیکردنی بزوتنەوە جوداخوازەکان. لەگەڵ ئەوەشدا سوپای پاسداران دەتوانێت لە کاتی ئاشتیشدا بەشداریی هەبێت لە وەبەرهێنان و بازرگانی و کارە مەدەنییەکاندا.[٤٢]

ئەم سوپایە ڕۆڵێکی کاریگەری لە سیاسەت و ئابووریی وڵاتدا هەیە، جیا لە ئەرکە سەربازییەکەی، ڕاستەوخۆ سەر بە

---

[٤١] . مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تاریخ شفاهی، برگی از خاطرات سردار فروتن، تاریخ انتشار ٠٢ اردیبهشت ١٣٩٩: https://bit.ly/٣١HjJdX

[٤٢] . حسین استاد حسنلو و دیگران، بررسی ژهثیر جنگ تحمیلی بر ایجاد و تداوم نهادهای اجتماعی، پژوهشنامه دفاع مقدس، سال اول، شماره دوم، تابستان١٣٩١، ص١٤٩.

ڕێبەری شـۆڕشـی ئیسـلامی ئێرانە و ئەندامەکانی نەک تەنها لە کاروباری سـەربازییدا، بەڵکو بەشـداریکی کارای نێو ژوورەکانی بڕیاری سیاسیی و ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتی و ئـابووریی وڵاتـدا. هەموو ئەم ئەرکـانەش لە پێڕەوەکەیـدا کە پەسەندکراوی پەرلەمانی ئێرانە(لە ١٣٦١/٦/١٥دا)، دیاریکراوە.

## ٢- هێزەکانی بەسیج

سـێیەم هێزی نێو سیسـتەمی بەرگریی ئێران و دووەمین هێزی چەکدارە کە پاش شـۆڕشـی ئیسـلامی ئێران بەفەرمانێکی خومەینی پێکهێنرا، تێیدا داوای پێکهێنانی هێزێکی یەک ملیۆنی بۆ پـارێزگـاریی لە شـــۆڕشـــی ئیســـلامی لە دەســـتتێوەردانی دەرەکی(ئەمریکا) و دوژمنە نێوخۆییەکان کرد. پاشـــتر و بە پێی مـاددەکـانی٣٥و٣٦ لە یـاســـای پەســـەندکراوی ١٣٥٩/٣/٢٨دا پەرلەمان ئامانج و ئەرک و پەیکەرەکەی پەسەند کرد.[٤٣]

ئەم هێزە وەک هێزی پـاڵپشـــتی و یەدەک دادەنرێت بۆ سـوپای پاسـداران، لە گەنجان و ئەو سـەربازە بەتەمەنانەی کە خزمەتی ســـەربازیی خۆیان تەواو کردووە، پێکهاتووە. زۆربەی ئەنـدامەکـانیشـــیـان پێکهـاتووی چینی جوتیـاران و هەژارانی کۆمەڵگەن.

---

[٤٣] . حسین استاد حسنلو و دیگران، بررسی ژهئیر جنگ تحمیلی بر ایجاد و تداوم نهادهای اجتماعی، پژوهشنامه دفاع مقدس، سال اول، شماره دوم، تابستان١٣٩١، ص١٤٦.

ئەرکی هێزەکانی بەسیج بریتییە لە پاڵپشتی سوپای پاسداران لە کاتی قەیرانەکاندا و پاراستنی ئاسایشی نێوخۆ بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسدا.

### ٣- هێزەکانی قودس

هێزەکانی قودس (سوپای قودس)، لقی دەرەکی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە، کە لە سەردەمی جەنگی هەشتساڵی ئێران-عێراقدا پێکهێنرا، ئەم سوپایە بازووی نادیبلۆماسیی ئێرانە بۆ کاریگەری جێهێشتن لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و شکاندنەوەی هاوکێشەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئێران دروستکرا.[٤٤]

ڕیشەی مێژوویی بۆ باڵی "یەکەی ڕاپەڕینە ئازادییبەخشەکان" دەگەڕێتەوە، لە ئازاری١٩٨١ لە سوپادا ئەم یەکەیە پێکهێنرا و دەستی بە کار کرد. لە١٩٨٢/٦/١٥دا هەندێک لە پەرلەمانتاران و سەرکردەکانی گرووپە میلیشیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، بە میوانداریێتی یەکەی ڕاپەڕینەکانی ئازادییبەخشی سوپا لە تاران کۆبوونەوە، لە بەیانی کۆتاییدا، خوازیاری پێکهێنانی سوپای قودس لەلایەن ئێرانەوە بوون. بەڵام بەهۆی کێشەی نێوخۆی سوپای پاسدارانەوە یەکەی ئازادییبەخشی سوپا، گوێزرایەوە سەر وەزارەتی دەرەوە و پاش

---

[٤٤] . دویچە ولە فارسی، سپاە قدس: https://p.dw.com/p/١DgoN

دووساڵ دیسانەوە گەڕێنرایەوە بۆ سەر سوپای پاسداران و هێزەکانی قودسی لێ پێکهێنرا.

سوپای قودس، بە گشتی وێنایەکی دژە ئیسرائیلی داوەتە خۆی و بانگەشەی پشتیوانی پرسی فەلەستین دەکات، بەڵام لە واقیعدا، ئەرکی هەناردەکردنی شۆڕشە و زیاتر لەوەش ئەم سوپایە وەک باوەپیارەی میلیشیا شیعەکان و هێزە نانیشتمانییەکانی لایەنگری ئێرانن، کە زیاتر چالاکییەکانی خۆی لەڕێگەی خۆبەخشانی نێو ئێرانەوە، تا دەگاتە عێراق، لوبنان، سوریا، فەلەستین، یەمەن و ئەفغانستان و ...تاد، ئەنجام دەدات، بە مەرجێک لە خولگەی بەرژەوەنی ئێراندا بخولێنەوە.[٤٥]

تا ئێستا سێ فەرماندەی بەخۆیەوە دیووە: ئەحمەدی وەحیدی، قاسمی سولەیمانی و ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی هێزەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامییەوە دەستنیشان دەکرێت.

لە نمونەی دیاری هێزەکانی پەیوەندیدار بە سوپای قودسەوە: حزبوڵای لوبنان، حەشدی شەعبی، هێزەکانی بەرگری نیشتمانی لە سوریا، ئەنساروڵای یەمەن، جیهادی ئیسلامی فەلەستین، میلیشیاکانی فاطمیونی ئەفغانی و زەینەبییونی پاکستانی و...تاد. ئەم هێزە بەشداریی چالاکی هەبووە لە چەندین ململانێی دەرەوەی ئێراندا وەک: جەنگەکانی لوبنان، بۆسنە،

[٤٥] . ایران وایر، نیروی قدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، ٢٠١٩/٤/٧:
https://iranwire.com/fa/features/٢٩١٢٤

ئێران-عێراق، شـــەڕی نێوخۆی هەرێمی کوردســـتان، سەرکوتکارییەکانی بەلوچستان، شەڕی نێوخۆی سوریا، شەڕی داعش و ...تاد.

## ٤- پێشمەرگەی موسڵمانی کورد

یەکێکی دیکە لە لقەکانی هێزە چەکدارەکانی سوپای ئێران، کە لە چوارچێوەی هێزی بەرگری و پاراستنی شۆڕشی ئیسلامیدا جێیان کراوەتەوە. بەهۆی هەبوونی پێگەی جەماوەری ئەو هێز و پارتە چەکدارانەی لەو ناوچانەی کە بەهۆی پرسی نەتەوەیی یان مەزهەبی لەگەڵ دەسـەڵاتدا ناکۆکن و خاوەنی ئۆپۆزسـیۆنی سـیاسـی و چەکدارین، لە ناوچە کوردسـتانییەکانیشـدا هێزی "پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد" بەرامبەریان پێکهێنرا سەرەتا لە ناوچەکانی کرماشانەوە و پاشان لە چەند شاری دیکە ئەم هێزە تەریبە وەدەرکەوت.

هۆکاری پێکهێنانیشی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی سیاسیی و گەیشـتنە ڕێککەوتن و ئەنگێزەی ناوەندگەرایی لە نێو سـەرانی حوکمڕاندا بەرامبەر خواسـتی کورد، چونکە پرسـی کورد و چالاکی هێزە کوردسـتانییەکانی ڕۆژهەڵات، لە سـەرەتاکانی شۆڕشدا و بەتایبەتتر لای لایەنگرانی خومەینی، پڕهەڕەشەترین و کاریگەرترین پرس بۆ دەوڵەت و جێگیرکردنی پایەکانی حکومەتە مەزهەبییەکەی دادەنرا. هەر لە سـەرەتای شـۆڕشـەوە جوڵانەوەی سیاسیی کورد جیا لە پرسە درێژخایەنە شوناسی و نەتەوەییەکەی، لەگەڵ سـێ پرسـدا ناکۆکی قوڵی لەگەڵ ڕژێمدا

هەبوو و ڕەتیکردنەوە: پرســـی گشـــتپرســـیی گۆڕینی ڕژێم لە پاشـایەتییەوە بۆ کۆماریی ئیسـلامی، دووەم: پێکهێنانی مەجلیسی خوبرەگان(ئەنجومەنی شـارەزایان) بوو بۆ داڕشتنی دەسـتوور و ســـێیەمین پرســـیش تێپەڕاندنی دەســـتوور بوو. لە هەرســـێ پرسـەکەدا خواسـتی کورد فەرامۆش کرابوو، حزبی دیموکرات کە چالاکترین حزبی کوردسـتانی بوو و چەندین هێزی دیکە بایکۆتی هەرســێ پرۆســەکەیان کرد، کە کۆماری هەنووکەیی ئیســلامیی ئێرانییــان پێ پــایەڕێژ کرد. لەم هەنگــاوانەوە ئیــدی جەنــگ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری و بەریەککەوتن بوویە ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو و سـوپا و هێزە کوردییەکان ڕووبەڕووبوونەوە و تا هەنوکەش پەیتا پەیتا بەردەوامە.

پاش ئەوەی دەوڵەت لەگەڵ وەفدی دانوســـتاندنکاری کورددا، دانی بە مافی کولتووری و سیاسیی و جوگرافی کورددا نەنا[٤٦]، جەنگ و نائارامی لەو نێوچانەدا دەستی پێکرد، ئەم پرسـە سـیاسـییە-نەتەوەییە بۆ ئێران مەترسـیدارترین هەڕەشـە بوو لەســـەر جێگیربوونی پایەکانی شـــۆڕش[٤٧]. بۆ چارەســـەری ئەم پرســـە دەوڵەتی ئێران لە بری بەکارهێنانی ڕێگای ســـیاســـی، ســـەرکوتکردنی ئەمنی و ســـەربـازی هەڵبژارد. یەکێـک لە هەنگاوەکانی سـوپای پاسـداران، بریتی بوو لە ئامادەسـازی و

---

[٤٦] . سەلام عەزیزی، کوردستان و کۆماری ئیسلامی، هەولێر، ٢٠٢٠، چ٢، ل٤٩-٦٩.

[٤٧] . نبی الله روحی، شکل‌گیری بحران کردستان و سازمان پیشمرگان مسلمان کرد، فصلنامه مطالعات بسیج، سال دهم، شماره٣٤، بهار، ١٣٨٦، ص١٣.

بەکارهێنانی خەڵکی ناوچەکە بۆ هاوکاریی سەربازیی و ئەمنی سوپا لە پەلاماردانی هێزە کوردستانییەکانی نەیاری دەوڵەت، یەک لە پێشنیارە کردەییەکان بریتیبوو لە پێکهێنانی هێزی "پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد"(پیشمرگان مسلمان کرد)، ناوکی سەرەکی و سەرەتاکانی ئەم هێزە لە کرماشانەوە سەریهەڵدا، بەڵام پاشتر لە کامیاران، پاوە، جوانڕۆ، و مەریوان و ناوچەکانی دیکەی کوردنشیندا بڵاوبوویەوە و خەڵکانی بۆ ئامادەکرا. یەکەمین چالاکیی و بەگژاچوونەوەی هێزە کوردییەکانی ئەم هێزە تەریبەی سوپا لە کامیارانەوە بوو کە بە پشتیوانی سوپا، ئەو شارەیان خستەوە ژێردەستی دەوڵەتی ناوەندی. بۆ ڕاهێنانی هێزەکەش لە کرماشان ئۆردوگایەکی مەشق پێکهێنرابوو.[٤٨]

لە نێو هێزە کوردستانییەکانیشدا، بە تایبەت حزبی دیموکراتی کوردستان، لایەنگرانی ئەحمەدی موفتیزادە دامەزرێنەری ڕەوتی مەکتەب قورئان، بە خاوەنی بیرۆکە ڕێکخراوی پێشمەرگەی موسڵمانی کورد دادەنرێن،[٤٩] ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، لە سەرووبەندی شۆڕشدا، شاری سنە و چەندین ناوچەی دیکە کەوتە دەست لایەنگرانی مەکتەب قورئان و خودی موفتیزادە ئاراستەکار و بەڕێوەبەریان بوو، پاش ئەوەی موفتی زادە و هەندێک لە هاوڕێیانی لە شاری سنەوە بەرەو کرماشان بارگە دەگوازنەوە، لەلایەن هەندێک لە

[٤٨] . هەمان، ص١٥ و ٢٨.

[٤٩] . سەلام عەزیزی، کوردستان و کۆماری ئیسلامی، هەولێر، ٢٠٢٠، چ٢، ل١٣٢.

پێڕەوانییەوە شارەکە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام حکومەت بێ ئاگاداری و ڕاوێژی موفتیزادە، بەڕێوەبردنی شـــارەکە دەداتە دەســـت پیاوێکی شـــیعەمەزهەب و هەندێک لەو ســـتافە بەڕێوەبەرییەی موفتی زادە پێکی هێنـابوو، دەچێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتەوە، هەر ئەمەش پـاشـــتر بە خـاڵێکی لاوازی ڕەوتی مەکتەب قورئـان لێکدرایەوە، گوایە شـارەکەیان داوەتە دەسـت دەوڵەت و پیاوانی شـیعەمەزهەب، کە زنجیرەیەک قەتڵوعام و لەسـێدارەدانی خەڵکی سیڤیلی بەدوادا هات. هۆکارێکی دیکەی تۆمەتبارکردنی موفتیزادە بە کۆمەککردنی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی ناوبراو بە برایەتی ئیســـلامی و شـــۆڕش. دیارە ئەم ڕەوتە و کەســـە دیـارەکـانی ئەم تـۆمەتـانە ڕەتـدەکەنەوە و بە وتەی ئەوان دەمودەســـت مەکتەب قورئـان بەیـاننـامەی دژی ئەو هێزە بڵاوکردووەتەوە و جەخت لەسەر باوەڕی دژەچەکداری موفتیزادە دەکەنەوە و کە دژی دروســـتکردنی ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمـانەکـان بووە، بەڵام ئەوە ڕەتنـاکەنەوە کە هەنـدێک لە پێڕەوانیان بەشـداربوون و پاشـتر لە مەکتەب قورئان دابڕاون.[٥٠] دیـارە گێڕانەوەی ڕەســـمی ئێرانیش پێیوایە لە بروجردی دامەزرێنەر بووە و لە کرمـاشـــان پێکهـاتووە نەک میراتگرانی مەکتەب قورئان.

---

[٥٠] . گفتوگو با حسن امینی، انتساب پیشمرگان مسلمان به کاک احمد مفتی زاده، مجله چشم انداز ایراان، ویژەنامه کردستان، پایز١٣٨٤، ص٣٣-٣٦.

ڕیشـــه و ڕەوایەتی پێکهێنـانی ڕێکخراوەکه، لەدیـدی دەوڵەتەوە، له فەرمانێکی خومەینی (١٩٧٩/٨) سـەرچاوە دەگرێت که به فەرمانی جیهاد ناسراوە و جیهادی دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و به ناموسـڵمانی لەقەڵەم دان[٥١]، ئەمە کرایه بیانوویەک بۆ کۆکردنەوە و ئامادەسـازی خەڵکی سـیڤیل و ڕێکخسـتنیان لەپەنای سوپادا و پاشتر ناونرا پێشمەرگە موسڵمانەکانی کورد. بیرۆکەی دروسـتکردنی هێزەکەش دەگەڕێتەوە بۆ محەمەد بروجەردی (فەرمـاندەیەکی سـوپـا بوو). ئەو بـاوەڕی وابوو کۆتـاییهێنـان به ئۆپۆزسـیۆنە چەکدارەکـان، تەنهـا به کۆمەکی خەڵکی نـاوچەکه دەبێـت و دەبێـت خۆیـان بێنه مەیـدانی بەرەنگـارییەوە، بۆیه بیرۆکەکەی لەنێو زەینی سـەرکردەکـانی دیکەشـدا چاند و لەوانەش ناسـری کازیمی بوو که پاشـتر بوویه پیادەکاری کردەیی و بەرجەسـتەکاری دروسـتکردنی هێزێکی کوردی بۆ لیدانی کورد![٥٢]

## ٥- سوپای پارێزگاکان (سوپای ئوستانەکان)

پێشـینەی ئەم سـوپایه دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ٢٠٠٢، به فەرمانی فەرماندەی سـوپای پاسـداران، له هەریەک له سـوپا و بەسـیج و لەشـکر و تیپەکانی هێزی زەمینی سـوپا، له هەر پارێزگایەک سـوپایەکی هاوبەشـیان بۆ پێکبهێنرێت، ئێسـتا ٣٢

---

[٥١] . سەلام عەزیزی، کوردستان و کۆماری ئیسلامی، هەولێر، ٢٠٢٠، چ٢، ل٥٣.

[٥٢] . نبی الله روحی، شکل‌گیری بحران کردستان و سازمان پیشمرگان مسلمان کرد، فصلنامه مطالعات بسیج، سال دهم، شماره٣٤، بهار، ١٣٨٦، ص٢٥.

سـوپای ئوسـتانی لە ئێراندا دەسـتبەکارن دوانیان لە تارانن(محەمەدڕەسولوڵا و سەیدوشوهەدا) و ئەوانی دیکە بەسەر سـی پارێزگاکەی دیکەدا دابەش بوون، فەرماندەی هەر سـوپایەکیش لەلایەن فەرماندەی گشتی سـوپای پاسدارانەوە دیاریدەکرێت.

گرنگترین ئەرکی ئەم هێزانە، زیادکردنی دەسـەڵاتی فەرماندەکانی سوپایە لە پارێزگاکان و بەشداریکردنی کاراتریانە لە بواری ئابووریی و سیاسیی و کولتووریدا. هەروەها ئامانج لە دامەزراندنیشیان لە واقیعدا بۆ سەرکوتکردنی نارەزایی خەڵک و هەڵگەڕانەوە و چالاکیی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانن.

سـەبارەت بە هێزە ئوسـتانییەکان لە پارێزگا کوردستانییەکاندا، ئەوا: لە سنە سوپای بەیتولمەقدیس محەمەد حسین ڕەجەبی فەرماندەیەتی، هەیە. لە ئیلام سوپای ئوستانی ئەمیرولموئمنینە کە سەرهەنگ جەمال شاکەرەمی فەرماندەیی دەکات، کرماشانیش سوپای حەزرەتی نەبی ئەکرەم لە خۆدەگرێت و بەهرامی ڕیاحی فەرماندەیەتی، لە ئازەربایجانی غەربی(ورمێ)ش سوپای شوهەدا دامەزرێنراوە و حەبیب شەهسواری فەرماندەیەتی، هەرچی لوڕستانیشە سوپای حەزرەتی ئەبولفەزڵ هەیە و مورتەزا کەشکۆڵی فەرماندەیەتی.[٥٣]

---

[٥٣] . ایران وایر، سپاه استان ها، ٢٠١٩/٤/٧: https://iranwire.com/fa/features/٢٩١٢٣

## هەڵسەنگاندنێکی گشتی هێزی بەرگریی ئێران

وا سەدساڵ بەسەر دامەزراندن و یەکخستنەوەی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێراندا تێدەپەڕێت، پاش سەدساڵ و بە سەیرکردنی ڕابردووی ئەم سوپایە و بە تێپەڕین بە چەندین تاقیکردنەوەی نێوخۆیی و دەرەکییدا، ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە کە بەتوانا و سەرکوتکار بووە بۆ سەرکوتکردنی گەلانی نێوخۆی وڵات و زۆرجاریش لەرزۆک بەرامبەر دوژمنانی دەرەکی.

ئەم هێزە دەوڵەتییانە لەمێژووی خۆیاندا چەندجارێک تاقیکراونەتەوە، لە زۆر قۆناغدا دەستواردانیان کردووە لە کاروباری سیاسییدا و سەرکەوتوو بوون لەوەدا کە ئاسمان و زەوییان دژی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی و نەتەوە غەیرە فارسەکان کردووەتە ئاگردان و مەیدانی سەرکوتکاری، بە پێچەوانەوە بۆ نموونە لەبەردەم دوژمنانی دەرەکی لەساڵانی ١٩٤١دا بە چەند ڕۆژێک یان کەمتر هەرەسییان هێنا و تەسلیمی سوپای بەریتانیا و سۆڤێت بوون. ئەم هێزە دەوڵەتیانە بە هاوبەشی تەنها لە جەنگێکی دەرەکییدا خۆیان بە براوە دەزانن و بە خەستی و گیانانە خوێنیان دا و دژی دوژمن بەرگرییان کرد، ئەویش جەنگی ٨ساڵەی ئێران-عێراقی بوو، کە دژی یەکتر بوو، ڕاستییەکەی هەردوو وڵاتیش تێیدا دۆڕان، یان لانیکەم هیچکامیان نەیانبردەوە. لە چەند ساڵی ڕابردووشدا بەرامبەر پەلامارە ئیسرائیلی و ئەمریکییەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێران، لە وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ و تۆڵەکردنەوە خۆی پاراستووە.

لەبــارەی دەســـــتێوەردانییەوە لە ململانێی نێوخۆیی و ســـیاســـیدا، ئەوا ئەم ســـوپایانە بوونەتە بەشـــێک لە ململانێ و ئـامرازی ســـــەرکوتکردنی نێوخۆیی، ڕەنگە خراپ نەبێـت دوو نموونەیەک بخرێتە ڕوو، کە دەگەڕێتەوە بۆ ســەرەتای پێکهاتنیان و تا هەنووکەش ئەم نەریتی دەستێوەردانە بەردەوامە:

یەکەم: هەر لەســەرەتای هەوڵەکانی یەکخســتنی هێزەکانی ئێران، ڕەزاخان لە تێپەڕاندنی یاســای ســـەربازیکردنی زۆرەکیدا، ڕووبەڕووی ئـاســـــتەنگی پەرلەمـانی بوویەوە و کـارەکەی لە پەرلەمانەوە وەســـتا، بەڵام بۆ تێپەڕاندنی یاســـاکە، لە هەڵبژاردنی خولی نوێدا و بۆ دروستکردنی لایەنگری و هێنانە پێشی حکومەت و پەرلەمـانتـارانی نزیـک لە خۆی، لەڕێی بەکـارهێنـانی هێزی ســـەربازی و لە ڕێگەی دەســـتوەردانیان لە ســـندوق و فشـــار و تۆقـانـدن و تەزویرکردنەوە نوێنەرانی لیســـــتەکـانی حزبەکـانی ســـۆســـیالیســـت و نوێگەرییان دەرچاند کە هاوپەیمانی بوون و بەمشـــێوەیە ئەو کوتلە نزیکانەی ڕەزاخان زۆرینەی پەرلەمانیان پێکهێنا و لە خولی نوێدا یاســـاکەیان تێپەڕاند[٥٤]، کە نمونەی زەقی دەستێوەردانی سوپای دەوڵەتن لە سیاسەت و ئەرکێکدا کە هی ئەو نییە.

دووەم: لەبارەی ســـــەرکوتکاری نێوخۆییشـــــەوە، پاش کودەتاکەی ١٩٢١ی ڕەزاخان و دەوڵەتەکەی، دەیویست سوپایەکی دەوڵەتیی و یەکپارچە دروســـتبکات، بۆ ئەم مەبەســـتە باڵیۆزی

---

[٥٤]. داود امینی، ***همان***، ص١٧٧.

قاجار له واشــــنتۆن، ڕۆژی ١٦ی كانوونی دووەمی١٩٢٣، داوا له ئەمریكا دەكات چەند فرۆكەیەكی ســــەربازی پێبفرۆشــێت، بەڵام ئەو وڵاته ڕازی نابێت، بەو بیانووەی ناكرێت خۆی دامەزرێنەری كۆنفرانســی ئاشــتی و داماڵینی چەك بێت و فرۆكه بداته ئێران تا پەلاماری وڵاتانی دیكه بكات! بەڵام باڵیۆزی ئێران دەســــتبەجێ وتبووی: هیچ خەمیان نەبێت ئامانجی دەوڵەتی ئێران بۆردوومانی دەوڵەتانی دراوســــێ نییه و تەنها بۆ ســــەركوتكردنی یاخیی و عەشــایەر نێوخۆیه و ســەپاندنی ئاســایشــی ناوخۆییه! عەجەب ئامانجێك!

ســــوپای دەوڵەتی ئێران هەروای كرد، یەكەمین جەنگی فرۆكەســەربازییەكانی دژی دوژمنانی دەرەكی نەبوو، بەڵكو دژی كوردانی لوڕ بەكارهات و به توونديين شێوەی سەردەم پەلاماریی خەڵكی بێدیفاعی لوڕســــتانیان دا و ســــەركوتییان كردن. ئەمە یەكەمین فڕینی جەنگیی مێژووی ســوپای ئێرانه كه خەڵكی خۆی تێدا لەناوبرد و له ململانێی ناوخۆییدا خۆی تاقی و خاڵیكردەوە[٥٥].

با ئەمەش جێنەمێنێت، گەرچی ســــوپا بۆ تەنگانه و بۆ دوژمنی دەرەكی و پاراســتنی هاوڵاتیان دروســت دەكرێت، بەڵام لەبەر لاوازی سوپا و ناكارایی له تەنگانەدا، لەگەڵ هەر كودەتایەك یان ڕووداوێكی ڕیشــەییدا، دەســەڵاتدارانی متمانەیان بەم سـوپایه نەبووە هێزی بەدیلی ســوپایان دروســتكردووە، له ئێران ســوپای پاسداران و بەسیج و پێشمەرگانی موسڵمانی كورد و ...تاد وەك

[٥٥] . داریوش رحمانیان، ایران بین دو كودتا، انتشارات سمت، تهران، ١٣٩١، ص١١٣و١٣٠.

بەدیلی ئەرتەشـــی یەکگرتوو و بۆ تەواوکردنی ئەرکی ئەنجامنەدراوی ئەوان دروستکراون.

ســەبارەت بە پەیوەندی کورد و ســوپای نیشــتمانییەوە، هەر لەســەرەتاوە نیوانێکی خۆشــیان نەبووە، بۆ نموونە لە کاتی ســەپاندنی ســەربازیی زۆرەکیدا، ناوچە کوردییەکانیشــی گرتەوە، بەڵام بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتەکانی ستەمی نەتەوەیی لەلایەن دەوڵەتەوە، یەکنەتەوەکردن و سڕینەوەی شوناسی گەلانی دیکەی نـافارس، مۆدێرنســـازی زۆرەکی، کەمکردنەوەی دەســـەڵاتی فەرمانڕەوا ناوچەییەکان، کولتووری باو، ململانێکان و ســەپاندنی نـاوەنـدگەرایی و هۆکـاری دیکەش، کوردەکـان ئـارەزووی بەشـــداریکردنیان لە ســـوپادا کەمڕەنگ بوو، جیا لەوەش ئەو لەشـکرەی کە پێکدەهات ڕاسـتەوخۆ دژی ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد دەجوڵایەوە و ســەرکوتی دەکردن. بۆیە گەنجانی کورد پشـــتیان دەکردە بانگەوازی ســـەربازیکردن و ڕوویان دەکردە شـــاخەکان یان دەچوونە ڕیزی هێزە ئۆپۆزســـیۆنەکان، (ئەم دیـاردەیە تـا هەنووکەش مـاوە). لەنـاو کولتووری زارەکی کوردیـدا، بە نـاهەق نییە هێنـدە فـایلی ســـوپـای دەوڵەت ڕەش دەنـوێـنـێـت، دایـکـانـی کـوردی مـوکـریـان، بە لایـلایەیەک سەربازییکردنی بەزۆرییان ئاوا وێنا کردووە:

*کوڕم گەورە کرد بە شەکری شاری/ ڕەزاشا دەیبا لە بۆ ئیجباری*
*کوڕم گەورەکرد بە شیری مەڕێ/ ڕەزاشا دەیبا پێی دەکا شەڕێ*
*ڕەبی ڕەزاشا تەختت وەرگەڕێ*[٥٦]

[٥٦] . سەعدی عوسمان، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، دەزگای موکریانی، هەولیر، ٢٠٠٧، ص١١٢-١١٣.

## ڕاگەیاندن لە ئێراندا؛ پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر

میدیا بە گشـــتی لە کۆماری ئیســـلامیی ئێراندا، بە پێی دەســـتووری ئێران و یاســـا بەرکارەکانی، بەتەواوی پێویســـتە تۆمارکراو و پابەند و لەبەر ڕۆشـــنایی ســـیاســـەتی کولتووریی دەوڵەتدا(نەک حکومەت)، بەڕێوە بچێت، لەوەش زیاتر هەرســـێ جۆری نووسـراو و بینراو و بیسـتراو، ڕاسـتەوخۆ لەچوارچێوەی دەزگایەکدا ڕێکخراوون و ســـەر بە ماڵی ڕابەریی و ڕاســـتەوخۆ ڕابەری ئێران، بەڕێوەبەرەکەی دیـاری دەکـات. تەنـانەت یەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ســـەربەخۆ و ئەهلی و حزبی لە نێوخۆی وڵاتدا بوونی نییە، لەوەش زیاتر پەیج و ئەکاونتی کەســـایەتی و گروپەکـانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانیش پێویســـتە لەچوارچێوەی یاســـای بەرکاری ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە بەڕێوە بچن و مۆڵەت وەربگرن.

پرسـیارە سـەرەکییەکانی ئەم بابەتە: پێشـینەی مێژوویی دامەزراندنی میدیای نووسراو و بینراو و بیستراو چۆنە؟ ڕەوشی میدیا بە پێی دەســـتوور و یاســـای ئێران چۆن ڕێکخراوە؟ ئەو ڕەخنانە چیین لە ڕەوتی ڕاگەیاندن دەگیرێن لە وڵاتەدا؟

### پێشینەی ڕاگەیاندن

ڕاگەیـانـدنی پێشـــین (ڕۆژنـامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) لە ئێرانی نوێ و هاوچەرخدا، مێژوویەکی تاڕادەیەک درێژیان هەیە، سـەرەتا بە ڕۆژنامە و پاشـان ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەسـتی پێکرد،

هەرسێ جۆرە باوەکەشی لە سەرەتای دامەزراندنیاندا، بەجۆرێک قەرزاری ڕۆژئاواییەکانن:

١. ڕۆژنامە: یەکەمین ڕۆژنامە لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامەی "کاغذ اخبار"(پەڕاوی هەواڵ)، کە میرزا صالحی شیرازی، لەسەردەمی محەمەدشای قاجاردا لە ساڵی ١٨٣٧دا دایمەزراند، میرزا یەکێک بوو لەو چوار خوێندکارەی کە بۆ خوێندن لە ئەورووپا(بەریتانیا) لە ساڵی ١٨١٥دا نێردران و کە گەڕایەوە ئەم ڕۆژنامەیەی بۆ مەملەکەتی قاجار دامەزراند.[٥٧] بەڵام بیرمان نەچێت کە بەکارهێنانی وشەی "روزنامە"{ڕۆژنامە} مێژووەکەی بۆ سەردەمی بووەیهییەکانی قۆناغی خەلافەتی عەباسی و (صاحب بن عباد) دەگەڕێتەوە، کە ئێرانی ئەمڕۆش بەشێکی قەڵەمڕەوییەکەیان بووە، بەڵام بە واتای دەفتەری ڕۆژانەی بیرەوەری و یاداشت هاتووە و بە واتا هاوچەرخەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم.[٥٨]

٢. ڕادیۆ: گەر لە ڕۆژنامەگەرییدا، ئێران قەرزاری ئەزموونی بەریتانیا بێت، ئەوا لەڕادیۆدا قەرزاری ئەڵمانیایە، یەکەمین دەزگای تۆمارکردنی دەنگ لەساڵی ١٩٢٧دا، وەزیرێکی ئەڵمانی پێشکەشی ڕەزاشای پەهلەوی کرد، شا فەرمانی کرد ئەو دەزگایە لە پەرلەماندا جێگیر بکەن تا گوێی لە گفتوگۆکانی

---

[٥٧] . مهدی احمدی(١٣٩٨): میرزاصالح شیرازی و تاسیس نخستین روزنامە در ایران، IRNA: https://bit.ly/٣oaQOLV

[٥٨] . سایت نقشبند(١٣٨٨): نیم نگاهی به تاریخ پیدایش روزنامه در ایران، سایت نقشبند: http://naghshband.blogfa.com/post/٧٢

پەرلەمانتاران بێت نەک بەرنامە بۆ هاونیشتمانییەکانی پێشکەش بکات! ساڵێک پاش ئەوەش سەرتیپ زاهیدی ئامێرێکی ڕادیۆیی پێشکەشی شارەوانی ڕەشت کرد، تا گەیشتە ئەوەی ساڵی ١٩٢٩ پرۆژەیاسای بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگ پێشکەشی پەرلەمان کرا و ئەوەش یەکەمین یاسای تایبەت بە میدیایە لە ئێراندا، هەوڵێکی ئەهلی بوو کە میرزا حسینی دیبا پێشکەشی کرد بۆ وەرگرتنی جیاوگی دامەزراندنی ڕادیۆ، گەرچی ئەم یاسایە بۆ ساڵێک مۆڵەتی دابوویە خاوەنی پرۆژەکە و کردەیی نەکرا و ڕادیۆش (وەک پەخشکەر) دانەمەزرا، بەڵام هەمان ساڵ کڕینی ئامێری ڕادیۆ و دانانی لەماڵەکاندا ڕێی پێدرا بەمەرجێک داواکاری بۆ وەزارەتی نێوخۆ بەرزبکرێتەوە و مۆڵەتپێدراو بێت. ساڵی ١٩٣٨یش یەکێک لە ئاشورییەکان(جیمس قهرمانیان) پێشنیاری ئەوەی دایە شا تا دەزگایەکی ڕادیۆی سەرانسەری لەوڵاتدا دامەزرێنێت، بەڵام هەموو ئەم هەنگاوانە کردەیی نەبوون، تا ئەوەی ساڵی ١٩٤٠ ڕادیۆ لە ئێراندا ئیفتیتاح کرا.[٥٩] ساڵێک پاش ئەوەش فەرمانگەی بانگەشە دامەزرا و پاشان ناوەکەی گۆڕدرا بۆ بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و ڕادیۆ.[٦٠]

٣. تەلەفزیۆن: مێژووی هاتنەناوەوەی تەلەفزیۆنیش، بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦، ئەوکات گەنجێک بە ناوی

---

[٥٩] . بڕوانە: حسین محبوب اردکانی(١٣٩٠): تاریخ موسسات تمدنی جدید در ایران، ج٣، انتشارات دانشگاه تهران، صص٧٥-٧٦.

[٦٠] . داریوش رحمانیان(١٣٩١): ایران بین دو کودتا، انتشارات سمت، ص٢٤٧.

"کارزونی"، خەڵکی ئەسفەهان، کە لەبواری دەرهێنانی سینەماییدا لە دەرەوەی وڵات خوێندبووی، بیری لەوە کردەوە و هەوڵێکی زۆری دا لە ئێراندا دەزگایەکی پەخشی تەلەفزیۆن دامەزرێنێت، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت. گەرچی هەر لەو دەیەیەدا دامەزراندنی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن پێشنیار کرا، بەڵام ئەمەش کرداری بەشوێنەوە نەبوو، تا ئەوەی کەسێک بە ناوی حەبیبوڵا سابیت پێشنیاری دامەزراندنی تەلەفزیۆنێکی لە ساڵی ١٩٥٨ (١٣٣٧ش)دایە پەرلەمان و پەسەندی کرد، بەم شێوەیە یەکەمین یاسای تایبەت بە تەلەفزیۆنیش لەئێراندا دەرچوو. ڕۆژی ٣ئۆکتۆبەری١٩٥٨ یەکەمین تەلەفزیۆن بە ناوی "تەلەفزیۆنی ئێران" دەستی بە پەخش کرد و ڕۆژانەکەی چوار سەعات هەبوو. ساڵی ١٩٦٦یش یەکەمین تەلەفزیۆنی نیشتمانی-دەوڵەتی وەک پەخشی ئەزموونی دەستی بەکار کرد.[٦١]

## ڕاگەیاندن و سانسۆر لە ئێرانی هەنووکەییدا

بواری ڕاگەیاندن کە لەژێر ناوی "صدا و سیما"دا {دەنگ و ڕەنگ} لە دەستووری ئێراندا بەشی دوانزەیەم و مادەی ١٧٥ی بۆ تەرخان کراوە، پێشتر ئەم بڕگەیە ناوی "میدیای گشتی یان

[٦١] . تاریخ تلویزیون در جهان و ایران: https://mihankalaa.com/blog/historial-de-tv/ .

گرووپی بوو" بەڵام لە هەموارکردنەوەی دەستووردا گۆڕدرا بۆ "سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامی ئێران".[٦٢]

ئەم مادەیە سەرەتاکەی وا هاتووە کە ڕا و باوەڕ ئازادە و پێویستە دەستەبەر بێت، بەڵام مەرجداری کردووە بەوەی کە پێویستە لە چوارچێوی پێوەرە ئیسلامییەکان(مەبەستی پێوەرەکانی شیعەی دوانزە ئیمامییە کە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەتە بە پیی دەستوور) و بەرژەوەندییەکانی وڵاتدا بێت. (دیارە لەپێشدا سەدا و سیما مەبەست ڕادیۆ و تەلەفزین و ڕۆژنامە بوو، بەڵام هەنووکە سەرجەم بوارەکانی میدیا لە خۆدەگرێت و تەنانەت هەور و پانتایی گریمانەیی ئینتەرنێتیش دەگرێتە خۆ). هەر بەپێی ئەم ماددەیە دانان و لادانی سەرۆکی دەزگاکە لە دەسەڵاتەکانی ڕێبەردایە و ئەنجومەنێکی بۆ پێکدەهێنرێت کە لە نوێنەرەکانی سەرکۆمار و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و پەرلەمان پێکدێت و چاودێری ئەم دەزگایە دەکەن، سیاسەتی گشتی و ڕێکخستنی دەزگاکە و چاودێرییکردنیشی بە یاسایەک لە پەرلەمانەوە ڕێکدەخرێت، هەر بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەزگاکە (ماددەی حەوت) ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە دەبێت: موسڵمانێکی مولتەزیم بێت، باوەڕی بە وەلی فەقیە هەبێت، ئاگای لە سیاسەتی نیوخۆیی و دەرەوە و بابەتی ڕۆژ هەبێت، پێشینەی پاک بێت و ...تاد.

[٦٢] . قانون اساسی, جمهوری اسلامی ایران. ١٣٩٥. مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، جمع آوری: معاونت حقوقی ریاست جمهوری، اداره چاپ و انتشار معاونت تدوین، تنقیح و انتشار قوانین و مقررات. تهران، مادەی ١٧٥.

هەروەها بەپێی یاسای پێڕەوی دەزگای ڕاگەیاندن (صدا و سیما) (مادەی نۆ)ئامانجەکەی ئاوا دیاری کراوە: کە "دەزگا ی ڕاگەیاندن وەک زانکۆیەکی گشـــتی بڵاوکردنەوەی کولتووری ئیســـلامییە، پێویســـتە ژینگەیەک بۆ تەزکیەی نەفس و فێربوونی ئینســـان و گەشـــەکردنی فەزیڵەتە ئەخلاقییەکان دروســـت بکات و خێرایی ببەخشـــێ بە هەنگاوەکانی تەواوکردنی شـــۆڕشـــی ئیســـلامی لەسەرانسەری جیهاندا، ئەمەش لەچوارچێوەی بەرنامەی ڕێنمایی، هەواڵی و سەرگەرمی پەرەپێبدرێت."[٦٣]

لێرەوە دەردەکەوێـت ئەو بنەمـا و پێوەرە هـاوچەرخە جیهانییانەی کە میدیای ئازاد و وڵاتانی دیموکرات لەســـەری دەڕۆن، جیاواز و پێچەوانەیە لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی ڕاگەیاندن لە ئێراندا و پەیامەکانی کارکردنی، دوو دنیای جیاوازن و ئامانجی میدیا لە ئێراندا زیاتر ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی فەرمی و بنەماکانی شۆڕش و مەزهەب.

پـاش شـــۆڕشـــی ١٩٧٩ و بەر لە هەمواركردنەوەی دەستوور، دەزگای میدیای ئێران، لەژێر سەرپەرشتیی هەرسێ دەســـەڵاتدا (جێبەجێکردن، پەرلەمان و دادوەریی) بوو، کە تێیدا تـاڕادەیەک کرانەوە و ڕەنگاوڕەنگی تێـدا بەدی دەکرا، بەڵام بە

[٦٣] . بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (مادەی١٧٥ی دەستووری ئێران)،(یاسای بەڕیوەبردنی صدا و سیمای جمهوری اســـــــــــــــــــــلامـــــــــــــــــــــی https://rc.majlis.ir/fa/law/show/٩٠١٠٤?keyword=%D٨%B٥%D٨%AF%D٨%A٧+%D٨%B٣%DB%٨C%D٩%٨٥%D٨%A٧ ) و (یاســـای اســـاســـنامه ســـازمان صـــدا و ســـیمای جمهوری اســـلامی: https://rc.majlis.ir/fa/law/show/٩٠٤٠٢ ).

هەموارکردنەوەی دەستوور(١٩٨٩)، دەسەلاَت و وابەستەیی دەزگای ڕاگەیاندن خرایە سەر دەسەلاَتەکانی ڕێبەر و وابەستەکرا بە سیاسەت و ڕێنمایی و باوەڕەکانی ئەو دەزگایەوە.[٦٤]

بارەگای سەرەکی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕەسمی ئێران، هەنووکە لە شەقامی وەلیعەسری تارانی پایتەختە و دەکەوێتە باکووری شاری تارانەوە و نزیکەی ١٢٠ هێکتار زەوی بۆ دابین کراوە. جیا لەمەش لە سەرجەم پارێزگاکانی دیکەشدا لق و نوسینگە و دەزگای لێبووەتەوە و هەر پارێزگایەکیش نوسینگە و تەلەفزیۆنێک و ڕادیۆیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و ئامراز و دەسەلاَتیان دراوەتێ و دەست بەکارن. سەرجەمیان سەر بە دەزگا گشتییەکەی تارانن و هەر بۆ نموونە زیاتر لە ٣٥ کەناڵی تەلەفزیۆنی لە پارێزگاکان و شارەکاندا هەیە و هەمان ئەندازە و زیاتریش رادیۆی هەیە. هاوکات چەندین تۆڕی ئینتەرنێتی و سایت و پەیج و ... و دەزگای وەشاندن و ئینتەرنێتی و ...تاد بەڕێوە دەبات.[٦٥]

جیا لەمەش لەدەرەوەی ئێرانیش چەندین لق و کەناڵی ئاسمانی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و سایت و ...تاد لێبووەتەوە و سەرجەمیان ڕووماڵی سیاسەتی کولتووری و هەژموونی دەوڵەتی ئێران دەکەن، وەک: کەناڵەکانی سەحەر بە زمانەکانی کوردی و ئوردو و فەرەنسی و ئازەری، کەناڵەکانی جامی جەمی

---

[٦٤] . بڕوانە: قانون اساسی, جمهوری اسلامی ایران. (١٣٩٥): همان.

[٦٥] . تابناک(١٤٠٠): سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران: https://bit.ly/٣z١IzW٦

دەرەوە، ئای فیلمەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی، کەوسەری عەرەبی، ئەلعالەمی عەرەبی، پرێس تی ڤیی ئینگلیزی و هیسپان تی ڤیی ئیسپانی..تاد و ڕادیۆکانی دەرەوەی وەک: شەش ڕادیۆ (١تا٦) بە زمانی عەرەبی، نەدای ئیسلامی ئینگلیزی و ڕووسی و تورکی و فەرەنسی و..تاد، ڕادیۆی دەری بە فارسی دەری، ڕادیۆی سەدای ئاشنا بۆ ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیا.

دەزگای ڕاگەیاندن لە ئێراندا زانکۆیەکی تایبەت و چەندین کۆلێژ و پەیمانگای هونەری بۆ کراوەتەوە (زانکۆی دەنگ و ڕەنگ) کە کادیری بوارەکە پەروەردە دەکەن و بە پشتگیری تایبەت و پێوەری خۆیان وەردەگیرێن، نەک بە ئارەزوومەندانە و بەنمرە.

لەڕووی سەرچاوەی داراییەوە، زۆرینەی خەرجییەکانی لە سەر بودجەی گشتی تەرخان دەکرێت و بەشێکی دیکەشی لەڕێگەی ڕیکلام، پشکداری لە: پارەی بەشدارانی کارەبا، پارەی بواری وەرزش، پشک لە فرۆشتنی ئامێرەکانی تەلەفزیۆن، پشکدار لە دەرامەتی ڕۆژنامەکان، دەزگاکانی وەشاندن، گۆڤار و بڵاوکراوەکان، دەرامەتی چەندین کۆمپانیای میدیای وەک سروش و سیما چوب و...تاد دەست دەخرێت.

**سانسۆری میدیایی لە ئێراندا**

ئەوەی لەمێژووی ڕاگەیاندنی ئێراندا تێبینی دەکرێت، سەرجەم هەوڵە یەکەمینەکانی دامەزراندن و وەشاندنی دەزگای میدیایی سەرەتا هەوڵی ئەهلی و کەسایەتی بوون، بەڵام

لەکۆتاییدا دەوڵەت دەسـتی بەسـەردا گرتوون و نەک ئەوەی میدیای دەوڵەتی بەهێزتر بێت، بەڵکو سەرجەم میدیاکان پێویستە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بن. تێبینیەکی دیکەی نێو بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە ئێراندا ئەوەیە، هاوتا لەگەڵ هەوڵە سەرەتاییەکانی پەرەپێدانی میدیادا، مێژووی سانسۆر و داخستن و دەسگیرکردنی ڕۆژنامەنووسانیش پەرەسەندوو بووە و ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەڵکو وەک نەریتێکی دێرینی دەوڵەتە ئێرانییەکانە و هەر لە دەوڵەتی قاجارەوە تا پەهلەوی و دەوڵەتی هەنووکەیی دەزگا سانسۆرییەکانی میدیا زۆر کاریگەرترن لە دەزگا وەشێنەرەکانی.

گەرچی بە پێی دەستووری ئێران، لە مادەی ٢٤دا هاتووە، کە "بڵاوکراوە و چاپکراوەکان لە دەربڕیندا ئازادن، مەگەر ئەوەی کە زیان بە بنەماکانی ئیسلام یاخود مافە گشتییەکان بگەیەنن"[٦٦]، بەڵام هەر لەو دەستوورەدا و بەپێی ماددەی ١١٠ کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵاوە، لە بڕگەی ج-دا دەسەڵاتی دانان و لادان و قبوڵی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی دەزگای دەنگ و ڕەنگ (رادیۆ و تەلەفزیۆن و ...تاد- صدا و سیما)ی داوەتە "ڕابەری باوەڕدارانی جیهان" (ڕابەری ئێران)[٦٧] و بە پێی هەردوو یاسای بەڕێوەبردن و پێڕەوی صدا و سیمای ئێرانیش

---

[٦٦] . معاونت حقوقی ریاست جمهوری(١٣٩٥): مجموعه قانون اساسی ج.ا.ایران، چاپ چهارم، تهران، ص٤٨.

[٦٧] . همان، ص٩٩.

مەرجەکانی بەڕێوەبەرانی و سـەرپەرشـتیارانی و پەیامەکانی بە ئایدۆلۆژیا و مەزهەب کاریگەرن و مەرجی کاری میدیاییە.

زۆرترین ڕەخنەیەک لەم دەزگـایە دەگیرێـت، لەلایەک ئایدۆلۆژیبوونییەتی کە دەربڕی ڕای لایەنێک و ئاراسـتەیەکی سـیاسـییە و بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەمە بەڕوونی دەردەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە لەخۆگری دەنگی پێکهاتە نەتەوەیی و ئـاینی و مەزهەبییەکـانی جگە لە شـیعە نییە، بۆ نموونە لە بانگدانەوە تا دەگاتە پەخشـی بەرنامەکان زیاتر بەرنامەی ئاینی شـیعەگەراییە و لەڕووی زمانیشـەوە زمانی رەسـمی فارسـییە و زمانەکان (کوردی، عەرەبی، بەلوچی و ئازەری) و مەزهەبەکانی دیکە (سـوننە وئاینەکانی وەک مەسـیحی و جوو و زەردەشـتی) فەرامۆش کراوون و لە چەند بەرنامەیەکی کولتووری و هونەرییدا نەبێت بواری پەخشییان نییە.

لەگەڵ ئەمانەشـدا ئەوەی ئەم دەزگایەی پێدەناسـرێتەوە، سانسۆرە بەردەوامەکانییەتی لەسەر بەرهەم و هاوکارەکانی، ئەم سـانسـۆرەش خۆی لە سـانسـۆری سـیاسـیی، ئاینی، مەزهەبی، ئەخلاقی، جلوبەرگ و کەلامییدا دەبینێتەوە، سـانسـۆرچی لە وەرزش و هونەری منالانەوە تا سیاسەت ڕۆڵ دەگێڕێت، تەنانەت هێندە کـارایە کە ڕەنگی جلوبەرگ و جۆری جلوبەرگی زنجیرە کـارتۆنییە بیانییەکانی منالانیش دەگۆڕێت، بەجۆرێک جاری وا هەبووە دوو کاراکتەری عاشقی یەکتر لە کارتۆنێکی منالاندا وەک خوشـک و برا نمایش کراوون، ئەمەش بە بیانووی ناشـەرعی

پەیوەندیی هاوڕێیەتی کچ و کوڕ لە مەزهەبی شـــیعەدا! لەبواری وەرزشـــیشـــدا بۆ نموونە ســـرودی نیشـــتمانی ئەمریکای پەخش ناکرێت(لەیارییەکانی ئێران و ئەمریکا)! لەبواری هونەریشـــــدا زۆرینەی هـونەرمەنـدانی ئێرانی نـێوخۆ و دەرەوەی ئێران بەرهەمەکـان و وێنەیـان ڕێگەی پەخشـــکردنی نـادرێت و هەر ئەمەش وای کردووە، بەشـــێکی دیکەی هونەرمەندانیش بایکۆتی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ڕەســـمـی وڵاتیـان کردووە. لەڕووی ڕۆژنـامەگەریشـــەوە، تۆماری داخســـتنی ڕۆژنامەکان بەهۆی حاڵەتی سـیاسـیی و نەتەوەیی و مەزهەبییەوە لیسـتێکی درێژە و لێرەدا بوار نییە بخرێنەڕوو.

لە نموونەی سیاسیشدا بۆ دەساڵ زیاتر وێنەی سەرۆکی هەندێ وڵات لە لیستی پەخشنەکردندا بووە و تەنها بە نووسین ڕووماڵ کراوە وەک وێنەی جۆرج بووشـی سـەرۆکی ئەمریکا، لە ئاستی نێوخۆشدا، بۆ نموونە دەنگ و ڕەنگی خاتەمی، مووسەوی، کەروبی و ...تاد زیاتر لە هەشـــت ســـاڵ قەدەغە بوو لە هەر دەزگایەکی میدیایی دەوڵەتیدا پەخش بکرێن![٦٨]

ڕەخنەگرانی پســـپۆڕ، ڕەفتاری دەزگای ســـانســـۆر بە نەپاراســـتنی مافی بەرهەمهێنەر و نووســـەر و تەنانەت مافی بینەریش دەزانن کە هەم چەواشـــەکارانەیە و دژە ئازادییە و هەم مـافی خەڵکی دیکەی پێشـــێـل کردووە، ئەوان لەو بـاوەڕەدان

---

[٦٨] . پایان ممنوع التصویری خاتمی در تلویزیون ایران(٢٠١٦): سایت خبرگزاری آناتولی: https://bit.ly/٣٢CDozL

دەزگای ڕاگەیاندنی ڕەسمی دەکرێت لە بنچینەدا بەرهەمەکان پەخش نەکات نەک ئەوەی بەوشێوەیە پەخش بکات کە زۆرکات بەرهەم و کاراکتەرەکان لە سیاقی بەرهەمەکەدا ڕێونکراوون و ناناسرێنەوە.

## سیاسەت و پۆشاک؛ ئازادیی جلووبەرگ لە ئێراندا و کاردانەوەکانی سەپاندنی

لە نێو حکومەتە ئێرانییەکاندا، گەرچی سیاسەتی سەپاندن و لابردنی پۆشاکییان بەسەر هاوولاتییانیاندا وەک یەک نەبووە و حکومەتێک بۆ ئەوی دیکە جیاواز و بگرە پێچەوانەش بووە، بەلام هەموویان لە یەک دیاردەدا هاوبەش بوون کە دەستوەردەدەنە نێو ئازادیی کۆمەڵگە و تاکەکانیەوە، لە ڕێی سەپاندنەوە لەلایەن سەرجەم دەسەلاتەکانەوە هاوولاتی یان جلی پێداکەنراوە یان پێی لەبەرکراوە!

ڕەنگە کەم ولات هەبێت هێندەی ئێران، بەهۆی سیاسەتی کولتووری پۆشین و جۆری جلوبەرگەوە، ڕووبەڕووی خەڵکەکەی بووبێتەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەم سیاسەتی سەپاندنی شێوە و جۆری پۆشاک بەردەوامە و هەم بەرەنگاریی کولتووری نەیارانیشی درێژەی هەیە، ئێرانییەکان بە گشتی و کوردەکان بە تایبەتی لەم بوارەدا ئەزموونی پڕهەوراز و نشێوی زۆریان دیووە.

ئێران لە هەرسێ سەردەمی قاجار، پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە لەگەڵ هەندێک لە نەتەوەکان و بەشێک لە توێژەکانی کۆمەڵگەدا بەهۆی هەردوو پرسی نەتەوەیی و مەسەلەی ئایینی و دژە ئایینییەوە لەکێشەدا بووە، سەردەمانێک بەهۆی سیاسەتی یەکنەتەوەکردنی و درووستکردنی زۆرملێیانەی

نەتەوەیەک بەناوی ئێرانییەوە، جل وکڵاوێکی تایبەت بەســـەریاندا ســـــەپێنراوە، ماوەیەکیش لەگەڵ جلی فەقێ و مەلاکانیدا کەوتە کێشـــەوە و دەیووت نابێت لەبەرکرێن، ســـەردەمانێکیش بەناوی مۆدێرنەوە عەبـا و ڕووبەنـد بەزۆر لەســــەر و ڕووی ژنـان دەهێنرایەخوارەوە، هەنووکەش لەگەڵ جلی ژناندا کێشـەی هەیە و بە پێچەوانەی ســــەردەمی پەهلەوی یەکەمەوە، کە ڕووبەنـدی پێلادەبردن، ئێســـتا بەزۆر دەدرێ بە ڕوو و ســــەری ژناندا و سـەرپێچیکاران لە سـزای مادییەوە تا زیندان و بە تاوانی "مفسـد فی الارض" دەکرێنە کونجی زیندانەوە. هاوکات جۆری جلوبەرگی نەتەوە نافارســـەکانیش دیســـان جارناجار ســـەرهەڵدەداتەوە و زۆرجار ئەو نەتەوانە(کورد، بەلوچ و عەرەب) لەلایەک و دەوڵەت و فارســـەکان لەلایەکی دی دەخاتە بەرامبەر یەکەوە و دەچێتە لێواری تەقینەوە و توونـدووتیژی لێـدەکەوێتەوە. بەڵام ئەم سیاسەتەی دووابیان زۆر نەرمتر و ژێربەژێر دەکرێت و زۆرجار لە ڕێگەی میدیـا و میوانەکانی ئیهانەی جلووبەرگ و نەریت و کەلەپووری گەلانی دیکەی ئێران دەکرێت. بۆ نموونە سـووکایەتی بە نەریت و جلووبەرگی بەلووچ، عەرەب و کورد، لەم ســـاڵانەی دووایيدا بە جۆری جیاواز لە میدیا و لە زمانی فیگەرە هونەری و میدیاییەکانەوە کێشەی خوڵقاندووە.

لانیکەم لە مێژووی هـاوچەرخی ئێرانـدا مەســـەلەی جلوبەرگ شـەش ڕاپەڕین و خۆپیشـاندانی توندووتیژی بە دوای خۆیدا هێناوە( ڕاپەڕینی مەلاخەلیل، نارەزایی شـێخ نەسـرەدینی

خالســـــی، ڕاپەڕینی گەوهەرشـــــاد، خۆپیشـــــاندانەکانی دژایەتی سەپاندنی حیجاب لە سـالآنی سـەرەتای شـۆڕشـی ئیسـلامیدا، کەمپینەکـانی ٢٠١٤ و ٢٠١٨ی نـاڕەزاییەکـانی ژنـان بۆ مـاف لابردنی لەچکســـــەپێنی)، دووان لەوانە بەتـایبەت لە نـاوچە کوردســـــتانییەکانی ئەو وڵاتەدا بووە و ڕاپەڕینی چەکداریشـــــی لێکوتووەتەوە.

## جلوبەرگ وەک سیاسەتی مەزهەبیی دەوڵەت

هەردوو دەوڵەتی قاجار و کۆماری ئیســـــلامی ئێران، بە پێچەوانەی دەوڵەتی پەهلەوییەوە، تاڕادەیەکی زۆر ئاینزای شـیعە ڕۆڵێ کاریگەریی هەبووە لە سیاسەتی کولتووریاندا:

١. لەســـــەردەمی دەوڵەتی قاجارەوە، مەســـــەلەی جۆری جلووبەرگی ســـــەربـازان و ژنـان بوویە پرســـــێـک، بەڵام لە چوارچێوەیەکی ســـنووردار‌دا و لە دۆخی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی وا کاریگەریی لێنەکەوتەوە.

جۆری جلوبەرگی ژنان، بەشـــێک بووە لە تەگەرەکانی بەردەم ســیاســـەتی کولتووری حکومەت و کۆمەڵگەی قاجار، لە ســـــەردەمی قاجاردا بەهۆی باڵادەســـــتی مەزهەبی شـــیعەوە و هەژموونی ئەخبارییەکـان(بنـاژۆخوازە کلاســـیکییەن)، ڕووبەنـد (مقناع) و عەبا وەک ڕووپۆشـی ڕووخسـاری ژنان بەکاردەهێنرا، بەتایبەت لە ناوچە فارسنشین، عەرەب، ئازەرییەکاندا، بە نزیکەیی ڕەها سـەرجەمی ژنان بە ڕووبەندەوە دەچوونە دەرەوەی ماڵ و بازاڕ و کایەگشتییەکانەوە (گەر بڕۆشتنایە)، ئەمەش بەشێک بوو

لە سیاسەتیی کولتووریی دەوڵەت و سیاسەتی مەزهەبی دەزگایی ئـایـیـنـی ئەودەم، یەکەمـیـن ژنـی یـاخـی و دژەبـاو بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە کە سەپێنرابوو بەسەر ژناندا، "تاهیرە قورەتولعەین" بوو کە ژنێکی پێرەوی بابیی بوو، لە سـاڵی ١٨٤٩ز(١٢٢٧)، بۆ یەکەمجار بە بێ ڕووبەند لە ناو خەڵکدا خۆی دەرخسـت و دەسـگیرکرا، پاشـتریش تۆمەتی دەسـتهەبوونی لە کوشـتنی مامیشـی خرایە پاڵ، لەسـەردەمی ناسـرەدین شـای قاجاردا لە سـێدارەدانی بۆ لە سـاڵی١٩٥٢دا بۆ دەرکرا، دەوترێت خنکێنراوە و تەرمەکەی فڕێدراوەتە یەکێک لە چاڵەکانی تارانەوە.[٦٩]

٢. لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا، پاش ئەوەی شـۆڕشـی نەتەوەکانی ئێران سـاڵی ١٩٧٩ پێکەوە ئەنجامیاندا و سـەرجەم هێزە ئازادییخوازە نەتەوەیی و مەزهەبی و چەپەکان بەشـداربوون، بەڵام پاشـتر و زاڵی باڵی شـیعە مەزهەبییەکان ئاراسـتە و ئامانجی شـۆڕشـیان بە دیووی ئیسـلامییدا گۆڕی و دەسـتوورێکی ئیسـلامی/شـیعی/دوانزەئیمانی/ویلایەتی فەقیهییان بۆ داڕشت و لەو چوارچێوەیەشدا چەندین ڕێوڕەسمی کولتووریی و پێچەوانەی شـیعە یـان ئیسـلام قەدەغەکران، لەوانەش سـیاسـەتێکی توندی جلووبەرگ بەسـەر ژناندا سـەپێنرا و مەسـەلەی بێلەچکی قەدەغەکرا و سـیاسـەتی سـەپاندنی حیجابی

---

[٦٩] . حسن زندیە و هردی مهدی و اژی آزاد(٢٠١٩): کشف حجاب در مناطق کردنشین ایران در دورە پهلوی اول(روند اجرا و پیامدها)، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە ١٥، کانونی یەکەم، ص١٧٩٠.

ئیجباری سەپێنرا لە ڕێی یاسا و دەزگای گەشتی ئیرشادەوە ئەم بەرتەسککردنەوەی ئازدیی پۆشین سنووردار کرا و تا هەنووکەش بەردەوامە.[٧٠]

هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەم کردەوەیە لەلایەن ئازدیخوازان و گرووپە ناڕازییەکانی کۆمەڵگە گیرایەبەر، بەڵام هیچکات حکومەتی ئێران لەم بابەتە سڵی نەکردەوە و تا هەنووکەش بەردەوامە و ڕۆژانە سەدان کەس لە نێو ئێراندا بە تۆمەتی دەرکەوتنی قژ، مل، قاچ، ڕان و جلی تەسکەوە، ژنان و کچانی ئەو وڵاتە ڕاپێچی زیندان دەکرێن یاخود دەستبەسەردەکرێن و بە برە پارەیەک سزادەدرێن و دەدرێنەوە بە سەرپەرشتیارانیان.

دوایەمینیان ناڕەزاییەکانی دژی حجابی ئیجباری و ناڕەزاییەکانی ٢٧ی دیسەمبەری٢٠١٨ لە ژێر ناوی "کچانی شەقامی ئینقلاب" و کەمپەینی "نەخێر بۆ حجابی زۆرەملێیانە-#نە_بە_حجاب_اجباری " و بە درووشمی "حجابی ئیختیاری مافی هەر ژنێکی ئێرانییە" دەستی پێکرد و داوای هەموارکردنەوەی یاساکانی سەپاندنی حجابیان دەکرد، کەمپەینەکە گرووپێک کچی چالاکی مەدەنی لە مەیدانی شاری تاران و چەند شاری دیکەدا دەچوونە سەر سەکۆیەکی دیار و

---

[٧٠] . حجاب اجباری زنان در ایران؛ مقاومت و مخالفت‌ها با گذشت چهار دهه ادامه دارد(١٤٠٠): https://ir.voanews.com/a/islamic-revolution-iran-hijab-enforcement/٦٣٣٠١٣٦.html

لەچکی خۆیان فڕێدەدا، وەک ناڕازییبوونێک دژی سیاسەتیی بەزۆرپۆشینی لەچک و "حجابی ئیسلامی"، کە پاشتر بوویە کەمپینێکی فراوان و خەڵک و ڕێکخراوەکان و میدیاکارانی هاوپشتی خۆی کرد و تا وای لێهات کاربەدەست و دادگا و پۆلیسی دەوڵەتی هێنایە سەرخەت و زۆرینەیان دەسگیر کردن و هەندێکیشیان بە حوکمی یەکساڵ تا ١٨ ساڵ کەوتنە زیندانەوە، هەندێکیشیان بە کەفالەتی ١٠٠ملیۆن تمەنی یان زیاتر ئازادکران. لە کاردانەوە نێودەوڵەتییەکانیشدا چەندین ڕێکخراوی وەک بانێژەی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوی لێبووردنی نیودەوڵەتی و کەسایەتی و وڵاتانی وەک ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا ئیدانەی سەرکوتکردنی ژنانی ناڕازییان کرد و لە نێویشیاندا ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکیدا، باسی ئەشکەنجەدانی ئەو کچانەکرد لە زیندانەکاندا تا بە زۆر ددانپێدانانیان پێ بکەن و پرۆسەکە "بە دەستی دەرەکی" باس بکەن، بەڕێوەبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای ڕێکخراوەکەش (فلیپ لۆتەر) ڕێگری و سەرکوتکارییەکانی دەوڵەتی ئێرانی بەرامبەر ژنان و ئازادییەکانیان بە تەکتیکێکی ستەمکارانە وەسف کرد.

## جلوبەرگ وەک سیاسەتی نەتەوەسازیی زۆرەملێ

لەسەردەمی هاوچەرخدا و بەتایبەت پاش کودەتای ١٩٢١ و دامەزراندنی ئێرانی نوێ، لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی چوونیەکسازی(آسمیلاسیون)، مۆدێرنسازی، ناوەندگەرایی دەوڵەتی، ئێرانسازیی و تواندنەوەی نەتەوەکانی تر یان

بچووکردنەوەیان بۆ ئیسـنیک و گرووپی عەشـایەریی، بە هاتنە سـەرکاری دەوڵەتی پەهلەوی و ڕەزاشـا، ئەڵبەت بە هاندانی ڕۆشـنبیرە نەتەوەییەکان و میدیای دەوڵەتی ئێران، لەسـەر دوو ئاست دەستیان بۆ جلوبەرگی هاوڵاتییان برد:

١. یەکێکیـان جلوبەرگی پیـاوانە بوو، کە بەپێی ئەم سیاسەتە دەبوو هەموو "ئێرانییەک" شەبقە و ئەو جلانەش بپۆشێ کە دەوڵەت دیاریی کردوون و سـەرجەم جلوبەرگە نەریتییەکانی دیکە و پۆشاکی جیاوازی نەتەوەکانی دیکە قەدەغە بکرێن.[٧١]

بۆ جلی پیاوانە لە مـانگی دوانزەی ١٩٢٨ەوە دەسـتی پێکرد، گەرچی پێشـتر دەسـتکرا بوو بە جێگیرکردنی ئەو جلانە، بەڵام لەم بەروارەوە لە ڕێـگەی ئەنـجـومەنـی شـورای نیشتیمانییەوە(پەرلەمان)، یاسای هاوپۆش(یونیفۆرم)ی پەسەندکرا و حکومەت فشـارەکانی لەسـەر خەڵک چەند هێندە کرد. لەم یاسـایەدا پیاوانی ئاینی (ئاخوندەکانی شـیعە و مەلاکانی سـوننە)یشـی گرتەوە و زۆرێکیان لە ژێر فشـاردا یان جلەکانیان پێداکەنرا، یان وازییان لە پیشـەکەیان هێنا و بە دەگمەن، جیاکاری بۆ هەندێ لە ئاخوند و مەلا ناودارەکان کرا.

لە ئێرانـدا نـاڕەزایی زۆری بەدوای خۆیـدا هێنـا، لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتیشـدا توندووتیژی و زەبروزەنگی زۆر بۆ

[٧١] . بۆ زانیاریی زیاتر بروانە(٢٠٢٠): د. هەردی مهدی میکە و م.ی. ئەژی ئازاد، سیاست تغییر لباس و واکنش مناطق کردنشین در دوره پهلوی اول، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، بەرگی ٣، ژمارە٢، بەهار، ص٧٥٦-٨١٠.

جێگیرکردنی ئەم سیاسەتە بەکارهات، کاردانەوەی گشتی و تاکەکەسی لێکەوتەوە، کورد لە یەک کاتدا ئەم یاسایەی وەک ئامرازی سڕینەوەی کورد و کولتوورەکەی وەرگرت و هاوکات لەڕووی ئاینیشەوە بەزۆرسەپاندنی جلی ئەوانی دیکەی وەک سەرپێچی دینی لەقەڵەمدا.

٢. بۆ جلوبەرگی ژنانەش، دەوڵەتی پەهلەوی یەکەم، ڕووبەند و عەبای لە ساڵی ١٩٣٦دا قەدەغەکرد و بۆ ئەمەش چەندین کاردانەوەی ئاینی و کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە، ڕەزاشا بە چاولێکەری تورکیا و ئەفغانستان بەمەبەستی "مۆدێرنکردنی سیمای ژنان و ئازادکردنیان" ئەم کارەی کرد، بەڵام بەهۆی ناڕەزایەتی کۆمەڵگە و پابەندییان بە مەزهەب و نەریتەوە، ڕەزاشا دوو ساڵی نەبرد لەم سیاسەتە پاشگەزبوویەوە، بە پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە نزیکەی ٣٨ ساڵە بەزۆر لەچک و حیجابی ئیسلامی بەسەر ژنانی ئێراندا سەپاندووە و سەرەڕای فشارەکان لێی پاشگەز نابێتەوە.

ئەڵبەت لە ناوچە کوردییەکاندا کەمتر کاردانەوە دژی لابردنی ڕووبەند و عەبا دەرکەوت، چونکە کچان و ژنانی کورد کەمتر ڕووبەندیان بەکار دەهێنا و لە ئاستی ناوچەکانی دیکەدا ئازادتر بوون و لە کایە گشتییەکاندا دەردەکەوتن.

بەڵام بۆ سیاسەتی یەکپۆشیی جلوبەرگی پیاوانە، لێرەدا تەنها دوو نموونەی ئەو کاردانەوانەی کوردستان بەرامبەر سیاسەتی جلوبەرگ دەخەینەڕوو:

## آ. ڕاپەڕینی مەلاخەلیلی گۆڕەمەری:

مەلاخەلیل گۆڕەمەری، لە ساڵی ١٩٢٩ بە فەتوایەک، دژی سیاسەتی قەدەغەکردنی پۆشاکی نەریتی و گۆڕینی جلی کوردی لە کوردستان، بەرەنگاری حکومەتی ڕەزاشای پەهلەوی بوویەوە.

کوردەکان دەیانزانی دەوڵەت دەیەوێت لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکنەتەوەکردن، مۆدێرنسازی و ئێرانگەراییدا، سەرجەم جلوبەرگی نەتەوەکان وەک یەک لێبکات، بۆیە دژایەتی ئەم سیاسەتە کولتوورییە کرا و مەلاخەلیل کە زانایەکی ئایینی ناوچەی موکریان بوو، بە فەتوایەک دژایەتی ئەو سیاسەتەی ڕاگەیاند، بە حەرام و کوفری لەقەڵەمدا و هەڵگەڕانەوەی چەکداری و بەرەنگاربوونەوەشی (بە هەر جۆرە هۆکارێک) بە واجب ڕاگەیاند. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢٩، ڕاپەڕینێکی لێکەوتەوە و چەندین ناوچەی کوردستان لە موکریان کەوتنە دەست ڕاپەڕیووەکان (بە سەرکردایەتی خودی مەلا خەلیل). بەڵام پاش ماوەیەک بەهۆی پەلاماری نابەرامبەری ئەرتەشی ئێرانی پەهلەوییەوە، ڕاپەڕینەکە سەرکوت کرا و بنکەی ڕاپەڕیووەکان کە دەکەوتە ناوچەی سەردەشتەوە، کەوتە دەست سوپا و مەلاخەلیل و هەندێک لە هاوڕێکانی ناچار بەرەو دیوی کوردستانی عێراق کشانەوە. مەلاخەلیل لە ساڵی ١٩٥٥ کۆچی دوایی کرد.

ب. نارەزایی شێخ نەسرەدینی خالسی:

نموونەیەکی دیکە لە نارەزاییەکان دژ بە یاسای سەپاندنی جلوبەرگ و گۆڕینی جلی کوردی، چالاکی و بایکۆتی جلی

سـەپێنراو بوو، شـێخ نەسـرەدینی خالسـیی لە سـاڵی ١٩٣٠دا بایکۆتی جلی نوێ کرد، ئەو شـێخێکی بەهەژموونی ناوچەی پاوە و هەوارامان بوو، بە لێپرسـراوانی دەوڵەتی ڕاگەیاند خەڵکی پاوە خەڵکێکی دیندارن و پۆشـاکی کوردیی خۆیان بە هیچ جلێکی دیکە نـاگۆڕن، پـاش فشـــاری دەوڵەت، شـــێخ نەســـرەدین وەک نارەزایەتییەک ئاگرێکی گەورەی لە نزیک مزگەوتەکەیەوە کردەوە و هەموو دەروێشـــەکانی ئامادە کرد و یەک یەک خۆیان هەڵدایە نێو ئاگرەکەوە و بەمشێوەیە نمایشێکی ئاینی بۆ کردن و ئامادەیی خەڵکی بۆ مردن نەک پۆشـینی جلوبەرگی سـەپێنراو نیشـان دان، داوای کرد تا یاخیبوون ڕووینەداوە واز لەو پۆشـــاکســـەپاندنە بهێنن، کاربەدەسـتان داواکەی شـێخیان گەیاندە سـەرووی خۆیان و بەو شـێوەیە پاوە و ناوچەکانی دەورووبەری لە جێبەجێکردنی گۆڕینی جلی کوردی بەخشران.

لە سـەردەمی کۆماری ئیسـلامی ئێرانیشـدا، گەرچی جلی کوردی، قەدەغە نییە، بەڵام لە ڕێگەی سـیاسـەتێکی کولتووری نەرمەوە سـاڵانێکە لە ڕێی میدیا و کەسـایەتییەکانیەوە بەیناوبەین ســوکایەتی بە جلی کوردی دەکرێت، وەک ئەوەی لە تەلەفزیۆنی ڕەســمییانەوە بە "جلی شــوانی" لەقەڵەم درا، هەروەها لە نێو خەڵکیشـدا هەندێ جۆری جلیش کە پێشـمەرگەکانی کورد لەبەری دەکرێن، دەســتبەجێ لای کـاربەدەســتانی مەدەنی و ئەمنی دەوڵەتەوە وەک تۆمەتبارێک سەیر دەکرێن.

جۆرێکی دیکە لە سیاسـەتی بەکەمگرتنی جلی کوردی لە ناوچەکانی کوردستان، ئەوەیە کە دەوڵەت بۆ لایەنگرە کوردەکانی "پێشـــمەرگە موســـڵمانەکانی کورد" کە نێو خەڵکدا بە "جاش" دەناســرێن، لەســەری ســەپاندوون کە جلی کوردی و جامانەی کوردانە بپۆشـــن، بەمەش هاووڵاتییە کوردەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ "جاش"ەکان تێکەڵ نەکرێن ناچار لە جلی کوردی ســڵ دەکەنەوە، لە فەرمانگەکانیشـــدا دیســـان وەک وڵاتانی عێراق و ســـوریا و تورکیا بە هەرێمیشەوە، جلی کوردی بە جلی فەرمی دانانرێت.

کەواتە حاڵی جلی کوردی و مەترســـییەکانی ســـەری لە سەردەمی ئێستای ئێراندا هیچی کەمتر نییە لە سەردەمی ڕەزاشا و گەر بەر بەو سیاسەتە نەرم و هێواشە نەگیرێت، چارەنووسی باش نابێت.

# بەشی دووەم

# ئێران لەسەردەمی ڕەئیسیدا و شۆڕشێک لەقەیراندا

# یەخانگیرییەکانی سیستەمی سیاسیی ئێران

کۆماری ئیسلامی ئێران، لە ٤٣یەمین ساڵی تەمەنییدایە، هەنووکە پاش تێپەڕاندنی چوار دەیە، یەخانگیریی چەندین گرفتی ڕیشەیی بووەتەوە، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: یەخانگیرییەکانی (ئاڵنگارییەکانی) بەردەم سیستەمی سیاسیی ئێران چین و سەرکۆماری نوێ لەکوێی پرۆسەی چارەسەردایە؟

بۆ تێگەیشتن لە قەیرانەکانی نێو شیرازەی سیاسیی ئەو وڵاتە، دەکرێت لە سێ بازنەدا بابەتەکە لێکبدرێتەوە و دابەش بکرێن:

١. بازنەی نێوخۆیی شۆڕش و دیدگای بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.

٢. بازنەی کۆمەڵگەی ئێرانی و دابڕانی دەسەڵات و کۆمەڵگە و مەسەلەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی پرۆسەی سیاسی.

٣. بازنەی نێودەوڵەتی، کە دابڕانی ئێرانە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جۆری سیاسەتەکانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. کە ئەمەش ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت.

بەشێک لە تەگەرەکان، لەلایەکەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ڕەوایەتیی دەستور و شۆڕش و سیستەمی سیاسیی و بەشداری هاووڵاتییەکانییەوە هەیە، بەشێکیشیان دەرهاویشتەی نێو ململانێکانی سفرەی شۆڕشن، لەلایەکی دیکەوە لەبەردەم

پرسـێکی چارەسـەرنەکراوی مافی سـیاسـی و مەدەنی پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکاندا، کە هێز و لایەنی سەرەکیی نێو ئێرانی ناچارکردووە ئێران جێبهێڵن و خەباتی سـیاسـی-چەکداریی بگرنەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی مافەکان.

بەڵام ئەم پۆلێنبەندییە بەواتـای ئەوە نـایەت کێشـە و قەیرانەکان کاریگەرییان بەسـەریەکەوە نییە، بە پێچەوانەوە ئەم پرسـانە کـاریگەر بەیەک و کـارتێکراوی یەکن و یەکتر بەرهەمدەهێننەوە و بازنەکانیان پێکداچوون.

بۆ ڕاڤەی ئەو پۆلێنبەندیەی یەخانگیرییەکان و تێگەیشـتن لە تەرجەمەی ئەو چوارچێوە تیۆرییەی قەیرانەکـان، دەکرێـت بەرجەستەتر، کێشەکان بەم شێوەیە ڕیزبکرێن:

١. پرسـی دەسـتوور: ئێران لە مێژووی سـیاسـییدا، بەدەسـتوورێک ئاراسـتە دەکرێت، جیا لەوەی سـەرچاوەی ڕەوایەتەتی کە ڕووبەڕووی بەشـداریی خەڵـک و بـایکۆتی پێکهاتەکان بوویەوە لە ئانی پەسـەندکردنیدا و هەروەها جۆری سـیسـتەمەکەی (مەزهەبی-ناوەندگەرا)، کە پرسـیاری لەسـەر ڕەوایەتی دروسـتکردووە، تەنها جارێک هەموار کراوەتەوە، کە دیسانەوە خۆی نەدا لە کێشـەی جیاکارییە نەتەوەیی(کورد،بەلوچ و عەرەب..تاد) و مەزهەبی(سوننە، مەسیحی، زەردەشتی و ...تاد) و ڕەگەزییەکان(مافی ژن و بەشـداریی سـیاسـی لە مەسـەلەی پۆشاکەوە بیگرە تا بەشداریی سیاسی). ئەم دەستوورە لەبنچینەدا بۆ چارەسـەر و دەرچەسـازیی کێشـە قوڵەکانی ئێران نووسـراوە،

بەڵام لە ئێستادا خۆی بووەتە کێشە و بەربەستی چاکسازیی سیاسیی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، نەک هەر ئەوەش بەڵکو لەسەر چەندین ئاست مەترسی ئاسایشیی، سیاسیی و سەروەریی بۆ وڵاتەکە دروستکردووە. زەقترین کێشەی دەستووریش خۆی لە مەسەلەی شیعەتەوەری و دوانزەئیمامێتی مەزهەبەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە هەر بیرکردنەوەیەک لە چارەسەر پێویستی بەوەیە، بەر لەگەڕانەوە بۆ خەڵک دەبێت بۆ سنوورەکانی فیقهی سیاسیی شیعەی دوانزەیی بگەڕێنەوە. ئەمەش لەهەندێ پرسدا گۆڕانکاریی ئەستەم کردووە، بەتایبەت لە مەسەلەی مافی مەدەنی و سیاسیی هاوچەرخ و پرسی ڕەگەزییدا(مافی ژن).

٢. ڕەوایەتیی سیستەم: لە سەدساڵی ڕابردوودا لە ئێراندا دوو بیدعەی سیاسیی بێڕیشە داهێنران، یەکەم: نەتەوەسازیی و ئێرانچێتی، دووەم: ویلایەتی فەقیە.

یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەزاشای پەهلەوی و نوخبەی ڕۆشنبیری دەسەڵاتگەرا، کە ئێرانچێتیان لەڕێی سیاسەتی کولتووری و فشاری سیاسیی و سەربازییەوە بەسەر نەتەوە نافەرسەکاندا سەپاند. ئەمەیان هەر لە زووەوە تا ئێستا لەلایەن کورد و بەلوچ و عەرەبەکانەوە ڕەتکرایەوە و تورکە ئازەرییەکانیش کەمتازۆر ئەوەیان ڕەتکردووەتەوە. لەئێستا لەهەرکات زیاتر پایەکانی بیدعەی نەتەوەسازیی ئێرانی دەلەرزن. لەلایەک بەهۆی ستەمی درێژخایەن و بێبەشی مافە کولتووری و

سـیاسـییەکـانەوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی جۆری مۆدێلی حوکمڕانی شیعەتەوەر کە مەزهەب چەقە، پرسـی مافی نەتەکانی دیکە لە ئێراندا زیندووتر بوویەوە.

دووەمیش مەسـەلەی ویلایەتی فەقیهە کە لەڕووی سـیاسـییەوە بە وەک "ویلایەتی عامە" داهێنراوی خومەینیی و هاوڕێکانیەتی، کە تێیدا نەک مەرجەع بەشداری پرسـی سیاسـیی دەکات، بەڵکو لە لوتکەی ئەو سیستەمە سیاسییەدا جێگەی خۆی دەگرێت و بەشداری ورد و درشتی مەسەلەکان دەکات. ویلایەتی فەقیـە ڕاسـتە کۆمەڵگەی شـیعەی ئێرانی یەکـدەخـات و دەسەڵاتبەخشە بە نوخبەی مەزهەبی و شۆڕشیی نێو کۆمەڵگەی ئێران، بەڵام هاوکات، جیاکاری و ململانێ لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دەسـازێنێت، لەنێوخۆشـیدا دەسـەڵاتخوازیی و سـەرکوتکاری بەرهەمدێنێت و لەم پێناوەشدا ڕاجیاوازی لەسەر جۆر و سنوور و شێوەی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە دروست بووە. بۆ ئێران لەسەدەی نوێدا و بە پاشخانێکی ڕۆشنبیریی فراوان و ئامـانجـدار و خـاوەن خەونی هـاوچەرخێتی و دنیـاگەرا، ئەمە گەورەترین کۆسـپ و لەمپەر دەبێت و بەجۆرێک پرسـی لەسـەر ڕەوایەتی پۆسـتەکە دروسـتکردووە و ترازانی نێوکۆمەڵگەی فراوانتر کردووە.

لەسـەردەمی ڕێبەری یەکەمدا (خومەینی) توانرا ویلایەتی فەقی لە دەسـتوور و کۆمەڵگەدا بچەقێنرێت، بەڵام لەسـەردەمی خـامینەییدا لەبەر جۆری بەکـارهێنـان دەسـەڵات و لاگیرییە

باڵباڵێنییەکان، پرس لەسەر ڕەوایەتی درووست بوو، ڕاستە خامینەیی توانیی ویلایەتی فەقیە و فیقهی شیعە لە ئێراندا دەزگایی بکات و بیخاتە سەرسکە، بەڵام لەڕووی ڕەوایەتییەوە لەرزۆکی کرد و هەر لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێشنیارگەلێک لەنێوخۆی سەرانی نوخبەی دەسەڵاتدا خراوەتەڕوو کە سنووری دەسەڵاتەکەی کەمدەکەنەوە یان دابەشی دەکەن یان داوای شوراییکردنی ماڵ و دەسەڵاتی ڕێبەریی دەکەن.

٣. درزی ئەمنی و سەروەریی وڵات، گەر بە دیققەتەوە سەیری شارە سنوورییەکانی ئێران بکرێت، دەزانرێت، بە پێچەوانەی فارس-شیعە تەوەریی دەستوورەکەوە، شارە سنوورییەکانی ئێران بە گەلانی ناشیعەی نافارس تەنراوە(کورد، عەرەب، بەلوچ و تورکمان و تاڵش ...تاد) و لەدەرەوەی سنوورەکانیشی هەمان شت. گەر دەستوور شیعە و نوخبەی دەسەڵاتی یەکدەست کردبێت، ئەوا جیۆپۆلەتیکی وڵات پێچەوانەی ئەو گوتارە سەپێنراوەی نێو دەستوور، واقیعێکی دیکە هەیە، کە ئەو سنوورە سیاسی-جوگرافییەی ئێران، بووەتە هەڕەشەی سەر سەروەریی وڵاتەکە و هەردوو بیدعە سیاسییەکە باسکران (نەتەوەسازیی زۆرەکی و ویلایەتی فەقیهی سەپێنراو). ئەمەش هەنووکە هەڕەشەی ڕاستەقینەیە بۆسەر سەروەریی و دەسەڵات، گەلانی نافارس و ناشیعەی پەراوێزخراوی نێو ئێران وەک دەبینرێت هەردەم لە هەلێک دەگەڕێن هەڕەشە دەستووریی و سیاسییەکانی سەریان بکەنە هەلێک و جیابوونەوە یان فیدراڵیزم

وەک گوتارێک بچەسـپێنن و تا لە ڕۆژگارێکی نزیکدا کۆتایی بەو جیاکارییە بهێنن.

٤. هەناردەکردنی شـــۆڕش: ڕاســـتە لەهەندێ حاڵەت و ماوەدا هەناردەکردنی شـــۆڕش کە بنەمایەکی دەســـتووریی و ســـیاســـیی هەیە و ئێرانی ئێســـتا باوەڕیی پێیەتی ئەویش لایەنگرییکردن و ناردنەدەرەوەی شۆڕشە بۆ دەرەوەی سنوور و کاریشیان لەسەرکردووە، لەساڵانی ڕابردوودا لە لوبنان، عێراق، یەمەن، سوریا و بەجۆری دیکەش لە ئەوروپا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقاش وێنەدانەوەی ئەم بنەمایە بینراوە.

بەڵام هەر ئەم ســـیاســـەتەی کە جۆرێک هەژموونی ســـەربازیی داوەتە ئێران، هـاوکـات پەراوێزیی و دابڕان و ئابوورییەکی بەرەوهەرەســـیشـــی بە نســـیبی ئێران کردووە. بەڕیوەبردنی میلیشـــیاکانی قودس و ئەوانی دیکە هەم تێچوونی سیاسیی و هەم ئابوورییشیان بۆسەر ئێران هەیە، هاوکات لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا بە هێزێکی دەرەوەی سیستمی نێودەوڵەتی و واقـیـعـگەرا لەقەڵەم دەدرێـت، هەرئەمەش وای کـردووە جەمســـەربەنـدی و ســـەنگەربەنـدیی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەرامبەری دروست ببێت.

٥. توێژاڵهەڵدانی شـــۆڕش و پاکســـازی: یەکێکی دیکە لە قەیرانە کەڵەکەبووە سـیاسـییەکانی شـۆڕشـی ئیسـلامی ئێران، بەتێکڕایی و بەنزیکەیی هەر دەســـاڵ جارێک، ســـفرەی تەنگی شۆڕش بەشێک لە کوڕەکانی دەردەکات. ئەو بێبەریکردنە هەر لە

سـالآنی ۱۹۷۹ەوه دەسـتی پێکرد، به هەڵگیرسـانی جەنگی هەشـتسـاڵه هەل هاته پێشـەوه یەکەم توێژاڵی شـۆڕش هێزه نەتەوەیی و چەپەکانی نێو ئێرانی دوورخستەوه و ناچاری کردن بەکشـانەوه لەپرۆسـەی سـیاسـیی و دواجار له ئێرانیش ڕۆشـتنەدەرەوه، وەک هێزه کوردسـتانییەکان، موجاهدین، چەپەکان...تاد.

قۆناغی دووەم: پەراوێزخسـتنی ئیسـلامییه دیموکراتەکان و ڕۆشـنگەره دینییه هاوچەرخەکان، وەک پەراوێزخسـتنی میراتگرانی بزوتنەوەی نیهزەتی ئازادی و یارانی کەسـانی وەک تاڵەقانی و شەریعەتی و ...تاد.

قۆناغی سێیەم: پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی دەستی یەکەمی ڕیفۆرمیستان و دەستبەسەرکردنی سەرکردەکانیان و هێنانەپێشەوەی نوێنەرانی دەستەدووی ئەوان و بەنوێنەرناساندنی کەسانی وەک ڕەفسەنجانی و ڕوحانی به ڕیفۆرمیست! که ئەمه هیچ نەبوو ئەوه نەبێت که بەشـێک بوو له پـاکسـازیی ڕیفۆرمیستەکان له هەرەمی سیاسییدا.

قۆناغی چوارەم: که پێدەچێت، له هەڵبژاردنی پەرلەمانی دوو ساڵی پەرلەمانی ڕابردووەوه دەستی پێکردبێت، که شورای پاسـەوان پیادەکاری ئەم پرۆسـەیه بووه و دەبێت و لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی کاندیدانەوه بۆ هەڵبژاردنەکان، جار دوای جار پاکسازیی نێو کوڕانی شۆڕش پەرەدەسەنێت.

کەواتە قەیرانەکانی ئێران بەرلەوەی حکومەتی و خزمەتگوزاری بن، قەیرانی سیستەمیین و بە سەرۆک کۆمار و کابینەی حکومەتی چارەسەر نابن، بەڵام سەرۆک کۆمار بۆ قۆناغی پاش خامینەیی گرنگە هاودید و تەبا بێت لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان و نوخبەی نێو شورای نیگەهبان (کە ڕێبەری ئایندە دیاریدەکەن). هەروەها سەرکۆماری ئایندە ڕەنگە بەشداربێت لەو سێکوچکەیەی کە پاش نەمانی ڕێبەر، بەپێی دەستوور جێگەی ڕێبەر دەگرنەوە، تا ئەوکاتەی ڕێبەری نوێ دیاری دەکرێت. بۆیە گرنگە نوخبەی دەسەڵات بە یەکلاکردنەوەی سەرۆککۆمار لەخزمەتی ئامانجی شۆڕشدا یەکلایی بکەنەوە نەک لەخزمەتی خەڵک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییدا، چونکە هیچ یەک لە دۆسێکانی وەزارەتی دەرەوە، دەستوور، ناردەنەدەرەوەی شۆڕش و مافی نەتەوەکانی دیکە لەدەسەڵاتی سەرکۆماردا نییە و بەو چارەسەر نابن.

## سەردەمی ڕەئیسی؛ هەنگاوی دووەمی شۆڕش یان دبلۆماسییەتی کراوە و ئاستەنگەکانی

لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، حاڵی حازر(٢٠٢٢) جیا لە ئامانج و خەونەکانی ئەو سیستەمە، دوو گرێی سەرەکی لەبەردەم سەرکۆماریی نوێدایە: یەکەم گرێی گەمارۆکان کە بەهیچ سەرکۆمارێک نەکراوەتەوە و ترەمپیش کاریگەرییەکانی دووقات کردەوە، دووەم مەسەلەی پرسی ئەتۆمی کە گرێکوێرەی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە، ئەویش دیسانەوە ئیرادەکەی لە دەسەڵاتی سەرکۆماردا نیە و ئیدارەدانی تەشریفاتی دۆسیێکەی پێ سپێردراوە.

گەرچی ڕەئیسی لەسەر باڵی بناژۆخوازەکان لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام لە وتاری ئانی سوێندخواردنیدا لەبەردەم پەرلەماندا، بۆ سیاسەتی دەرەوە زیاتر دووبارەکردنەوەی هەڵوێستەکانی ڕۆحانی بوو لە هەشت ساڵی ڕابردوودا: ئەو لە سەرێکەوە ڕای گەیاند کە یەکەم هەنگاوی، کرانەوەیەکی دەرەکی دەست پێدەکات و کار لەسەر هەڵگرتنی سزاکان دەکات کە بەڕێبەرایەتی ئەمریکا سەپێنراون و بۆ ئەمەش پێشوازی "لە هەر پلانێکی دبلۆماسی" دەکات. ئەمەش ئاماژەیە کە دەیەوێت دانوستاندنی ٥+١(بەرنامەی کاری هاوبەش- بەرجام) دەست پێبکاتەوە و پابەندە بە بنەماکانییەوە، واتە دەیەوێت حکومەتێکی کردەگەرای واقیعی بێت و پشت ناکاتە ئەو دانوستانەی کە یارانی بناژۆخوازی لە ٨ساڵی ڕابردووی ڕۆحانیدا وەک تانە و تەشەر

و ســازش دانوســتانەکەیان کردبوویە پەڵەیەکی ڕەش و بە لادان لە شــۆڕش حســێبیان دەکرد بۆ حکومەتەکەی، وا ئەمڕۆ وای نیشــان دەدات بە گڵۆپی ســەوزەوە ئامادەی گفتوگۆیە و لەوەش زیاتر ئەم داوای لە واشــنتۆن کرد کە بگەڕێتەوە ســەر مێزی دانوســتاندن. بەڵام ئایا زەمان و زەمینە بۆ گفتوگۆ بە ئیرادەی ئێرانی فەراهەمە؟ ســیناریۆکانی بەردەم زیندووکردنەوە یان لەباربردنی دانوستاندنی ئێران و پێنج وڵاتەکە کامانەیە؟

**سیاسەتێکی دووسەرە**

ڕەئیســی ســەرکۆمار تا هەنووکەش دەرنەکەوتووە لە نێوان دوو دروشــمی ناکۆکدا (کە هەردووکیانی زۆرجار لە یەک وتاردا بەکارهێناوە)، پابەندی کامیان دەبێت:

١. هەنگاوی دووەمی شــۆڕش، کە ڕێبەری باڵای ئێران دوو ســاڵ لەمەوبەر لە یادی چلســاڵەی شــۆڕشــدا ناوی نا و مەبەســت لێی قۆناغی دووەمی شــۆڕشــی ئێرانە کە ئەرکی "هەناردەکردنی زیاتری شۆڕش و بەرگری ئەبەدیی لە شۆڕشە و بەرامبەر وەستانە دژی ئیستیکبار (ئەمریکا و ڕۆژئاوا)"[٧٢]، دیارە لەم گوتارەدا (کە ڕەئیسی دەیەوێت لە پابەندترینەکان بێت پێوەی) بێگومان ڕێگر دەبێت لە کرانەوەی پێویســتی دبلۆماســی، چونکە ئەو بەیاننامەیە زیاتر ئامانجگەرا و شۆڕشخوازە و پەرەپێدەری

[٧٢] . بڕوانە: بیانیه گام دوم انقلاب خطاب به ملت ایران: سایتی خامنه¬ای، (https://farsi.khamenei.ir/message-content?id=٤١٦٧٣

ڕۆحی هەناردەکاریی هەژموونی ئێران و ئیسلامگەراییە کە خۆی لە پشـــتیوانی یارانی کۆماری ئیســـلامی ئێران لە لوبنان، عیراق، یەمەن و ســوریا ئامانجی تایبەتن و جیهانیش بە گشـتی کراوەتە ئامانجە گشـتییەکە. ئەمە لە کاتێکدایە کە گرفتی ســەرەکیی ئێران لەگەڵ ئەمریکادا هەر ئەم سیاســەتەیە و لەبەرامبەریدا ئەمریکا و هاوپەیمانانی داوای "چاککردنی ڕەفتار"ی لێدەکەن، بە مانایەکی دیکە واتە کورتکردنەوەی دەســـــتی کۆمەک بۆ میلیشـــیاکان و وازهێنـــان لە هەنـــاردەکردنی شـــــۆڕش و پشـــتیوانینەکردنی پرۆئێرانییەکان بە مووشــــەکی دورهاوێژ و چەکی جۆراوجۆر و درێژکردنی دەستی دبلۆماسییەتی ئاشتییخوازانە.

٢. گەڕانەوە بۆ مێزی پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان و دانوستاندن: ئەمەش ئەو هەنگاوەیە کە پێچەوانەی هەناردەکردنی شـــۆڕش و بەرگری ئامانجگەرایانەیە لە شـــۆڕش، بەڵکو زیاتر کردەیی و واقیعگەرایە، ئەم دروشـــمە خاوەنەکەی زیاتر باڵی ڕیفۆرمیســــــت و بەرژەوەنـدییخوازەکـانن، بەڵام وەک هێزی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی وەک جـاران نەمـاوون و هەم لە دەسـەڵاتەکانی نێو شۆڕشیشدا کشێنراونەتەوە و هەم یەکێک لە فیگەرە کاریگەرە دبلۆماسییەکانیان لە ژیاندا نەما (ڕەفسـەنجانی)، لە دوا هەڵبژاردنیشـــدا کەمتر لە ٥٪یان بەدەســـت هێنا و بەمەش گووتارەکە گەر "بیلقووە" هی ئەوان بێت ئێســـتا "بیلفیعل" هی وان نییە، بەڵام ســــەرکۆماری نوێ لە وتارەکانیدا نایشـــارێتەوە کە وڵاتەکەی پێویســـتی بەم نەرمە ســـیاســـەتە هەیە بۆ ئەوەی لە

قەیرانی ئابووریی(لاوازی و هەڵایسان)، سیاسیی(ئاسایشی ئێران و دابڕانی ئێران لە دراوسێیان و جیهان) و خزمەتگوزاریی نێوخۆیی(کێشەی بژێوی، کارەبا و ئاو و مەسکەنی هاوڵاتییان) دەربازی ببێت.

## ڕەفتاری ئێران بەر لە مێزی دانوستاندن

واشنتۆنی سەردەمی بایدن (بە سەردەمی ترەمپ و ئۆباماشەوە)، هیچکات نەیانوویستووە و نەشیانووت کە دەیانەوێت سیستەمی سیاسیی ئێران هەرەس پێبهێنن و لەناوی ببەن، بەڵکو هەردەم داوای چاککردنی ڕەفتاریان لێ کردووە و دەکرد، بۆ جێبەجێکردنی ئەمە، سیاسەتی کوتەک و گێزەر لەبەرچاو گیراوە: یان "هەل و ئیمتیاز" دراوەتە ئێران بۆ سازان و نەرمینواندن (وەک سەردەمی ئۆباما)، یاخود تەکنیکی زۆرترین فشار لەسەر تاران، کە ئەمەی دووەمیان تەکنیکی ترەمپ بوو و تا هەنووکەش پاشماوەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئێران بەردەوامن و هەموو هەوڵێکی ئێرانیش لە چوارساڵی دووەمی ڕۆحانییەوە تا هەنووکە بە ڕئیسیشەوە بۆ کەمکردنەوە ئەو فشارانەیە، بەڵام واشنتۆن ئەو فشارانەی وەک کارتی نوێ هێناوەتە سەرمێز و بەر لە گفتوگۆی پرسی ئەتۆمی داوای چاکسازیی ڕەفتاری لە ئێران لە عێراق و لوبنان و یەمەن دەکات.

## کابینەیەکی پڕ لە سوپایی و بناژۆخواز

ئەوەی لە هەشت ساڵی ڕابردوودا کۆسپی بەردەم ڕۆحانی بوو بۆ دانوستاندنی واقیعی:

١. بناژۆخوازەکانی نێو سیاسەت و دامەزراوەکانی نێو دەوڵەت بوون و دریغییان نەکرد لە تێکدانی هەرچی ئەوەی ڕۆحانی سەرکۆمار و جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی کردبوویان، دواجار هەر ئەوانیش بوونە ڕێگر و نەیانهێشت ئەوەی پێویست بوو لەدوا نەفەسەکانی کابینەی دووەمی ڕۆحانیدا، لە نەمسا بێتەبەرهەم و بە هەڵواسراوی پرسەکە مایەوە.

٢. سەرکردەکانی سوپای پاسداران، کە ئەوان زۆرجار نەک ڕازی نەبوون، بەڵکوو هەم لە ئابووری وڵات و هەم لە سیاسەتی دەرەکیشدا کۆسپ بوون بۆ ڕۆحانی و بگرە زۆرکات لە بری ئەو سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی خۆیان لەبری حکومەت جێبەجێ دەکرد و نەک بەرپرسیارێتیشیان هەڵنەدەگرت بەڵکو هەڵە و کەسرییەکانیشیان خستە ئەستۆی بێتوانایی کابینەکەی ڕۆحانی کە تێکەڵەیەکی ئەجێندای ڕیفۆرمیستەکان و بەرژەوەندیگەراکان و بناژۆخوازە میانڕەوەکان بوو.

ئێستا ئەوەی نوێیە لەم دۆسییەدا ئەوەیە، کە هەم بناژۆخوازەکان و هەم سوپاییەکان ئیدی خۆیان حکومەتن، چونکە لە کابینەی پێشنیارکراوی رەئیسیدا سەرجەم وەزیرەکان لەم دوو باڵە هەڵبژێردراون. بەڵام ئایا دەتوانن وەک جاران هەر ڕەتکەرەوە و ڕێگر بن؟

لەو کابینە ١٩ وەزیرییەی کە ڕەئیسی پێشکەشی کردووە، زۆرینەیان لەوانەن کە هەمیشە هەڵوێستی دژە ئەمریکا و

دانوســـتاندنیان هەبووە و ســـیانیشـــیان لە لیســـتی ســـزاکانی واشـنتۆندان، لەوەش زیاتر هەرچی وەزیرەکانی دەرەوە و نێوخۆ و ئابووری و بگرە ڕێگاوبان و پەروەردەشـــە لە بناژۆخوازە توندڕەوەکان و وەک دەزگاش هەندێکیان بە ئەندامی ســـوپای پاســـداران و کۆڵەکەی فەیلەقی قودســـی دەرەوەی ئێران هەژمار دەکرێن!

### سیناریۆکان

ڕەئیسی ئێستا لەبەردەم سێ سیناریۆی سەختدایە:

١. بەرگریکردن و ئامانجگەراییخوازی  کە پابەندبوونە بە دروشـــمی بناژۆخوازەکان، ئەمەش ڕەنگە ســـیســـتەمی ئێران بە بەهێزی و ســـازشـنەکردن نمایش بکات و لە نێو جیهانی شـیعەی دەرەوە بەهێز بنوێنێت، بەڵام بەهۆی ســـزاکـان و کەمتوانـایی خزمەتگوزاریی لە خەڵک دوورتر دەکەوێتەوە و ناڕەزایەتییەکان زیاتر گەشە بکەن.

٢. چاوشـــارکێی دبلۆماســـی:  کە بریتییە لە هێشـــتنەوەی ئێران وەک دۆخی ئێســـتـــای نیمچەدانوســـتـــانـدن و نیمچە بەرگریکردن، گەر ئەمە بچێتە پێشـــەوە باشـــترین ســـیناریۆیە بۆ حـالّی حـازر (کەمترین زیـان)، بەڵام ئـایـا زەمـان و زەمینەی هەرێمـایەتی و نێودەوڵەتی هەروا دەمێنێتەوە کە ئێران ئەم چاوشارکێیەی تێدا بکات؟

٣. ســـازش لەدەرەوە و پاکســـازیی نێوخۆیی: کە بریتییە لەوەی وەک تەکنیک و ناچاری لە ســـیاســـەتی دەرەوەدا کرانەوە

ئەنجام بدات و سازش لە درووشمدا بۆ واقیع بکات. بەمشێوەیە هەلێک وەردەگرێتەوە بۆ بوژانەوە و لادانی سزاکان و لەبەرامبەردا هەم بە گێزەر و هەم بە کوتەک نارەزایەتی و تورەیی خەڵک دامرکێنێتەوە و خۆی ئامادە بکات بۆ گەڕێکی نوێ (بەڵام سەختە بەدیهاتنی).

بۆیە لەم سێ سیناریۆیە زیاتر دانەنرا، چونکە سیستەمی سیاسیی و دەوڵەت و دەستوورەکەی ئێران تەنها ڕێگەی یەکێک لەمانە دەدات و بەم دۆخەی ئێستا و بەم کابینە و گوتار و بەم ستوونانەی دەسەڵاتەوە، هەر ئەم سیناریۆیانە ئەگەری جێبەجێبوونیان هەیە، نەک چاکسازیی ڕیشەیی و گۆڕینی دەستوور و ئاشتبوونەوەی تەواوەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و هاوسێیاندا.

## هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان؛ پرسی ڕەوایەتی و ترسی دەوڵەت؛ هەڵبژاردنی ۲۰۲۰ی پەرلەمان بە نموونە

ڕۆژی هەینی ۲۰۲۰/۲/۲۱(۲اسفندماه۱۳۹۸هەتاوی)، نزیکەی ٥٨ ملیۆن دەنگدەری ئێران دەبوو بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەمجارە کێبرکێ لە نێوان سەرکەوتوو و شکستخواردووی ناو پرۆسەکە نەبوو، بەڵکو ململانێی ڕێژەی بایکۆت و بەشداری بوو.

هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئێران، هەمیشە تاران وەک ڕیفرەندەمی نوێکردنەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لێکی داونەتەوە بەرامبەر نەیارانی دەرەکی، بەڵام هەڵبژاردنی ئەمجارە، ڕوبەڕووبوونەوەی سیستم و خەڵک بوو، بەڕێژەی زۆری بایکۆتدا دەرکەوت سیستمی سیاسیی ئێران چیتر ناتوانێت دەربڕی تەواوی ئیرادەی ئێرانییەکان بێت خواستەکانیان ڕووماڵ بکات.

ئامارەکان نیشاندەدەن کە: ٥٧٩١٨١٥٩ (پەنجاوحەوتملیۆن و نۆسەدوهەژدە هەزار و سەدوپەنجاونۆ کەس) مافی دەنگدانیان هەبوو لە دەنگداندا، لەم ڕێژەیە ٢٨٨٧٩٠٠٦یان ژنن، ٢٩٠٣٩١٥٣یان پیاون.

کێبرکێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەسەر ۲۹۰ کورسی پەرلەمانە لە ئێراندا (پێنجیان کۆتای ئەرمەنی،زەردەشتی، عیسایی، ئاشوریی و کلدانین)، دابەشکراوە بەسەر ۲۰۷ بازنەی

دەنگداندا، چوارساڵ جارێکە و تەمەنی هەر خولێکیش چوارساڵە. دەنگدان بە کارتی نیشـــتمانییە. هەر کاندیدێک لانیکەم یەک لەســەرپێنجی دەنگی بازنەکەی نەبات ئەوا کەس بە ســەرکەوتوو دانانرێت و هەر بازنەیەک بەمشێوەیە بێت دەچێتە خولی دووەمی دانگدانەوە.[٧٣]

لەڕووی پەســـەندکراوی و ڕەتکرانەوەوە: ١٦٠٣٣ کەس خۆی بۆ ئەندامێتی پەرلەمان کاندید کردووە، بەڵام تەنها ٧١٥٧ کەس لە لایەن شورای پاراستنی دەستوورەوە پەسەندکراوون. لە ڕووی جێندەرییەوە: ٦٣٧٥یان پیاون و تەنها ٧٨٣کەسیان ژنن. لە ڕووی بڕوانــامەوە: ١٠٢١یــان خــاوەنی بڕوانــامەی دکتۆران، ٥٣٠٨کەســیان هەڵگری بڕوانامەی ماســتەرن، ٤٢٢یان دەرچووی حەوزە مەزهەبیەکانن، ٤٠٤یشـیان بەکالۆریۆس و ٢ کەسـیشـیان ئامادەییان تەواوکردووە. لەڕووی تەمەنەوە: ٢٥٢٣یان تەمەنیان ٣٠-٤٠ســاڵە، ٢٣٩٠یان ٤١-٥٠ســاڵە، ١٨٢٧یان ٥١-٦٠ ســاڵە و ٤١٧ کاندیدیشیان لە سەروو ٦٠ ساڵەوەن.

## لە تۆپبارانی پەرلەمانەوە بۆ بایکۆتی خەڵک

وەک پێشـــتر ئـامـاژەی پێکرا، یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیران، دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی ١٩٠٦ پاش شــۆڕشــی مەشروتە و لەسـەر خواسـتنی مەشـروتەخوازان دەوڵەتی قاجار

---

[٧٣] . بنەمای ٦٥ی دەستووری ئێران و هەروەها یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیران٢٠١٩.

ناچارکرا پەرلەمان دامەزرێنێت و یەکەمین خولی پەرلەمانی قبوڵ بکات. بەڵام پاش دوو ســـاڵێک(١٩٠٨) هەمان پەرلەمان لەلایەن محەمەدعەلیشـــا و هێزەکانی قوزاقەوە داخرا و تۆپباران کرا، هێندەی نەبرد بە فشـــاری شـــۆڕشـــگێڕانی چاکســـازییخوازەوە، جارێکیتر هەم تاران کەوتەوە دەستیان و هەم دەرگای پەرلەمانی یەکەم کرایەوە.

پاش شۆڕشی ١٩٧٩ و سەرکەوتنی ڕوحوڵا خومەینی و ئیسـلامیزەکردنی تەواوەتی شـۆڕش، هەموو کات هەڵبژاردنەکانی ئێران لە دیدی نوخبەی سیاسـی باڵادەسـتی ئێرانەوە جۆرێک لە نمایش و تازەکردنەوەی وەلای سیاسیی و پابەندی هاوڵاتییانەوە وێناکراوە و پەیامێک بووە بۆ دەرەوە و هەر بە هەڵبژاردنەکانیش بە نەیارانی دەرەوەی وتووە کە هێشـــتا ســـیســـتمی کۆماری ئیســـلامی ئێران هی خەڵکەکەیەتی، بەڵام هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی، جۆرە جەنگێک و بەرەنگاربوونەوەیەکی نوێیە، ترسـی گەورەی سیستمی سیاسیی ئێران و خودی ئایەتوڵا خامینەیی لە بەشـداریینەکردنی خەڵکە، بایکۆتی بەشـێکی زۆری هاوڵاتییان و ســـەرجەم حزبەکـانی دەرەوە و پەراوێزخســـتنی بـاڵی چاکســـازیخوازانیش هێندەی تر ترســـەکەی واقیعیتر کردووە، هەربۆیە جارێکیان خامینەیی وتی: گەر نیزامی ئێرانتان خۆشناوێ و دژی سیستمن لەبەر ئێران بچن بەشـداریی دەنگدان بکەن. لە خۆڕاش نییە کە دوو مانگی ڕابردوودا چەندین پەیام و داواکاری

ئایەتوڵا خامینەیی ڕاشــکاوانە، داوای لە خەڵکی ئێران کردووە کە بەشداری هەڵبژاردن بکەن.

هەڵبژاردنەکان پرۆســـەی "پێویســـتیی زۆری کۆماری ئیســـلامی ئێرانە بە خەڵک"، هاوکات و بە هەمان ئەندازە پاش درووستبوونی درزی فراوانی ئابووریی و سیاسیی نێوان خەڵک و سیستم، پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی خەڵکیشە بەرامبەر دەسەڵات بە بایکۆتەکانیان.

بەڵام ئەوەی پرۆســەکەی بۆ دەوڵەت ســەختتر کرد، ئەوە بوو هەڵبژاردنەکان، بارگاوی بوون بە چەند دۆســـێیەکی ئاڵۆز و هەڕەشــەئامێز لەســەر ســیســتم و دۆخ بۆ نوخبەی دەســەڵاتی ســـیاســـیی ئێران، لەوانە: ســـەرکوتکارییە خوێنینەکانی دوو خۆپیشــاندانی ٢٠١٩ و ٢٠١٧ کە توڕەیی فەرامۆشــنەکراوی لای خەڵک جێهێشــتووە. شــکســتی ئێران لە پارێزگاری ڕێککەوتنی ٥+١(برجام)، تێکچوونی دۆخی ئابووریی، کەمبوونەوەی بەرهەمی نەوتی و دابەزینی نەوتفرۆشـــی، گرانکردنی بەنزین، داکشـــانی نرخی تمەن بەرامبەر دراوەکان، ململانێکانی نوخبەی ســیاســیی دەســەڵات و ئێسـقانشـکاندن، قاوکردن و تۆمەتبارکردنی یەکتر و تەنانەت دەســـتبەســـەر و زیندانیکردنی زۆرێک لە ســـەرانی کاریگەری شــۆڕش، هەروەها مەســـەلەی کوشـــتنی قاســـمی ســـولەیمانی وەک ســیمای کۆکەرەوە و نمونەی ســەختەهێزی دەرەکی ئێران بە دەســتی "دوژمنێکی ٤٠ســـاڵە"، لەمانەش زیاتر قەیرانی خســتنەخوارەوەی فرۆکە ئۆکراینییەکە...تاد، ســەرجەمی

ئەمانە دبلۆماسـییەت، بەڕێوەبردنی نێوخۆیی و دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان خستە بەردەم بەرەنگاریی سەختەوە، پێکەوەش کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر رادەی بەشداری، هەڵبژاردنی کاندید و ئاراسـتەی پەرلەمان دانا، زۆرینەی ئەم فاکتەرانەش بەرهەمهێنەری تورەیی خەڵک بوون و دەوڵەت ئەوە دەزانێت کە خەڵـک وەک هەلێـک دەڕوانێتە هەڵبژاردنەکـان و بە دەنگنەدان رەوایەتی و کۆی سـیسـتمەکە دەخەنە ژێر پرسـیار و لەوەش ترسـاوە کە ئەو بـایکۆتە سـەرەتـای کردنەوەی دەرگـایەکی لێژبوونەوە بێت و چیدی دانەخرێتەوە.

## سەرکۆمارێکی دی؛ هەڵبژاردنێکی بێڕەنگ بۆ قۆناغێکی سەخت

بە ئەنجامگیریی لە جۆرایەتی و یەکئاراستەیی لە هەڵبژاردن و جۆری پاڵفتەکردنی کاندیدەکاندا، دەردەکەوێت هەڵبژاردنی ٢٠٢١ی ئێران، بۆ لایەنگرانی ڕژێم، بە ئامادەکاریی لەقەڵەم دەدرێت بۆ قۆناغی پاش خامینەیی و قۆناغی ڕاگوزەریی دیاریکردنی ڕێبەرێکی نوێ، تەمەن و نەخۆشی ڕێبەر لەلایەک، کۆنبوون و هەڵوەرینی هەوادارانی سفرەی شۆڕش، نەیارانی نێوخۆیی و دەرەکی و دۆخی سیاسیی-ئابووریی-سەربازیی ئێرانیش لەلایەکی دیکەوە، پێکەوە دەبنە پاکێجێکی هۆکاریی بۆ بیرکردنەوەی لایەنگرانی ویلایەتی فەقیە لە گواستنەوە و هێشتنەوە و پاراستنی بنەماکانی شۆڕش و دوورخستنەوەی لەو مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکییانەی کە تاڕادەیەک وەک هەڕەشەی حەتمی یەخەی نوخبەی دەوڵەتی قوڵی ئێرانی گرتووە.

### لە بەشداریی خەڵکەوە بۆ فەرامۆشکردنی

پێشتر لەنێو سەرانی ڕژێمدا باوەڕ وابوو، هەڵبژاردنی ٢٠٢١ ڕیفراندەمی تازکردنەوەی وەلایە بۆ ویلایەتی فەقیە و هەرچۆنێک و بە هەر تێچوونێک بووە، پێویستە گەرمووگوڕ و بەشدارییەکی کارای بێت زۆرینەی خەڵک بەشدار بن، خودی خامینەیی ئەم باوەڕەی چەند مانگێک لەمەوپێش نەشاردەوە و گرەوی لەسەر زۆری بەشداریی هاوڵاتیان کردەوە و دژی "ئەندازەییکردنی هەڵبژاردن" بوو، تەنانەت نوێنەرەکانی (وەک

عەلەمولهودا) بەشدارینەکردنیان بە کافربوون لەقەڵەمدەدا. ئەڵبەت ئەوکاتە گرەوکردن لەسەردەنگی خەڵک بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە وا لەقەڵەم دەدرا ڕێژەی بەشداریی خەڵک زۆر کەم بێت و دەوڵەت ئاشتکردنەوەی خەڵک ئەولەوییەتی بێت.

دووایین هەڵبژاردنی پەرلەمان دەریخست کە لانی زۆر ٤٢٪ی خەڵک بەشداری هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کردووە. ئەمەش ڕێژەیەکە دۆڵ و درزی نێوان نوخبەی شۆڕش و خەڵک ڕوون نمایش دەکات. سەرچاوەی ئەم نائومێدیەی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ: خراپی دۆخی ئابووری، بایکۆتی حزبەنەیارەکان(چەکدار و بێچەک)، بایکۆتی زۆرینەی خەڵکی پێکهاتە غەیرە فارسەکان(کورد و عەرەب و بەلوچ)، بێزاری باڵێکی ڕیفۆرمیستەکان بەهۆی سزادانیان و ڕەتکردنەوەیان لە هەڵبژاردنەکانی ١٠ساڵی ڕابردوودا و لە هەمووی زیاتر سەرکوتکردنی خوێنینی دوو خۆپیشاندنانی دووساڵی رابردوو، زیاتر خەڵکی لە سندووقەکان ساردتر کردەوە. بۆیە سەرانی ڕژێم وەک ڕیفراندەمێک سەیری هەڵبژاردنیان دەکرد نەک ئەوەی کێ بیباتەوە.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و پرۆسەی فیلتەرین نەک بەشداریی دەنگدانی گەرموگوڕ نەکرد بەڵکو نیوەی ئسوڵگەراکانیشی لە دەنگدان ساردکردەوە، هەر زووش خودی خامینەیی کەوتە بەرگری لە بڕیاری شورای پاسەوان و پرۆسەی لادانی کێبڕکێکارە ڕاستەقینەکانی وەک نەژاد، لاریجانی، تاجزادە

و جەهانگیری بەڕاست لە قەڵەم دا. وتەبێژی شورای پاسەوان و نوێنەرانی خامینەیی لە وتارەکانی هەینیدا دیسانەوە نەیانشاردەوە کە دەنگدانی خەڵک گرنگ نییە و هێشتنەوە و پایەداری ئامانجی ڕژێم گرنگترە لە ڕێژەی بەشداربوون. دیارە ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو قسەباوەی یەکەمین ڕێبەری شۆڕشە (خومەینی) کە وتی "پێوەر دەنگی خەڵکە" و ئەم وتەیەشی تا هەنووکەش بووەتە تابلۆی شۆڕش و دروشمی لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانە. بەڵام دیارە خەڵک ئێستا تەنها مەحرەمەکانی نێودەسەڵاتن نەک هاوڵاتییان بەگشتی.

## ڕێبەری ئایندە یان گوزەرانی ئێرانییەکان

پرسیار لێرەدا ئەوەیە چی وای کرد، خامینەیی و بناژۆخوازەکانی نێوشۆڕش گرنگی بەشداریی خەڵک وەلابنێن و هەڵبژاردن بەجۆرێک دیزاین بکەن کە دەرچەکەی تەنها براوە ئیبراهیم ڕەئیسی بێت.

بیرکردنەوە لە ڕووداوە خێراکان و دۆخی نێوچەکە و ئایندەی کۆماری ئیسلامی ئێران، نوخبەی مەزهەبی شۆڕش (وەک پارێزەری باوەڕی شۆڕش)و سوپا (وەک پارێزەر و توندەهێزی بەرگری لە شۆڕش)ی خستە بەردەم دوو سیناریۆ:

١. ئامادەکاریی بۆ قۆناغی پاش خامینەیی و دیاریکردنی ڕێبەری نوێ، چونکە تەمەن(٧٩ساڵ) و نەخۆشی و نەبوونی بەدیلێکی کاریزماتیک کە جێگەی خامینەیی بگرێتەوە، بووەتە جۆرێک لە هەڕەشە لەسەر میراتگرانی شۆڕش.

٢. ئاشتکردنەوەی خەڵک و چاوپۆشی لەوەی سەرکۆمار بەدڵی ئامانجگەراکان و سوپاییەکان نەبێت. لانیکەم کەسێکی نێوشۆڕش بێت لە میانەڕەو و ڕیفۆرمیستەکان.

گەر لێدوانەکانی هەفتەی ڕابردووی خامینەیی، شورای پاسەوان، هەندێک بەرپرسی باڵای بناژۆخوازە وەربگرین، دەردەکەوێت، ژووری بڕیاری سیاسیی و خودی ڕێبەرایەتی ئێران، سیناریۆی یەکەمی هەڵبژاردووە و بەلایەوە گرنگە کە ئێستا ئایندەی شۆڕش و خۆییکردنەوەی پۆستی سەرکۆمار و زامنکردنی ڕێبەری ئایندە بکەنە ئامانج نەک دۆخی قەیرانی سیاسیی، ئابووریی و لێکترازانی نێوخۆیی کۆمەڵگەی ئێران.

پرسیار ئەوەیە، ئایا کەسێتیی سەرکۆمار بۆچی لە پرۆسەی جێگرەوەی خامینەیی و ئایندەی پارێزگاریی بنەماکانی شۆڕشدا گرنگە؟

چونکە لە حاڵەتی مردن یاخود دەستلەکارکێشانەوە یان لادانی ڕێبەردا، تا ئەوکاتەی ڕێبەر دیاریی دەکرێت شورایەک (دەستەیەکی سێ کەسی) هەموو دەسەڵاتەکانی ڕێبەر مومارەسە دەکات، کە لە هەریەک لە سەرکۆمار، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی و یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان کە لەلایەن کۆڕبەندی بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەوە دیاریی دەکرێت، پێکدێت و دەسەڵاتەکانی ڕێبەر بەپێی دەستوور مومارەسە دەکات. هەرکاتێکیش ڕێبەر بەهۆی نەخۆشی یان ڕووداوێکەوە، نەیتوانی کارەکانی ئەنجام بدات، دیسانەوە بە شێوەی کاتی لەو

ماوەیەدا ئەو شـــورایەی ئاماژەی پێدرا، ئەرکەکانی وەئەســـتۆ دەگرێت.

بەم پێیە بێت، چوار ســـاڵی ئایندە، دوور نییە یەکێک لەپایەکانی جێگرەوەی ڕێبەر، ســـەرکۆماری ئێران بێت، لەم حاڵەتەدا ناکرێت کەسـێک بێت لەنێو مەحرەم و باوەڕدارەکان بە بنەماکانی تونئاژۆکانی نێوشـــۆڕش نەبێت و وەلای بۆ خامینەیی ڕەها نەبێت.

لەو سێ دەزگایەی ئەرکی بەڕێکردنی کارەکانی ڕێبەر لە نەبوونیدا ڕادەپەڕێنن، تەنها ســـەرۆکایەتی کۆمار ماوە بەدڵی بەیتی ڕێبەری نەبێت (چونکە ڕۆحانی زۆرتر بەرهەمی هاوپەیمانێتیی ناچاریی بەرژەوەندیگەراکان+ موحافیزکارە میانڕەوەکان و ڕیفۆرمیستەکان بوو). دووساڵی ڕابردوو بەهۆی فلتەرکردنی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، بناژۆخوازەکان ئەوییان لەدەســـتی ڕیفۆرمیســـت و میانڕەوەکان دەرهێنا، ئەنجوومەنی شـــارەزایانیش دەمێکە وەلایەکی موتڵەقی بۆ ڕێبەرایەتی و بناژۆخوازەکان یەکلاکردووەتەوە. ئێســـتاش بەم دیزاین و ئەندازەکردنەی هەڵبژاردنەکانی ســـەرۆکایەتی، دیارە ئەویش یەکلادەبێتەوە بۆ ئیبراهیم ڕەئیســـی کە هەم جێگری ئەنجومەنی شـــارەزایانە و ســـەرۆکی دەســـەڵاتی دادوەریی هەنووکەیی، هەم پۆســـتی ســـەرۆککۆماریش لەبەرژەوەندی بناژۆخوازەکان وەردەگرێتەوە.

بەم پێیە بێت، لە کۆی کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی دەسەڵات لە ئێراندا: سەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمان، دادوەریی، ئەنجوومەنی شارەزایان، شورای پاسەوان، سوپا، میدیای دەوڵەت و...تاد بە یەک هارمۆنی و یەک ڕەوت لە مانگی داهاتووەوە کۆرسێکی هەماهەنگ بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێکدەهێن و دیاریکردنی ڕێبەری ئایندەش دژوار نابێت، کە یار و نەیاری نێوخۆیی و دەرەکی گرەوی لەسەر دەکەن و پەیوەستی دەکەنەوە بە مان و نەمانی شۆڕشەوە.

لەبەر ئەو فاکتانەی باس کران، ئەوەبوو سەرچاوەی ئەو بارگۆڕانە لە دیدگای نوخبەی دەسەڵاتی ئێراندا، لە "زۆری بەشداریکرنی خەڵکەوە" بۆ "فەرامۆشکردنی خەڵک" و ڕووکردنە "بیرکردنەوە لە ڕێبەری ئایندەی شۆڕش"، بە واتایەکی دی لای نوخبەی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە، ئەوەی پاڵنەرە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران بەرلەوەی بۆ خزمەت و گوزەران بێت، بیرکردنەوەیە لەوەی کێ دەبێتە سەرکۆمار، تا ببێتە ئەندامێکی لیژنەی سێکوچکەیی قۆناغی پاش مەرگی ڕێبەری هەنووکەیی.

## هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران۲۰۲۱؛ براوە و دۆڕاوە ڕاستینەکان لەئەنجامەکانەوە

بەگوێرەی ئامارە سەرەتاییەکان، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێران بەسەرکەوتنی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەربە باڵی بناژۆخوازەکان و کەسایەتییەکی نزیک لە ڕێبەری ئێران، کۆتایی هات. ئەو لە کۆی ۲۸ ملیۆن و ۹۳۳ هەزار و ٤ کەس، ۱۷ ملیۆن و ۹۲٦هەزار و ۳٤٥ دەنگی بۆ تۆمارکراوە. پاش ڕەئیسی، دەنگی پووچ پلەی دووەم و موحسین رەزایی بە پلەی سێیەم و هیممەتی لە باڵی ڕیفۆرمیستان بە پلەی چوارەم و قازی زادە هاشمی-یش بە پلەی پێنجەم دێت.(ئەڵبەت بە حسێبکردنی دەنگی پووچەوە). جیالەوەش نیوە زیاتری وەڵاتیانی ئەو وڵاتە بایکۆتی دەنگدانیان کرد.

لەڕوانگەی گوتاری هێزە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکان و بارگۆڕانی خواستی شەقامی ئێرانییەوە، یەکەمجارە خواستێکی کوردستانی شەقام و هێزە کوردییەکان، ببێتە خواستێکی سەرانسەریی نیوەی زیاتری سەرجەم ئێرانییەکان، چونکە ئەوە کوردەکان بوون لە ساڵی ۱۹۷۹ەوە و لە پرسی پەسەندکردنی دەستووری ئێراندا باوەڕییان وابوو چەکی مەدەنیی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان هیچی کەمتر نییە لە شێوازەکانی دیکەی ناڕەزایی. گەرنا زۆرێک لەئێرانییەکان ئەمجارەی لێدەربچێت بە چەپ و ڕاست و ئیسلامی و پان ئێرانیستەوە لەسەر سندووقەکان دەمانەوە.

**لەئەنجامەکانەوە، سێ تێبینی:**

– یەکەم: دەنگی پووچ (سپی) پلەی دووەمی بەدەست هێناوە و نزیکەی ١٥٪ی دەنگدەران دەکات. لەکاتێکدا هیچ هێزێک نە ئۆپۆزسیۆن و نە دەسەڵات خواست و پێشنیارێکی سیاسیی وایان نەخستەڕوو. بەڵام بەشێکی خەڵک خۆی لەنێوان بایکۆت و دەنگداندا ڕێگای سێیەمی دۆزییەوە و کاریگەری و پرسی گەورەشی هەم لەسەر ڕەوایەتی کۆی پرۆسەکە و هەم لەسەر تێنەگەیشتنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەشەقامەکەی جێهێشت.

دووەم: لەم هەڵبژاردنەدا و بە هەڵبژاردنی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرجەم دەسەڵاتە کاریگەرەکان لەئێراندا یەکدەست دەبن و بواری ڕۆڵگۆڕێن و ڕۆڵ دابەشکردن لەسیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا نامێنێت، چونکە هەرسێ دەسەڵاتەکە (داد و پەرلەمان و حکومەت) و ڕێبەر و دەزگاکانی دیکەی وەک ئەنجومەنی شارەزایان و شورای پاسەوان و میدیای دەوڵەتی و...تاد، سەرلەبەر یەک تەوژمی سیاسیی بەڕێوەیان دەبات و بەمەش درزی نێوان دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان نامێنێت و بیانوو یان خۆدزینەوە لە بەجێگەیاندنی خواستی خەڵک یان هەر پرسێکی دیکە (وەک ڕێککەوتن لەگەڵ دەرەوەدا) بواری بۆ نامێنێت و چیتر هیچ دەزگایەک ناتوانێت ئەوی دی بە کەمتەرخەم لەقەڵەم بدات و خۆی بدزێتەوە، چونکە لەهەر بارێکی ئەرێنی و نەرێنیدا هەر تەوژمی بناژۆخوازەکانن لێی بەرپرسن.

– سـێیەم: هەڵبژاردنی ٢٠٢١ی سـەرکۆماریی، بە یەکێک لەو هەڵبژاردنانە دادەنرێت کە لەمێژووی شـۆڕشـی ئیسـلامیی ئێراندا کەمترین پێشـوازی لێکرا بێت. بەسـروشـت لەم جۆرە هەڵبژاردنانەدا کە ئێران لە قولەی گۆڕانکاریی و ئەگەری گۆڕینی ڕێبەرەکەیدایە، وا چاوەڕوان دەکرا زیاتر بەشـداری پرسـەکەیان بکردایە(وەک هەڵبژاردنی ١٩٨١ کە تێیدا عەلی خامینەیی بەبەشـدارییەکی بەرچاوی خەڵک وەک سـەرۆک هەڵبژێردراو و هەر ئەو دەنگ و پێشـوازییە وایکرد ببێتە بەردەبازێک تا بگاتە پۆسـتی ڕێبەریش). لەم هەڵبژاردنەدا لە کۆی ٥٩ملیۆن کەس کە مافی بەشـدارییان لەدەنگداندا هەبوو، نیوە کەمتر واتە (٢٨ملیۆن و ٩٣٣هەزار و ٤ کەس دەنگی تۆمارکراوە)، واتە نیوە کەمتری دەنگدەر ئەو مافەی خۆی بەکارهێنا (ئەڵبەت جیا لە گومانەکان لەسـەر سـاغڵەمی و ناسـتانداردی هەڵبژاردنەکان و شـێوازی پەسـەندکردنی کاندیدەکان). ئەمەش چەند فاکتەرێک دەکرێت دیاری بکرێن بۆ کەمی دەنگدەران:

١. هەڵمەتی بایکۆت: زیاتر لە شـەش مانگە، کەمپەینی بایکۆت و هاندانی خەڵک بۆ بەشـدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا دەسـتی پێکردووە کە زۆرێک لە لایەنە ناکۆکەکانی دەرەوەی دەسـەڵات (کورد، بەلوچ، موجاهیدین، پاشاییخوازەکان و ...تاد) و هەندێ ئاراسـتەی نێو دەسـەڵاتیش وەک (باڵی ئەحمەدی نەژاد لە بناژۆخوازەکان، حسێن موسـەوی و تاجزادە لە ڕیفۆرمیستەکان

و زۆرێـک لە نوخبە و گرووپ و ڕێکخراوە مەدەنییەکـانی نێو کۆمەڵگە)ی لە خۆدەگرت.

٢. هەریەک لە پرسـە گەرمەکانی خۆپیشـاندانەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٩ و خســـتنەخوارەوەی فرۆکە ئۆکراینییەکە کە ١٧٩ کەس تێیدا گیانیان لەدەست دا، دابەزینی بەهای تمەن و بژێوی سەخت و گرانی نرخ کاریگەری لەسـەر دڵسـاردیی ئێرانییەکان جێهێشـت بوو، لەبری ئەوەی هەڵبژاردن وەک مەراســـیم و فیســـتیڤاڵێکی نیشـــتمانی (وەک جاران) لێی بڕوانن، وەک جۆرێک لە ململانێی توند و نابەرابەر و خەمباریی پرۆســـەکەیان بەڕێکرد، تەنانەت خودی لایەنگرانی دەسەڵاتیش وەک قۆناغێکی سەخت و دژوار لە هەڵبژاردنەکانیان دەڕوانی و وەک پرۆسەیەکی پاکسازیی نەیاری نێوخۆیی لەقەڵەمیان دەدا.

٣. کارنامەی هەشتساڵەی حکومەتی ڕۆحانی، ناڕەزایەتی بەدووی خۆیدا هێنا، چونکە پڕبوو لە بەجێنەهێنانی بەڵێنی زۆر و زەوەنـدە بە: خەڵـک و بژێـوی و گـوزەرانـیـان (هەرزانی و خۆشـــگوزەرانی و بووژانەوەی بازاڕ) و لایەنەســـیاســـییەکان (ئازادیی سـیاسـیی)، پێکهاتەکان (ئازادیی کولتووریی و مەزهەبی و ئازادیی زمانەکان) و کرانەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەتایبەت ئەمریکا، بەڵام ســـەرلەبەر هیچ یان نیوەچڵ دەرچوون و ئەمەش خەڵکی لە حکومەت و سیستەم نیگەرانتر کرد.

**کێن براوە و دۆڕاوەکان؟**

دەرئەنجام پاش کۆتایی پرۆسەی دوا هەڵبژاردن، دەکرێت دوو لایەن بە براوەی سەرەکی دابنرێن، بناژۆخوازانی نێودەسەڵات، بەرەیەکی فراوانی خەڵک و هێزە ئۆپۆزسیۆنە بایکۆتییەکان:

١.لەڕووی ئەنجامەوە، بناژۆخوازان جارێکی دیکە سەرجەمی دەسەڵاتەکانیان وەدەست گرتەوە و حکومەت و دەوڵەتیان خستەوە مشتی خۆ. بۆیە براوەی نێو تەوژمەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی ئێران، ئەوانن.

٢. لایەنی دووەمی براوەکان، هەوادارانی بایکۆتن کە خۆیان لە خەڵکی تورەی شەقام، هێزە سیاسییەکانی وەک کورد، پاشاییەکان، موجاهدین، گروپێکی بچووکی نێو ڕیفۆرمیستان و هەندێکی نێو بناژۆخوازەکانیش دەبیننەوە. ئەمانە ڕاستە لەسەر سندووق کاندیدیان نەبوو بەڵام لەڕێگەی بایکۆتەوە تاڕادەیەک هەژموونی خۆیان بەرامبەر شەقامی ئێرانی و دەسەڵات و وڵاتانی دەرەوە نیشاندا و ڕەنگە سەرەتای هەماهەنگی ئەو هیزانەش بێت بۆ کاری پێکەوەیی لەدواڕۆژدا و ئەمە بکەنە سەرەتای ئەزموونێکی هاوبەشی سەرکەوتوو و مۆدێلێک بۆ پیادەکردن، پێجەوانەی ڕابردوو کە پەرتەوازەیی لێدانی کوشندەی بە پەیکەری ئۆپۆزسیۆن گەیاند.

هەرچی لایەنی دۆڕاوی دەنگدانیشە، پشکی شێری بەر ڕیفۆرمیستەکان دەکەوێت، کە هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە کە کاندیدە ڕاستینەکانیان ڕەتکرانەوە، تا ئەنجامدان و دەرئەنجامی

پرۆسەکە کە تێیدا کاندیدی دەستەدوویان پلەی چوارەمی بەدەستهێنا، تەنانەت لەدەنگی سپیش کەمتریان لەسەر سندووقەکان مسۆگەر کرد. کێشەی ڕیفۆرمیستان تەنها دۆڕانێکی ئاسایی و لەدەستدانی پۆستێک نییە، بەڵکو گرفتەکە بەجێمانە لەشەقام و تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووی سەرانی ڕێبەرانی وەک خاتەمی و کەڕووبی بوو کە قیبلەی ئەو باڵەن و داوای بەشداری دەنگدان و دەنگدانیان بە هیممەتی کرد، بەڵام ئەوە هیچ کە خەڵک نەچوو بەدەم داواکانیانەوە، بەڵکو تەوژمی سیاسیی ڕیفۆرمیستانیشی بەم هەنگاوە هەڵەیە کردە نەیاری سێ تەوژمی لەخۆی بەهێزتر: یەکەم جەماوەری بایکۆتچی نێوخۆ(٥٠٪زیاتری کۆمەڵگە)، دووەم: لایەنە ئۆپۆزسیۆنە دەرەکییەکان، سێیەمیش بەجۆرێک سەنگیان تاقیکرایەوە کە بناژۆخوازەکانیش منەتیان پێیان نەما و چیتر ناتوانن وەک جاران لەنێو دەسەڵاتدا ئەو ململانێیە بکەن کە هەم تەمەنی سیاسیی خۆیان و هەم تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشیان چەندجارێک درێژ کردەوە.

## سوپا و سیاسەت

سـوپای ئەو وڵاتە جیا لە ئەرکە سـەربازییەکەی دەسـتی باڵاشـــی هەیە لە ئـابووریی وڵاتـدا، کۆمپانیا زەبەلاحەکـان لە خولگەی بەرژەوەندییەکانی سـوپادا دەسـوڕێنەوە، وا ئێسـتاش دەیانەوێت لە دەسـەڵاتی جێبەجێکردنیشـدا پشـکییان هەبێت و ڕاشـکاوانە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ پشـتیوانی کاندیدای هەڵبژاردنی سـەرکۆماری خۆیان دەنوێنن و میدیا و نوخبەی نزیکیشیان، سـەرکۆمارێکی نزیک لە خۆیان بە فریادڕەسی قۆناغ وەسف دەکەن.

پرسیار ئەوەیە بۆچی سوپاییەکان لە قۆناغی هەنووکەیی ئێران و لەسەردەمی ڕەئیسیدا هێندە کاریگەرن؟

### سەردەمی بایدن و چانسی سەربازییەکان

دۆخی سیاسـیی ئێران لە پۆلێنی ڕەوتە سـیاسـییەکانیدا، پـاش نـاڕەزایەتییەکـانی بزوتنەوەی سـەوزی ئێران(٢٠٠٩)، حاڵەتێکی دوو جەمسـەری وەرگرتووە، ئەم پۆلێنە وەک کۆتایی نەوەدەکان، دنیای سـیاسـەتوانانی ئێرانی دابەش نەکردووە بۆ ڕیفۆرمیسـت و بناژۆخواز، کە لە هەموو حاڵەتێکدا لە ئاسـتی دەرەوەدا تەبا بوون و وەک تەواوکار بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێرانیان لەگەڵ وڵاتاندا دەجوڵانەوە، بەڵکو لەئێسـتادا سـەرەڕای مـانەوەی ڕەوتە بـاوەکـانی پێشـتر، دوو جەمسـەرەکە سـیاسـەتکردنیان لەسـەر بنەمای دانوسـتان یان هەڵشـاخانەوە

بەڕووی ئەمریکادایه، بەرەی یەکەم سوپایی و بەسیج و زۆرینەی پەرلەمانی ئێستای، کە لەگەڵ سەرکۆمارێکی سوپایی و توندکردنەوەی سیاسەتی ئێرانن بەرامبەر ڕۆژئاوا. بەرەی دووەم خۆی لە ڕیفۆرمیستەکان، میانڕەوانی میراتگری ڕەفسەنجانی، بناژۆخوازە بەرژەوەندیگەراکان( وەک برایانی لاریجانی و موتەهەری و...تاد). ئەم دوو جەمسەرە سەر لەبەری حسابات و هەژموونی سیاسییان لە ئێستادا لەسەر دانوستان و دژەدانوستانی لە نێوخۆ و دەرەوەدا ڕێکخستووەتەوە، بانگەشە و کاندیدانی دوا هەڵبژاردنیشیان (٢٠٢١) هەر ئەم ئارگیومێنتەیان کردە خاڵی یەکەم.

سەردەمی ترەمپ سەردەمی زاڵکەرەوەی قسەی بەرەی یەکەم بوو. چونکە تاران بەوە گەیشتبوو کە مامەڵەی ژێرکاریی و دانوستاندن لەگەڵ کۆشکی سپیدا لەسەردەمی ئەودا مەحاڵە. هەر لەبەر ئەمەش بوو پرۆئێرانییەکان، لۆبییە ژێربەژێرەکانی[٧٤] و وڵاتانی ئەوروپا نەیانتوانی وا لە واشنتۆن بکەن دەست لە فشار هەڵبگرێت[٧٥]، بۆیە گرەوی ئێران لەسەر کەوتنی ترەمپ و هاتنەوە سەرکاری دیموکراتەکان بوو.[٧٦]

---

[٧٤]. هشام منور(٢٠١٦): https://www.albayan.co.uk/mobile/MGZarticle٢.aspx?ID=٤٨٩٦

[٧٥]. هەردی مەهدی(٢٠٢٠): https://bit.ly/٢JIOY٢Y

[٧٦]. مسعود زاهد(٢٠٢٠): https://bit.ly/٣qDHsaw

وا گرەوەکەی بە هاتنەسەرکاری بایدن، بە ئەنجام گەیشت، بەڵام ململانێی نێوان بەرەی دژەبەرجام وهەوادارانی بەرجام (٥+١)، هەر ماوە و لە فۆرمی دیکەدا خۆی دەنوێنێت.

نەیارانی دانوستانی ئێران و ڕۆژئاوا، کە باوەڕییان بە نمایشی تووندەهێزی ئێرانە، بەشێکیان سەرکردەکانی سوپان، ئەوانەی کە کەم تا زۆر بە پێی بۆ لوان، سەرەنێزەی خۆیان لە سیاسەت هەر لەسەردەمی جەنگی هەشت ساڵەوە تا هەڕەشەکردن لە سەرکۆمارانی خاتەمی و ڕۆحانی لە سیاسەتی حکومەتی ئێران وەرداوە. سوپاییەکان دەیانەوێت وەک فریادڕەس خۆیان بنوێنن و بەبنبەستگەیشتنی هەوادارانی گفتوگۆ بقۆزنەوە، ئێستا چەندین ڕوخساری سوپایی لە پلەی پێشەوەی هەرەمی دەسەڵاتدان، بەڵام ئەوەی شانسی زێتری داوەتە سوپاییە توندڕەوەکان، چەند فاکتەرێکن. دەکرێت لە چەند خاڵیکدا کورت بکرێنەوە:

١. سیاسەتی نینۆککردنی ئێران، دەنگی ناڕەزایی نێو لایەنگرانی گوتاری ڕادیکاڵی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی، بەرزکردووەتەوە و وەک مالیک شەریعەتی پەرلەمانتاریی سوپایی دەڵێت جەنگی ئابووریی دژەئێران زۆر پێچاوپێچترە لە جەنگی سەربازی، خوێن نارژرێت باوک ناکوژێت، بەڵام غرووری باوکان دەکوژێت، بۆیە دەبێت کابینەی دادێ، "کابینەی جەنگ"

بێت.[٧٧] موختار پور یەکێکی دیکە لە سوپاییە پەرلەمانتارەکان باوەڕی وایە تەنها ڕێگەی ڕزگاریی سەرکۆمارێکی سەربازییە.[٧٨] ئەم بەرەیە بەوەشەوە ناوەستن و لەو باوەڕەدان کە دۆخی وڵات سەرکۆمارێکی سەربازی پێویستە.

٢. هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، گوتاری سەربازییەکانی ئێرانی لە نێوخۆی هەوادارنی شۆڕشدا بەهێز کردووە، چونکە لەلایەک لەگەڵ ئەو هەموو سازشەی ئێران لە ٥+١دا، بەڵام ئەنجامەکەی سیاسەتەکانی ترمپ، کوشتنی سلێمانی و سنوردارکردنی ئێران لە عێراق و لوبنان و..تاد، توندتربوونی سزاکان بوو، پەلامارەکانی ئیسرائیل لە سوریا بۆ سەر ئێران و پرۆکسییەکانی لێکەوتەوە. بۆیە باوەڕێک هەیە کە سیاسەتی کۆترەکان شکستی هێناوە و نۆرەی هەڵۆکانە. سیاسەتەکانی ترەمپ-یش بوارێکی بۆ گفتوگۆ نەهێشتەوە.[٧٩]

٣. ئەگەر گرەوی هەوادارانی دانوستان ئەوە بووبێت بە گەڕانەوەی دیموکراتەکان، ئێران دۆخی ئابووریی باشتر دەبێت، ئەوا دیدگایەکی پێچەوانەش هەیە و بایدن-یش نەیشاردەوە کە سەردەمەکەی سەردەمی ئۆباما نابێت و ناتوانێت بگەڕێتەوە

[٧٧] . خبر اونلاین: این ۶ چهره نظامی آماده کاندیداتوری در انتخابات ۱۴۰۰ / واکنش سیاسیون به ورود نظامیان به انتخابات - خبرآنلاین(khabaronline.ir)

[٧٨] . شانس نامزدی کدام چهره نظامی در انتخابات ۱٤۰۰ بیشتر است؟

[٧٩] . جو بایدن و ایران؛ شرایط برای مذاکره دشوار شده و گزینه نظامی همواره روی میز است(٢٠٢٠): یورۆنیوز، (https://per.euronews.com/٢٠٢٠/١١/١٦/iran-nuclear-program-new-us-government-joe-biden)

دواوە، ئاسانیش نییە بایدن سزا ئابوورییەکانی سەردەمی ترەمپ بەتەواویی هەڵبگرێت[٨٠]، گەر ئەم ئارگیومێنتە بتوانرێت لە ناو ژوورەکانی بڕیاری سیاسەتی دەرەوە جێی بکرێتەوە و ڕێبەری ئێران بهێنتە قەناعەت، ئەوا چانسی سەربازییەکان زێدەتر دبێت.

٤. شانسێکی دیکەی برەوی سەربازییەکان لە سیاسەتدا، دۆخی نارەزایی و بایکۆتی ڕای گشتی خەڵکە بەرامبەر هەڵبژاردنەکان لەلایەک و ئەو پاڵفتەکارییەی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور کە ئەرکێکی ڕەتکردنەوە و پەسەندکردنی کاندیدەکانی سەرکۆمارە. لەم ڕووەوە تا ڕێژەی بایکۆت بەرزتر بێت چانسی سەربازییەکان و بناژۆخوازەکانی شۆڕش زیاترە، ئەم ئەزموونە لە خولی یانزەیەمی پەرلەماندا تاقیکرایەوە، بەهۆی کەمی بەشداری خەڵکەوە، وایکرد پەرلەمانێکی بناژۆخوازە و پایەسەربازی بێتەسەرکار، ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارانی ئەم خولە لە کەسایەتیی سەربازی پێکیدەێنن، لەنێو دەستەی سەرۆکایەتی ١٢ کەسیی پەرلەمانیشدا زۆرینەیان سەربازیین بە سەرۆکی پەرلەمانیشەوە.[٨١] لانیکەم ٢٤ کەس لە فەرماندە کاریگەر و دیارەکانی سوپا و بەسیج کە هێشتا لە جل و پلە

---

[٨٠] . هەمان: (https://per.euronews.com/٢٠٢٠/١١/١٦-iran-nuclear-program-new-us-government-joe-biden)

[٨١] . بهنام قلی‌پور(١٣٩٨): ارزیابی‌های اولیه از سهم نظامیان در مجلس یازدهم: https://bit.ly/٣lYYvQy

سەربازییەکانیشیان نەگەڕاون و پلەی جەنراڵ و لیوایان هەیە لە سوپادا لە پەرلەمانی هەنووکەیی دان.[٨٢]

## سەربازییەکان و کابینەکانی پێشتری حکومەت؟

گەرچی ڕێبەری پێشــووی ئێران (خومەینی)، چەندینجار بەشداریی سوپایی و دەسوەردانەکانی لە سیاسەتدا ناپەسەند داناوە، ئەو دەیووت: فەرماندەکان داخڵی هیچ حزب و گرووپێکی سیاسی نەبن، ئەگەر سوپای پاسدار یان هەر هێزێکی سەربازی لە حزبایەتیدا کار بکات "پێویســتە فاتیحەی ئەو ســوپایە بخوێنرێت...جایز نییە... ڕژێمەکە دەکێشن بەیەکەدا... ئیسلام لاواز دەکەن..."[٨٣]، هەروەهـا دەیووت "هەڵبژاردنەکـان کـاری خۆیـان دەکەن، چ پەیوەندییەکی بە سـوپاوە هەیە... بۆ سـوپا "دروسـت نییە"بچێتە ناو ئەم بابەتەوە[٨٤].

دیارە ئەم ڕێنماییانەی ڕێبەر نەک کاری پێنەکرا، بەڵکو مەرەکەبەی سەرکاغەز مایەوە، بەڵکو زیاتر لەوەش جەنگی ٨ساڵە ئەمەی تۆخکردەوە و لوتکەی دەسەڵاتیشیان وەرگرت. لە خودی ڕێبەری ئێســتاوە، ڕەفســەنجانی، ئەحمەدی نەژاد و ڕۆحانی لە دەزگای سەربازییەوە داخڵی نێو سیاسەت بوون و پۆستەکانیان وەرگرت.

---

[٨٢] . مراد ویسی(١٣٩٩): مجلس شورای فرماندهان سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، https://www.radiofarda.com/a/Islamic-Consultative-Assembly-of-IRGC-Commanders/٣٠٦٤٨٢٢٤.html

[٨٣] . آیت الله خمینی: صحیفه امام، جلد ١٦، ص ١١٠ و ١١١

[٨٤] .هەمان: صحفیه امام، جلد ١٩، ص ١٢.

مەسەلەیەک هەیە پەیوەندیی سیاسەت و سەربازی لە ئێراندا لێک ئاڵاندووە، ئەوەیە لە بنچینەدا سیاسەتی دەرەوە لەدەستی ڕێبەر و دەزگا ناهەڵبژێردراوەکاندایە، نەک حکومەت و وەزارەتی دەرەوە. گڵۆپی سەوزی هەر مامەڵەیەکی دەرەکی ئێران ڕێبەر هەڵی دەکات نەک دەزگاکانی دیکە، ئیتر چ بەدەست ڕیفۆرمیستەوە بێت یان بناژۆخواز جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت. گەر لە شیرازەی سیاسیی ئێران و پێگەی سەرکۆماریش بڕوانرێت دیارە کە سیستەمێکی تێکەڵی سەرۆکایەتی، پارلەمانی و پابەندی مەزهەبیە[٨٥]، لە چەندین جومگەشدا سیستەمێکی تاکڕەوی دینگەرایە و لوتکەی دەستەڵاتەکەی (ڕێبەر) بە پێی دەستووی ئێران دەستەڵاتی ڕەهای ناپابەندی هەیە لە هەمبەر پارلەمان و خەڵک و یاسادا. لەم ڕوانگەیەوە سوپاییەکان پێگەیەکی پێشتریان هەیە و لایەنگری یەکلابووەوەی ڕێبەر و هێڵی توندی شۆڕشن، لەبەرئەوە سیاسەتکردنی سەربازییەکان لە ڕوانگەی بنچینە و دیدگای کۆماری ئیسلامی ئێران و گشتگیرێتی سیستەمەکە، کارێکی ئاساییە و بەر لەدەنگی خەڵک و هەڵبژاردنەکان و دەزگا دەوڵەتییەکان دەنگ و هێزی سووپا بۆ شۆڕش و سیاسەت لە پێشترە.

[٨٥] . خبرگزاری ایمنا(١٣٩٦): نظامهای سیاسی ایران؛ ساختار سیاسی پسا انقلاب - ایمنا(imna.ir)

# بەشی سێیەم

## مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نێو ئێران؛
## کورد و عەرەبی "ئەحواز" بە نموونە

## کورد لە سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا

ڕەنگە گۆڕینی ڕوخسارەکان یان لە تەوژمێکەوە بۆ یەکێکی دی یان ڕۆشتنی باڵێک و هاتنی ئەوی دی (ئسوڵگەرا، ڕیفۆرمیست، پانئێرانیست، سەربازی و تەکنۆکرات)، بۆ ئێرانێکی ئیسلامی و کۆمارە ناوەندگەراکەی کاریگەر بێت و ئاڵوگۆڕ بەسەر مەودای تەمەن و هێزی شۆڕش و کۆماری ئیسلامییدا بهێنێت، بەڵام بۆ دۆسیێی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی وەک بەلووچ (کە هەم سونین و هەم ئێرانیی ڕەچەڵەک و فارس نیین) وەک شوناس و ماف و دانپێدانان، پرسەکە لە گۆڕینی روخسارێک لە مەدەنییەکەوە بۆ بناژۆخوازەیەک یان سەربازییەک، لە ئسوڵگەرایەکەوە بۆ ڕیفۆرمیستێک، لە نەتەوەییەکەوە بۆ ئیسلامگەرایەک و بەپێچەوانەوەشەوە، گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا نایەت. چونکە لە هەردوو بارەکەدا هەم بەپێی دەستوور و هەم بەپێی سیاسەتە گشتییەکانی ئەو وڵاتە کە لە دەوڵەتی قوڵی شیعەمەزهەبی دوانزەئیمامییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم پێکهاتانە لە هەردوو ڕووی مەزهەبی و نەتەوەییەوە، هەر پەراوێزن و پلە دوون.

لە سیاسەتی گشتی ئێراندا پرسی کورد لەسەر چەند ئاستێک پۆلێنکراوە، لانیکەم سێ ئاستی هەرە دیارییان: کوردی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە، کوردی نێو ئێران و هەرێمی کوردستانن.

## هێزە کوردستانییە ئۆپۆزسیۆنەکان

هەرچی ئاستی یەکەمیانە، ئەوا لە دیدی ئێرانەوە، بە دژەڕژێم و جیاخواز و یاخی و تیرۆریست پۆلێن کراون. بێئەوەی سەرچاوەی خۆبێبەرییکردن یان بێبەریکردنی ئەوان لە پرۆسەی سیاسیی و بەشدارییاندا لە نێو ئێراندا لێکبدرێتەوە و بۆ سەرانی نوخبەی دەسەڵات بایەخدار بێت. ئەم هێز و لایەنانە لە حزبی دیموکرات و کۆمەڵە و خەبات و لقەکانیاندا خۆیان دەبیننەوە. ئەم هێزانە بەتایبەت حزبی دیموکراتی کوردستان بەشدارییەکی کارای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی سەرەتای کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، نوێنەرەکانیشی زۆرینەی ڕەهای دەنگی ناوچەکوردییەکانی بەدەستهێنا. (وردەکاری پرۆسەی کشانەوەی حزبی دیموکرات و حیلە و دەستیدەستییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران باس ناکەین کە دواجار بوونە هۆی پەنابردن بۆ چەک لەلایەن ئەم هێزانەوە و کشانەوەیان لە پرۆسەی سیاسی).

بەڵام "بە گشتی" وەک پرەنسیپ باوەڕی زۆرینەی هێزەکوردستانییەکانی دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی هەنووکەیی ئێران وایە کە نە لەڕووی دەستووریی و سیاسییەوە نە لەڕووی داموودەزگا و ڕەوایەتییەوە و نە وەک پێکهاتە و نە وەک هاوڵاتییەکی کورد و بگرە ئێرانییەکیش بەم دەستوور و پرۆسەی سیاسییەی ئێستاوە نە مافیان دابین دەکرێت و نە مانایەکیش هەیە بۆ بەشداریی سیاسیی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و بگرەدانوستاندنیشدا. بۆیە لەزۆربەی هەڵبژاردنەکاندا بایکۆت و

بەشـــــدارییនەکردن ئەگەری جێبەجێکراوی بەردەمییـان بووە و هەڵبژاردن تا هەڵبژاردنیش ئەم ئەگەرە ڕێژەیی بووە و کاریگەریی لەســـەر پرســـی ڕەوایەتی پرۆســـەی هەڵبژاردن کەم تا زۆر جێهێشـــتووە، لانیکەم بۆ نـاوچەکوردســـتانیەکان و بەتـایبەت لەڕوانگەی بابەتگەلی وەک مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتییدا.

لەهەڵـبـژاردنـی ئـێـســـتـای ســـەرۆکـایەتـی (١٨/ حوزەیران٢٠٢١)یشـــدا، دیســـانەوە بایکۆتییان هەڵبژاردووە و بەگوێرەی شـــرۆڤە و ئامارەکانی ڕاپرســـی، هاوتا لەگەڵ هێزە ئۆپۆزســـیۆنەکانی دیکەی نێوئێراندا، پرســـی بایکۆت کاریگەریی جێهێشـــتووە و بەجۆرێک چاوەڕوان دەکرێت زۆرترین ڕێژەی بایکۆت دیســـانەوە لە ناوچە کوردنشـــینەکاندا بێت و لە ئاســـتی ئێرانیشـــدا بەشـــداریینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردندا ژمارەی پێوانەیی لەچاو ٤٣ساڵی رابردوودا تۆمار بکات.

## کوردانی ڕۆژهەڵات و هێزە بەشدارەکانی هەڵبژاردن

هەرچی پرســـی کوردە لەئێراندا، کە زیاتر وەک پرســـێکی ئاسایشیی(ئەمنی) بە درێژایی ١٠٠ ساڵ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بەتایبەت لە ســـەردەمی کۆماری ئیســـلامیدا، هەر جۆرە مافێکی کولتووری وەک رێگەدان بە زمـانی کوردی لە پەروەردەدا، وەرگرتنی پۆســـتی بالا (لە پارێزگارێکی کوردی ســـوننەوە تا ســـەرکۆمارێتی)و ...تاد، بە دەســـتوور بە کورد ڕەوا نەبینراوە،

ئەم پرسەش بە هاتنەسەرکاری سەرکۆمارێکی ڕیفۆرمیست، بناژۆخوازە یان سەربازیی چارە نابێت چونکە لە دەسەڵاتیدا نییە و زیاتر دەستوورییە و لەدەستی چەند دەزگایەکی بڕیاردایە کە سەرووترن لە سەرۆککۆماریی.

لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران بە شێوازی جیاواز و بەناوی جیاوازیشەوە، خوازیاری دروستکردنی حزب و فراکسیۆنی پەرلەمانین، بەڵام سەرجەم هەوڵەکان ڕەتکراوونەتەوە و بە نایاسایی و جیاخوازی و نادەستووری لەقەڵەمدراوون. بۆیە دیسانەوە بەشێکی زۆری کوردەکان چ وەک ڕێکخستنەکانی شاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و چ وەک ئەوانەی لە دروستکردنی حزبێکی سیاسیی نێو ئێران نائومێد کراوون، ناچار بێت یان وەک پرەنسیپ بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن و سیاسەتیش دەکەن. بەشێکی دیکەی کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردیش بە پاساوی جۆراوجۆر و بەهۆی نەبووی هێزێکی مۆڵەتپێدراوی یاساییەوە! ناچار ڕوودەکەنە نێو ڕێکخستن و ئاراستە سیاسییەکانی وەک ڕیفۆرمیست و بناژۆخوازەکان و لە پەنای ئەواندا خۆیان حەشاردەدەن، ئەڵبەت ئەم واقیعە بۆ بەلوچ و عەرەب و بگرە ئازەرییەکانیش (بەهەندێ جیاوازی کەمەوە ڕاستە). بەشێکی دیکەی کوردەکانیش هیزە ئیسلامییە وەک پێرەوانی شورای شەمس، مەکتەب قورئان و جوڵانەوەی ئیسڵاح و ..تاد دەگرێتەوە، کە بەپێی هەڵبژاردنەکان هەڵوێستییان گۆڕاوە و ئەمانەش وەک هێزی سیاسیی ڕێگەپێدراو نین و هەر کۆتایی

ساڵانی هەشتاکانەوە سەرکردەکانیان (موفتی زادە و سوبحانی و ...ڕەبیعی) بەجۆرێک لە جۆرێکەکان لەنێوبراون، تەنها لەچوارچێوەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و ئاینی و خزمەتگوزاریی بچووکدا چالاکیی سنووورداری کولتووری خۆیان ڕێکدەخەن. لایەنگرانی ئەمانیش هەم بەپاساوی مەزهەبی و هەم بەپاساوی کوردبوون هەڵوێستیان بەرامبەر دەوڵەتی ئێرانە و لەسەر ئاستی کەسایەتی سیاسیی و جۆری کاندیدەکان، لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداری یان بایکۆت دەکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێراندا چ ریفۆرمخواز و چ بناژۆخواز و چ سەربازییەکان، نیگایەکی جیاکارانەیان بۆ ماف و شوناسی نەتەوەی کورد هەیە. بە هاتنەسەرکاری ریفۆرمیستان (وەک ساڵانی کۆتایی نەوەدەکان بینرا)، پان ئێرانییەکان بەهێزبوون و یەکپارچەیی ئێران بیانوویان بووە بۆ نەدانی مافەکانی کورد. بە هاتنەوەسەرکاری بناژۆخوازەکانیش دیسانەوە بۆ کورد شوناسی مەزهەبی سوونەی کورد، زەقکراوەتەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، مافی کورد بە دژە دەستووری و جیاخوازیی هەژمار کراوە، تەنانەت نەک پۆست بەڵکو ریگەش نەدراوە فراکسیۆنێک و حزبێکی کوردیش دابمەزرێت. ئەمە جیا لەوەی چەندین سەرکردەی دیکەی جەماوەریی کوردیشی وەک قاسملۆ و شەرەفکەندی لە دەرەوەی ئێران تیرۆر کراون. بۆیە دۆخەکە چاوەڕوانی هیچ کراونەوەیەکی لێناکرێت و فشاری سەر هێزە کوردییەکانی ئێران لەڕووی سەربازییەوە زیاتر دەبێت و مەودای

دووڕوویی سیاسیی سیاسەتی تیۆریی و عەمەلی دەوڵەت روونتر دەبێت.

## هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سەرکۆمار

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، بەهۆی جۆری پەیوەندی هەرێمی کوردستان(لە شۆڕشەوە تا کیان) و ئێران، بەر لە سیاسیی، سەربازی بووە و پەیوەندییەکی دێرینەی بڕیاردەرانی سوپای ئێران و سەرکردەکانی هەرێم بوونی هەیە، هاوپەیمانێتی دژە بەعس و پێکهێنانەوەی عێراق و پەراوێزخستنی سوونە و کوردی عێراق وەک واقیع و وەک بەشێکی ستراتیژی ئێران لە عێراقدا لەقەڵەم دراوە.

بەڵام پێناچێت ئیتر ئەو یادگارییە دێرینانە بەکەڵکی هەرێم بێن، چونکە ئامانجی هاتنەسەرکاری سەرۆککۆمارێکی بناژۆخواز، بۆ بەهێزکردنەوەی هەژموونی ناوچەیی ئێرانە بەتایبەت لە عێراق و کوردستان. بۆیە لە گۆڕانێکی وەهادا بۆ هەرێمی کوردستان جوڵە سەربازییەکان مەترسیدارە و دوور نییە لە دوو ئاستدا لەسەر هەرێم فشار درووست بکرێت: تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا سنووردار بکات، هەروەها چالاکی کوردانی ئێران کەمتر بکاتەوە. هێندە بەسە بۆ وەبیرهێنانەوە کە بڕیاری جوڵەی لایەنگرانەی ئێران لە ١٦ی ئۆکتۆبەری٢٠١٧دا زۆرێک لەو بناژۆخوازە و سوپاییانە بەشداربوون و بەشێکیشیان لە بڕیاردەرانی بوون و هەر فشاری ئەوانیش بوو کە هەڵوێستی رەسمی ئێرانی بەرامبەر ریفراندۆم توندتر کرد. وا ئێستا بە

ئەگەری زۆر لە پشتی بناژۆخوازەکانەوە وەستاوون و دەیانەوێت بچنەوە نێو کۆشکی کۆماری پاستۆری ئێرانەوە.

ڕایەک لە نێو بناژۆخوازان و سوپاییەکاندا هەیە کە هەرێمی کوردستان، بووەتە جێ هەژموونی ئیسرائیل و ئەمریکا و پێگەی دژەپێکردنی سەرمایەی ئێرانی بۆ کەنداو. ئەمەشیان نەشاردووەتەوە و لە چەندین بۆنەدا داوای هەڵوێستییان لە حکومەتی ڕۆحانی کردووە، تا سنوورێک بۆ ئەو کارە دابنێت.[٨٦]

---

[٨٦] . بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هەردی مەهدی میکە و ئەژی ئازاد: کوردستانی عێراق لە سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران http://jgu.garmian.edu.krd/article_١٠٨٢٤٨.html?fbclid=IwAR٣bsMuGsXG٧waYINCagzPl٢skKeKomhEMkUT-bm١QUAAHme٦WX_tCypIxc

## ئەهواز ڕادەپەڕێت؛ لە ئاوی خۆڕاڕیی شۆڕشەوە، تا شۆڕشی تینووەکان

خراپ بەڕێوەبردنی نەوت و سەرمایەکەی، ڕژێمی پەهلەوی کۆتایی پێهێنا و سەری شای پەهلەوی خوارد، خومەینی بە کاسێت تەنگی بە ڕژێمەکە هەڵچنی و تا نەکەوت وازی نەهێنا. ئەمجارە خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، یەخەی حکومەتە ئیسلامیەکەی ئێرانی گرتووە، ئایا شۆڕشی تینووەکانی ئەهواز (بە ئینتەرنێت لەبری کاسێت) بە کوێ دەکات؟

لای شیعەکان، حوسێنی کوڕی عەلی مەزڵوومترین وێنای قوربانیبوونی شەهیدکردنییەتی و سەرنانەوەیەتی بە تینوویەتی، تینوویەتی خۆی و یارانی تا هەنووکە لای شیعەکان ساڕێژنەبووە. خومەینی ڕێبەریش لە ساڵی ١٩٧٩دا بەڵێنی دا ئاوی ماڵان بکاتە خۆڕایی و کەس تینووی نەبێت، بەڵام وا ئێستا نەک خۆڕایی نەکرا، پارێزگایەک بە مرۆڤ و سروشت و ئاژەڵەکانی لەتینویێتیدا بەدەستی یارانی مەزڵوومی حوسەینەوە، لێو و ژینگەیان وشک هەڵگەڕاوە، ڕووبارەکانی وشک کراوون، نەک لەبەرئەوەی ئاوییان نییە، بەڵکوو لەبەرئەوەی خراپ بەڕێوەبراوە و ڕەوانەی ئەسفەهانی دراوسێیان کراوە و لەوێ پیشەسازیی مەزنی لێ سازکراوە.

ئەهواز (احواز)، شارێکی دێرینی زۆرینە عەرەب، بە ڕووبەری ٦٤کم$^2$ و ٤،٧٠٠٠٠٠ دانیشتووانەوە، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە، باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی

بە کوردانی لوڕ و باکووری ڕۆژئاوای بە کوردانی ئیلام دەورە دراوە و باشـــووریشـــی لکاوە بە کەنداوەوە، لەســـاڵی ١٩٢٥ەوە بەهۆی سیاسـەتی ئینگلیزەوە، خرایە سـەر دەوڵەتی ناوەندگەرای هـاوچەرخی ئێران و نـاوەکەشـــی لە عەرەبســـتـانەوە کرایە خوزسـتان، لەکاتێکدا لەســەردەمی ســەفەوییەوە بە عەرەبسـتان ناوی دەهات و بەدرێژایی مێژووش جۆرێک لە نیمچەسەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردنی عەشــایەریی و میرایەتی وەک میرنشــینەکانی کەنداو هەبوو. ناوچەکە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی ئاویی و نەوت و غــاز و بــاشـــوورەکەشـــی ڕێـک لکـاوە بە کەنـداوی عەرەبی(فارســـی)یەوە، بەڵام ئێســـتا بەهۆی جیاکاریی و خراپ بەڕێوەبردنەوە، وا سـروشـتەکەی وشـک و کشـتوکاڵەکی بێبەر و ئاژەڵەکانی قڕ دەبن و مرۆڤەکانی شـۆڕشـی تینووەکانیان بەڕێ خستووە.

## جیاکاریی بەڕێوەبردن و پەراوێزخستنی شوناس

گەرچی نـاڕەزایی ئەهوازییـانی عەرەب مێژووەکەی نزیکەی سـەدسـاڵێکە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندگەرا و لکانییانە بە ئێرانەوە بەردەوامە، بەڵام خۆپیشــاندانەکانی ئێســتا، کە نۆ ڕۆژە بەردەوامە، لە خۆپیشـــانـدانی کۆی نـاوچەکـانی دیکەی ئێران جیاوازە، چونکە ڕادیکالترە لە دروشمدا و ئاڵای تایبەت بە خۆیان هەیە و بەشــێکی زۆریـان داوای ســـەربەخۆیی دەکەن و دروشـــمەکانیان عەرەبییە و تورەشـــن لەهەموو ئەوانەی لەبری "ئەحواز"، خوزستان بەکاردەهێنن. هەروەها ئازاتر و ڕێکخراوترن

و ســـــەرەڕای مـاتییەکی میدیـایی و پچڕانـدنی ئینتەرنێت، هەر بەردەوامن و نەک هەر ئەوە بگرە عەرەبەکـانی دەرەوەشـــیان کردووەتە هاوپشــتی خۆیان و لە چەندین پایتەختی ڕۆژئاوایی و ئەمریکییدا خۆپیشـاندانی هاوپشـتییان وەڕێ خسـتووە و دەنگی بەشـێک لە سـیاسـیی و دەوڵەتانی جیهانیان هێناوەتەپاڵ خۆیان. ئەوان کـاتێـک لەڕووی ســـامـان و جیۆپۆلەتیکەوە ۆخیـان بە دراوسێ ئیماراتی و قەتەری و بەحرەینیەکان و بگرە عێراقییەکانی بەراورد دەکەن، هەسـت بە کەمی دەکەن و پێیانووایە ناوچەکانی ئەوان دەوڵەمەنـدترە، بەڵام ژیـان بۆچی خراپترینە لە ئـاســـتی ئەواندا.

پرســی ئەهوازییەکان راسـتەوخۆ بەرامبەر سـیســتەم وەستاوە، نەک حکومەت و کابینەکان، دروشمەکانیان ڕاستەوخۆ دژی خودی ڕێبەری کۆمارن و لە ئانووســـاتی ڕادەســـتکردنی پۆســـتی ســـەرکۆمارییدایە، کە بڕیارە لەســـەرەتای مانگی ئابدا ڕۆحانی کۆتایی بە ماوەی سەرۆکایەتی بێت و ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆماری نوێ لە پۆستەکەدا دەستبەکار بێت.

بە دوو هۆکار خەڵکی ناوچەکەی هەم لە ئێران و هەم لە سیستەمەکەی تورەتر کردووە:

١. ئەهوازییەکان لەو باوەڕەدان کە حکومەتە ئێرانییەکان، بە گشـــتی و کۆمـاری ئیســـلامی ئێران بەتـایبەتی لەڕووی خزمەتگووزارییەوە کەمتەرخەم بوون و ئەنقەســـت ناوچەکەیان پەراوێزخســـتووە، چونکە بەراورد بە شـــارە فارســـییەکان هەم

نیشـانەکانی شـارسـتانیی هاوچەرخ و هەم بژێوی خەڵکەکەی لە پاشەکشەدایە، دوایەمین هۆکاری توورەییش مەسەلەی کەمئاوییە، کە نیشانەی زەقی خراپ بەڕێوەبردن و جیاکاریی نێوان ئەهوازی عەرەبی و شـــارە فارســـییەکانە، کەمئاوییەکی بێوێنەیە لە مێژوویاندا، ئەمەش دوو هۆکاری لەپشـتە: یەکەم دروسـتکردنی چەندین بەربەســـتی ئاوی و ڕێڕەوی ئاوی لە ئەهواز و شـــارە دراوسێکانیدا لەسەردەمی هەرسێ سەرکۆماری پاشیندا(خاتەمی، ئەحمەدینەژاد و ڕووحـانی)، دووەمیش: دوایەمین پرۆژەیە کە ئەمســـاڵ کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، گواســـتنەوەی ئـاویی ئەهوازە بۆ پارێزگای ئەسفەهانی فارسـی زمان. جیا لەوەش ئەم پارێزگایە بەپێی ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەت، بە یەکێک لە پارێزگا هەژار و بێکارەکان ناســـراوە و ڕێژەی بێکاری ئاســـتێکی باڵای هەیە و لەم ساڵانەشدا زیاتر بووە.

٢. ئەهواز، لە ئێســـتادا خاوەنی ١٨ نوێنەری پەرلەمان و ٦ی ئەنجوومەنی شـــارەزایانە، کۆڵەکەیەکی ئابووری گرنگ و بەهۆی پێکهاتەی جیاوازیی نەتەوەیی (عەرەب) و سـنووری ئاوی و دراوسێیەتی کورد و عەرەبی عێراق و کەنداوەوە، هەستیارترین خاڵی ئاسـایشـی-سـنووریی ئێرانە، چونکە لەڕووی شـوناسـییەوە وەک هەرنەتەوەیەکی نافارســـی دیکەی ئەو وڵاتە، ڕووبەڕووی جیاکـاریی کولتووری بووەتەوە، ئەمەش هەر لە زمانەکەیـانەوە بیگرە کە نووسـین و خوێندن لە دەزگافەرمییەکاندا پێی قەدەغەیە و ڕێگە لەخوێندنیشـی گیراوە لە پەروەردەدا بخوێنرێت، تا دەگاتە

مافە سیاسیی و مەدەنییەکانیان و قەدەغەکاریی چالاکیی شوناسی و حزبی تایبەت بەخۆیان. هەرئەمەشە کێرڤی جیاخوازیی و وازهێنانی لە شیعەگەریتی لەو ناوچەیە پەرە پێداوە. لەوەش زیاتر لە چوارچێوەی سیاسەتی کولتوورییدا، ناوی شوێنەکانیان گۆڕدراوە و سیمای ئێرانێتی لە هونەر و ئەدەب و ئاین و بیناسازیی و ...تاد بەسەر دیزاینی کۆمەڵایەتی و شارستانی ناوچەکەدا سەپێنراوە.

## ئەهواز، لە بەشیعەکردنی ئێرانەوە بۆ پشتکردنە شیعە

خەڵکی ئەهواز یەکەمین نەتەوەی ئێران بوون کە شیعەیان بردە ئەو وڵاتە و وردەوردە لەوێوە بڵاوبوویەوە، بەڵام هەنووکە هەر لەو خاڵی دەستپێکەوە، وا هەمان گەل لە شیعەمەزهەبی پاشگەز دەبنەوە.

ئەهواز، جیا لەوەی ناوچەیەکی زۆرینە عەرەبە، بەڵام زۆرینە شیعەشە، تەنانەت سەرچاوە مێژووییەکانیش بە دەروازەی بەشیعەکردنی ئێرانی دەزانن و لەوێوە ئەم مەزهەبە بڵاوبووەتەوە، خودی خامینەییش ٢٥ ساڵ لەمەوپێش لە وتارێکییدا لە ئەهواز هەمان ناوەندێتی شیعەگەرایی و دەروازەی هاتنی شیعەی بۆ ئێرانی لەلایەن ئەهوازەوە دووپاتکردەوە. لەپێشدا ئەمە دەروازەیەکی باش بوو بۆ تەبایی مەزهەبی لەگەڵ سیستەمی سیاسیی هەنووکەیی ئێراندا، بەڵام ئەوەی ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی ئێران لێی دەترسێت و ئەوەی عەرەبەکانی

ئەهوازییەکان دەیگرنەبەر، وازهێنانی شـــیعەکانی ئەهوازە لە مەزهەبەکەیان و ڕووکردنە مەزهەبی ســـوونەیە، ئەم دیاردەیە سەرەتا لە جەنگی هەشتساڵەی ئێران-عێراقەوە زیادی کرد و لە چوار ســـاڵی رابردوودا گەیشـــتە لووتکە کاتێک بە ڕێکخراو و گرووپی کۆمەڵایەتی گەنجانی ناوچەکە بە ئاشـــکرا پشـــتیان لە شـــیعە دەکرد و مەزهەبی ســـوونەیان هەڵدەبژارد و دیاردەکە تا هەنووکەش ڕوو لەهەڵکشـــانە، چەندین توێژینەوەی زانســـتیی دەزگـــا زانســـتی و زانکۆیی ئێران ڕوون ئەم وەرچەرخـــانە مەزهەبییەیـــان ڕوومـــاڵ کردووە. وەک کردەیەکی وازهێنـــانی گرووپی و ڕێکخراوەییش لە مەزهەبی شـــیعە بۆ ڕێکخراوێک دەگەڕێتەوە کە ســـەید عەبد نزاری دروســـتی کرد و لەگەڵ ١٠ کەسـی هاوڕێیدا لە ئەهواز وازهێانی خۆیان لە شیعە ڕاگەیاند و بوونە سوونەی حەنبەلی. ئەڵبەت پێش و پاشی ئەمەش دیاردەی بانگەوازیی ســـوننەگەرایی بەردەوامە. زۆرترین ڕێژەی مەزهەب گۆڕینیش لەنێو عەرەبەکاندایە بە ڕێژەی ٩٢٪ی وازهێنانەکان و ٨٪ی ناعەرەب، لە کۆی وازهێنانەکان لە شـیعە و خودی شـاری ئەهوازیش دیارترین شـــارە کە بەڕێژەی ٢٢٪ مەزهەبگۆڕینەکەی لەخۆگرتووە و بە گوێرەی ئامـاری دوو ســـاڵی ڕابردوو، لە نزیکەی ١٠ هەزار کەس لە پارێزگای ئەهوازدا لەم چوارســـاڵەی دواییدا بوونەتە سوننە.

ئەم مەزهەبگۆڕینە، بۆ ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێران مەترسیی دووقاتە، چونکە هەم عەرەبن و هەم دەبنە شیعەش کە

دیسانەوە لە دووخاڵی سەرەکییدا (مەزهەبی-نەتەوەیی)دەکەونە بەرامبەر شوناسی ڕەسمی سیستەمی سیاسیی ئێران کە شیعەمەزهەبی فارسیی میحوەرە، هەر ئەمەش وای کردووە، هەست و گووتاری جیاخوازیی لەنێو عەرەباندا زیاتر و پەرەسەندووترە لە هەر نەتەوەیەکی دیکەی نێو ئێران.

**خۆپیشاندانەکانی پێشتر**

ئەهوازییەکان، گەرچی ساڵانی ڕابردوو، وەک هاوڵاتیانی دیکە بەشداری سەرجەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئێرانییان کردووە و لە تورەترینی پارێزگاکان بوون، لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا، یەکەمین خۆپیشاندان و چالاکی دژە حکومەتییان دەگەڕێتەوە بۆ خۆپیشاندانی ساڵی ١٩٧٩ کە تێیدا، عەرەبانی ئەهوازی داوای ئۆتۆنۆمییان لە تاران دەکرد، بەڵام ڕووبەڕووی توندووتیژیی دەوڵەتی بوویەوە و سەرکوتکرا، ساڵی ١٩٨٠ش بۆ پشتیوانی خواستی خۆپیشاندەران ئەهوازییەکانی تاراوگە گەمارۆیان خستەسەر باڵیۆزخانەی ئێران لە لەندەن و داوای جێبەجێکردنی خواستی نەتەوەیی ئەهواز و ئازادکردنی ٩١ خۆپیشاندەرییان لە دەسەڵاتی تاران دەکرد. لەوکاتەوە تا هەنووکە هەم خۆپیشاندان و نارەزایی پەیتا پەیتا بەردەوامە و هەم حزب و گرووپی جیاخواز و ئۆتۆنمییخوازیی عەرەبیی بێچەک و چەکدار ڕێکخراوە و لە چالاکی خۆیاندان. بەڵام لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، سێ خۆپیشاندانی کاریگەر و دیاری تایبەتە بە خۆیان هەبووە:

١. خۆپیشـــــانـدانێکیـان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتـاســـــاڵی حکومەتەکەی محەمەد خـاتەمی، لە مـانگی ٤ی ٢٠٠٥دا کە چوار ڕۆژی خـــایـــانــد، ١٥-٢٠ کەســـــی تێـدا کوژرا و ڕووداوی توونـدووتـیژی لێکەوتەوە، هۆکـــارەکەشــــی دەگەڕایەوە بۆ بڵاوبوونەوەی نامەیەکی نهێنی یاریدەدەری ســــەرکۆمار (عەلی ئەبتەحی) کە تێیدا، پێشـــنیاری ڕێکارەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای نـاوچەکەی لە پێکهـاتە عەرەبییەوە بۆ نـاعەرەب تێدایە، ئەمەش خەڵکی تورەکرد و دواجار بە توندووتیژی و فشـــار ســـەرکووت کرا.

٢. دووەمین خۆپیشـــاندانی دیاری ٢٠ ســـاڵی ڕابردووش، دەگەڕێتەوە بۆ ســالی ٢٠١١ی ســەردەمی ســەرکۆماری ئەحمەدی نەژاد و هاوکات بوو لەگەڵ خرۆشـــانی دنیای عەرەبی و بەهاری عەرەبی، هۆکـارەکەی بۆ یـادکردنەوەی خۆپیشـــــاندانی ٢٠٠٥ دەگەڕایەوە، کە تێیــدا نزیکەی پــانزەکەس بوونە قوربـــانی و دیسانەوە بە هێز سەرکوت کرایەوە.

٣. دوایەمین خۆپیشـــاندان لە ١٥ی ٧ی٢٠٢١ەوە دەســـتی پێکرد و چەنــدین کوژراو و برینـدار لێکەوتووەتەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو خەڵکانی شـارەکانی تاران و مەشـــهەد و لوڕســـتان و ســـنە و چەندانی دیکەی هێنایە ســــەرشــــەقام بۆ پشـــتیوانی لە خۆپیشاندەرانی ئەحواز.[87]

[87] ئەم بابەتە لە مانگی ٧ی ٢٠٢١دا نووسراوە و پاش ئەوە چەندین خۆپیشاندانی دیکە لە ئەهوازدا بەدیکراوە.

# بەشی چوارەم
# ئێران و هاوسێکانی (پرسە هەنووکەییەکان)

## خۆراسانی گەورە و داعشی خۆراسانی؛ لە بەندۆڵی تاڵیبان و ئێراندا

وا دەردەکەوێت، ململانێیەکی توندی سیاسی و بگرە سەربازییش لە ئایندەدا، یەخەی خۆراسانە گەورەکە بگرێتەوە، کە هەریەک لە ئێران و ئەفغانستان و پاکستان کارەکتەری دیاری ململانێکان دەبن، هەنووکە لە ڕووی سیاسییەوە، لانیکەم سێ لایەنی سەرەکی خۆیان بە موڵکداریی خۆراسانی گەورە دەناسێنن: ئەفغانستان (تاڵیبان)، ئێران(کۆماری ئیسلامیی ئیران) و ئەمارەتی خۆراسان (داعش)! جیا لەمانەش ململانێیەکی کولتووریش لەنێوان هەریەک لە ئێران، ئەفغانستان، تورکمەنستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان و ئەفغانستان دەبینرێت و جەنگێکی نەرم سالانێکە ئەم ولاتانەی گرتووەتەوە و لە سەر میراتی مێژووی خۆراسانی گەورە لە جەنگدان و جیا لە جەنگە هەرێمییەکە، ئاستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی وەک یونسکۆشی گرتووەتەوە و هەرلایەک دەیەوێت میراتی ئەو خۆراسانە مەزنە بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات!

یەکێک لەو ئەگەرە بەهێزانەی لە ململانێی سیاسیی نێوچەکەدا قووت بووەتەوە، سیناریۆی چەند جەنگێک دەخەنە خانەی ڕوودانیانەوە:

١. جەنگی تاڵیبان- داعش لە سەرسنووری خۆراسانی ئێران و ئەفغانستان.

٢. جەنگی تاڵیبان-ئیران.

٣. دووبارەبوونەوەی جەنگێکی چەند لایەنەی نێوچەیی وەک جەنگی داعش لە عێراق و سوریا (٢٠١٤-٢٠١٨) .

بۆ تێگەیشتن لە هاوکێشەی خۆراسان و ململانێکانی، گرنگە لە سێ ئاستدا و بە سێ پرسیار لە دۆسیێکە بڕوانرێت: خۆراسان کوێیە؟ خۆراسان لە دیدی ئەفغانستانەوە گرنگی چییە؟ پێگەی خۆراسان لای داعش چییە؟

**خۆراسانی گەورە کوێیە؟**

لە بەڵگە مێژووییەکاندا، خۆراسان بەسەر چوار بەشی سەرەکییدا دابەش کراوە: بەڵخ، مەرو، نیشابوور و هەرات. هیچ کام لەم دابەشکارییە ئێستا نەماوون و گورزە سیاسییەکانی کۆلۆنیالیزم بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەشی کردوون، بۆیە لە ئەگەری بەهێزبوونەوەی ئەنگێزەی خۆراسانی گەورە و چوونەوە قالبی جوڵانەوەی سیاسییەوە، ئەوا سنووری سیاسیی هەریەک لە ئێرانی هەنووکەیی و تورکمەنستان و تاجیکستان و پاکستان دەسکاری دەکرێن و هەڕەشە دەبن بۆ سەروەریی و یەکپارچەییان.

ڕیشەی وشەی خۆراسان کە لە "خۆر" و "خاوەر"ەوە هاتووە و لە دەقە کۆنەکاندا بەمانای خۆرهەڵات بەکار هاتووە، وشەی خۆر-یش لە هەردوو زمانی کوردی و فارسییدا، بەمانای خۆر هاتووە.

سـنووری قەڵەمڕەوی خۆراسـانی گەورە، بەشـێکی سـەرەکی زەویەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە خۆ دەگرێت. هەروەها باشوور، ڕۆژهەڵات و باکووی ڕۆژهەڵاتی تورکمەنستانیش لەخۆ دەگرێت. لەولاشەوە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوزبەکستان بەشێکە لەو خۆراسانە. لە تاجیکستانیش شارەکانی خوجەند و دوشەممە بەشێکن لە خۆراسانی مێژوویی. بەڵام لە هەمووی زیاتر تەواوی جوگرافیای ئەفغانسـتانیش جگە لە بەشـێک لە خاکی باشـوور و باشـووری ڕۆژهەڵاتی نەبێت سەرجەمی بە خۆراسان دادەنرێت.

لە شـارە مێژووییە گرنگەکانی دەکرێت ئاماژە بکرێت بە: نیشابوور، توس، مەرو، سەمەرقەند، بوخارا، دوشەممە، خوجەند، بامیان، بەلخ، هەرات، غەزەنی. بەڵام هەنووکە تەنها سێ پارێزگای ئێران ناوی خۆراسـانیان بەسـەردا بڕاوە و بەکاردەهێنرێت. بە گشتی لە ڕووی مەزهەبییەوە، زۆرینە موسڵمانن و بەپلەی یەکەم زۆرینە سووننە و بە پلەی دووەم شیعە مەزهەبەکان دێت.

لەڕووی زمانەکانی خۆراسـانەوە، دانیشـتووانی ئەم زمانانە بەکار دەهێنن: فارسـی دەری، تورکیی خۆراسـانی، تورکمەنی، کوردیی کرمانجی، بوخارایی، نیشـابووری، هەراتی و هەزارەگی، کە هەندێکیان وەک زاراوە زیاتر دەناسـرێن نەک زمان.[٨٨]

---

٨٨ . بڕوانە: علی رحیم پور(١٣٨٩): تاریخ و فرهنگ خراسان بزرگ، مجله خراسان بزرگ، س١، ش١، ص٣٨.

میراتی کولتووری خۆراسانییەکان، میراتێکی دەوڵەمەندی هزری-شارستانیی-هزریی-زانستی و ئەدەبی فراوانە، خاوەنی چەندین ناوی نێو دنیای شارستانێتی ئیسلامی و مرۆڤایەتییە، هێندە بەسە کە بزانین هەریەک لەم ئەستێرە دروشاوانەی دنیای زانست و ئەدەب و ئاین خۆری درەوشاوەیان لەوێوە هەڵهاتووە: ئیبن سینا، ئەبورەیحانی بیرونی، مەولانای بەڵخی، فیردەوسی، خەیام، جامی، ئەبوبەکری نیشابوری، ناصر خوسرەو و فارابی و...تاد.

## خۆراسان، وەک هەل و هەڕەشەی سەر ئێران و ئەفغانستان

خۆراسان بۆ تاڵیبان، پێگەیەکی گرنگە و وەک بیرکردنەوەش بەتەواوی زەینی لە چوارچێوەی خەلافەتی شەرقیی ئیسلامییدا کاردەکات و خۆی بە پارێزەری سوونە مەزهەبەکانی خۆراسان لە ئێران و ئەفغانستان دەزانێت، تاڵیبان هیچکات ئەمەی نەشاردووەتەوە و چەندین جار داوای لە خۆراسانییەکان کردووە، پەنا بۆ تاڵیبان بهێنن تا لە "جەوری ستەمی مەزهەبی ئێران" ڕزگاریان ببێت، تاڵیبان حکومەتەکەی بە حکومەتی سوونەی هەموو ئەو نێوچەیە دەزانێت. دەرگای خۆراسانیش بۆ ئەو هەمیشە هەم هەلە بۆ پەلکێشی و هەم هەڕەشەشە لەسەر کیانەکەی لە ئەگەری پەراوێزخستنیدا.

ئێرانیش لەڕێگەی سیاسەتی نەرمی خۆیەوە و بە نێوی "ئێرانی کولتووریی"ەوە هەمیشە لە هەلێک دەگەڕێت تا دەست

وەربداتە نێوچەکە، بۆ ئەمەش فارس زمانەکانی نێو ئەفغانستان دەروازەیەکی لەبارن بۆ ئەو دەستێوەردانە کولتوورییە. هەروەک چۆن سوونی بوونی خۆراسانییەکانیش دەروەزایەکە بۆ نەیارەکانی کۆماری ئیسلامیی و مەزهەبەکەی.

**خۆراسان و داعشی خۆراسان**

داعشی خۆراسان، لقێکی سەرەکی داعشن و تا ئێستا چالاکییەکانی خۆیان لە ئەفغانستان و پاکستاندا ئەنجام داوە. هەنووکە ئەم گرووپە بە توندڕەوترین گرووپی نێو گرووپە توندڕەوەکانی ئەفغانستان لەقەڵەم دەدرێن، ئەوان لە نەخۆشخانە و نەخۆشخانەی منداڵبوون و قوتابخانەکانی کچانیش سڵ ناکەنەوە و چەندین کاری تیرۆریستیان تێدا ئەنجام داون. پەیکەر و خۆڕێکخستنی داعشی خۆراسان بۆ ساڵی ٢٠١٥ دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی داعش لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا لە سوریا و عێراق تەراتێنی دەکرد. ئەم گرووپە پێشتر ٣٠٠٠ ئەندامی کارای هەبوو، بەڵام لە هێرشی ئەمریکایی-ئەفغانستانییەکاندا گورزی کوشندەیان بەرکەوت.

لەنێو ئەو نەخشە ئایندەییەی کە داعش ساڵی ٢٠١٣ بڵاوی کردەوە، سنووری خەلافەتی دەوڵەتەکەی تێدا ڕاگەیاندبوو، لە ١٤ ویلایەت پێکهاتبوو، گەورەترین ویلایەتی نەخشەکە، ویلایەتی خۆراسان بوو، باڵی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی خەلافەتەکە لەقەڵەم درابوو، کە سەرجەمی وڵاتی ئێرانی ئێستا تا دوا سنووری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە خۆدەگرت. بە پێی ئەو

نەخشـــەیەی داعش، گەر ویلایەتی خۆراســـان پێکبهێنرایە، هیچ ولاتیک بەنێوەکانی ئێران و پاکســـتان و ئەفغانســـتان و تورکمەنستان و تاجیکستانەوە نەدەما و هەموو دەبوونە بەشێک لە خۆراســـانی ویلایەتی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی خەلافەتی داعش. بەڵام لە ســاڵەکانی ٢٠١٤-٢٠١٨ نەتوانر هیچ هەنگاوێکی کردەیی و تەنانەت جوگرافیایەکی بچوکیشـــی لیَ بپچڕێنن، بەڵام پاش دەســـت بەســـەرداگرتنەوەی ئەفغانســـتان لەلایەن تاڵیبانەوە، لە هەفتەی یەکەمدا داعشـــی خۆراســـان دەرکەوتەوە و لەیەکەم چالاکییاندا پەلاماری فرۆکەخانەی کابوولیان دا و نزیکەی ســـەد کەسێکیان کردە قوربانی کە ١٢یان سەربازی ئەمریکی بوون.

داعشـی خۆراسـان، پەیوەندی ڕاسـتەوخۆی بە تاڵیبانەوە نییە، بەڵام پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە گروپی هەققانی تاڵیبانەوە هەیە کە جەمسەرێکی بەهێزی هێزی چەکداری و سیاسی تاڵیبانن و هەمـاهەنگی و هـاودیـدیـان تێـدا دەبینرێـت، چەنـدین چـالاکی هاوبەشـیشـیان لەگەڵ هەققانییەکانی تاڵیباندا لە پاکسـتان ئەنجام داوە. جیاوازی نێوان تاڵیبان و داعشـی خۆراسـان جیا لە لەوەی لەڕووی عەقیـدەیی و مەزهەبییەوە جیـاوازییـان زۆرە، لەڕووی ئامانجیشـەوە جیاوازن، تاڵیبان خۆی پەیوەسـت و پابەند کردووە بە سـنووری سـیاسـیی ئەفغانسـتانەوە، بەڵام داعشـی خۆراسـان سـنوور ناناسـێت و هەموو ســـەرزەوەی بە جێگەی چالاکی و شـوێنی "پیادەکردنی حوکمی خوا" دەزانن. لەوەش زیاتر داعشـی خۆراســـان باوەڕییان وایە تاڵیبان، لایانداوە و جیهادی پیرۆزی

فەرامۆش کردووە و شـــەڕییان بە ئاشـــتەوایی و دانوســـتاندنی ئۆتێلە ڕازاوەکانی دەوحەی قەتەر گۆڕیوەتەوە.[89]

بۆ داعش، خۆراســــان لە ڕووی جوگرافی و مێژوویی و میراتی هزری تونـدڕەوییەوە زەمینەیەکی لەبـار و کێڵگەیەکی گرنگە بۆ ئامادەســازیی دانیشــتووان و دابینکردنی ســەرچاوەی مرۆیی بەهێزکردنەوەی داعش. بۆ تاڵیبانیش یەکێک لەهەڕەشـــە زیندووەکان، داعشـــی خۆراســـانە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێتە هەراسانی بۆی.

## گریمانەی جەنگێکی هەرێمی

گریمانەی ئەوە دەکرێت، لە ئایندەدا داعشـــی خۆراســـان لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی نێوچەکە و زلهێزانیشـــەوە بەکار بهێنرێت، بەتایبەت لەلایەن ئێران و ڕوســـیا و چینەوە، بەتـایبەتتر لەئەگەری ئەوەدا گەر تـاڵیبـان نزیکتر ببنەوە لە ئەمریکـاوە یـاخود بەجۆرێـک بێلایەنـی ئەرێنـی بـن بۆ بەرژەوەنـدییەکـانی، ئەوا دوور نییە داعش زینـدوو بکرێتەوە و کۆمەک بکرێت تا ببێتە ملۆزمی تاڵیبان و نەخشـــەکانی لێ تێک بدات، وەک چۆن بە گروپە تیرۆریســـتییەکانی جەبهەتونوســـرە و داعش و شـــام و ..تاد، خەون و پلانی ئۆپۆزســـیۆنی ســـوریا و گرووپەکانی خۆپیشاندەران لەباربران. لەوێش بە داعش ئاسایشی نێوچەکە تێک بدرێت و شـــەڕی پاکســـتان و ئەمریکا و ڕۆژئاوا

---

[89] . فرانک گاردنر(٢٠٢١): بحران افغانستان: حکومت اسلام عراق و شام - ولایت خراسان چیست؟
https://www.bbc.com/persian/world-features-٥٨٣٤٤٥٠٥

لەلایەک و ئێران و چین و ڕووس بە تـاڵیبـان و داعش و گرووپەکانی ئەو نێوچەیە و خەڵکەکەی بکرێت.

بەتایبەت گەر "بالقوە" ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە تاڵیبان خۆبەخۆ نەیاری مەزهەبی و کولتووریی کۆماری ئیسـلامییە، دوور نییە لە ئەگەری دروستکردنی هەڕەشەدا، ئێرانیش گروپە توندئاژۆکان لە خۆبگرێت و هەر بە عەرەبی ئەفغانی و پاشماوەی حیکمەتیاریی و داعش و جوندولئیسلام، بەرەنگاری تاڵیبان ببێتەوە وجەنگەکە لەبری ئەوەی بهێنێتە خۆراسانی دیووی ئێران، بینێرێتەوە نێو خاکی ئەفغانستان و پاکستان و ...تاد، وەک چۆن لە کاتی داعشدا، جەنگی تیرۆری لە هەڕەشەکردن لە شیعەکانی ئێران و عێراقەوە گواستەوە بۆ نێوچە سوونییەکان و لە کوردستان و موسڵ و ئەنباردا قەتیسی کرد.

## ناکۆکییەکانی ئێران و ئازەربایجان؛ ڕەهەندی مێژوویی و گرژیی هەنووکەیی

لەم ســـاڵانەی دواییدا ئێران و ئـازەربـایجـان، لە تێهەڵچوونەوەیەکی نوێی بازرگانییەوە تا لێدوانی ســیاســی و مانۆڕی ســەربازی و هەڕەشــەکردن ململانێکانیان قۆناغیکی توند بە خۆیەوە دەبینێت. ئەمە ســەرەتای ناکۆکییەکی نوێی دوو وڵاتە، بەڵام ڕیشــەکەی دێرینە و ئەم گرژییە تەنها فووکردنە بە ئاگری جەنگێکی دواخراوە و هەردوو وڵات جەنگێک بەیەکتر قەرزارن و دەبێت بیکەن.

بەهۆی گۆڕانکارییەکانی نەخشــەی ســیاســی ســاڵی ڕابووردووە لەقەوقاز و خۆراســانی گەورەدا، هەر لە گرتنەوەی قەرەباغ لەلایەن ئازەربایجانەوە تا گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ کابوول، نمایشی سێقۆڵی ئازەری-تورکی-پاکستانییەوە، فشارەکانی سەر ئێران ڕووگەیـان گۆڕدراوە و ئەمجـارە لەبەری قەوقـاز و ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەوە یەخەی تارانی گرتووە و وادیارە عێراق و وڵاتانی کەنداو لە مەیدانی ململانێکەدا تاڕادەیەک پشــوویەک بدەن. بۆ ئێران هەڕەشــەی بەری ئەفغانســتان و ئازەربایجان بیرخەرەوەی یادەوەریی تاڵی مێژووییە و تەسلیمبوونی سەفەوی و قاجارە و کەوتنی پایتەخت و لەدەســتدانی بەشــێک لە قەڵەمڕەوییەکەیەتی، هەمیشــە خاڵی لاوازی ســیاســەتی گشــتیی ئێرانیش هەر قەوقاز بووە. وا ئێســتاش هەڕەشــە جدییەکانی لە ڕەهەندە بازرگانی و سیاسی و سەربازییەکانەوە لە ئازەربایجان

و ئەفغانستانەوە دەرکەتوونەتەوە، دەوترێت کێشە قەوقازییەکانی ئێران، یەخانگیرکردنی ئێرانە بە ستراتیژی "مەرگ بە هەزار چەقۆ".

**تارمایی قەوقاز بەسەر بیرەوەریی تارانەوە**

لە مێژووی سیسەدساڵەی "ئێران"دا ئەوە سەلمێنراوە، بەری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە (کوردستان و عێراق و کەنداو) هەمیشە هەل بوون بۆ پەلکێشی و هەژموونی ئەو وڵاتە، بەپێچەوانەوە سەرەتای سەرجەم هەرەسەکانیش بە هەڕەشەکانی بەری ڕۆژهەڵاتییەوە دەستی پێکردووە کە خۆی لە ڕووسەکان و ئەفغانستان و ئازەربایجان و بەگشتی قەوقازدا دەبینێتەوە.

لە نموونەی ئەو شکستانەی ئێران لە (ڕۆژهەڵات و باکوورەوە) خۆراسانی گەورە و قەوقازەوە خواردووەیەتی: ١.شکست بەرامبەر ڕووسەکان لە ساڵەکانی ١٨١٣ و ١٨٢٨دا کە هەردوو پەیمانی "گولستان" و "تورکمەنچای" بەدوای خۆیدا هێنا و بەشێکی زۆری زەوییەکانی ئێرانی لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان و تورکمانستانی ئەمڕۆی خستەژێرە دەستی ڕووسەکانەوە. ٢.ئەفغانستانییەکانیش لە قەندەهارەوە لە ساڵی ١٧٢٢دا هەرەسیان بەسەفەوی هێنا و ئەسفەهانی پایتەختی ئەو دەوڵەتەیان داگیرکرد. ٣.هەرچی لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمیشدایە ئێران دیسان خاڵی لاوازی بەرەی قەوقازییەتی، کە ڕوسەکان لەوێوە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە تا تەورێزیان

داگیر دەکەن. ئێران لەســـــەرجەمیاندا چۆکی داداوە و کەمترین بەرگریی دەوڵەتی نواندووە.

قەوقاز لەڕووی جوگرافییەوە: پانتاییەکی فراوانی ئاسیا و ئەوروپا و دەریاکانی خەزەر و ڕەش و زنجیرە چیای قەوقاز لەخۆدەگرێت. بەســـەر هەردوو بەشـــی قەوقازی باشـــووریی (ئازەربایجان، ئەرمەنســـتان، جۆرجی و بەشـــێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و باکووری ڕۆژئاوای تورکیا) و باکوورییدا (داغســـتان، چیچان، ئەنگۆشـــیا، ئوســـیتیای باکوور، کاباردینۆ-باڵکاریا، کاراچای چەرکەســـی، کراســـنودار، ئادیگیە و ئەســـتاورۆبوڵ)دابەش دەبێت. لەڕووی نەژادییەوە، ئەم نێوچەیە، تورک، هندۆئەوروپی، قەوقازی و هەندێک لە کوردەکانیش لە خۆ دەگرێت.

ئازەربایجان یەکێکە لە ڕووبەرەکانی ئەو پانتاییە و خاوەنی لانیکەم ٧٦٥کیلۆمەتر مەرزی هاوبەشە لەگەڵ ئێراندا.

## سەرەتای گرژییە نوێیەکان

جوڵە ســـیاســـی و کارگێڕی و ئاســـایشـــییەکانی ئەم هەفتەیەی دوایی هەردوو دراوســـێ (ئێران و ئازەربایجان) گرژی دروســـتکرد و ململانێ نووســـتووە ســـیاســـی و میراتیە کولتوورییەکانی نێوانیشیانی زیندووکردووەتەوە. باکۆ (پایتەختی ئازەربایجان) لای خۆیەوە دوو مانۆڕی سەربازیی لەگەڵ تورکیا و پاکستاندا لەسەر سنووری ئێران ئەنجامدا (مانۆڕەکانی سێ برا

و دووبرای لێکدانەبڕاو) و هەم ڕێگەی لە هاتووچۆی بارهەڵگرە ئێرانییەکان گرت و داوای سەرانەیان لێدەکات و تارانیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە و بە پێچەوانەوە بڕیاری دا مانۆڕێکی هاوشێوەی سەربازی ئەنجام بدات. ئاڵۆزییەکان بە جێیەک گەیشتوون، ئەگەری پیاهەڵشاخانی زیاتر و بگرە جەنگی گەرمیش بە دوور نازانرێت. هەرچی ئێرانە وەک هەمیشە ئەمە بەدەستی ئیسرائیل و یارانی و تەنانەت پان تورکە نێوخۆییەکانیشی دەزانێت و ئازەربایجانیش بە مافی خۆی دەزانێت هەژموون و وەبەرهێنانی سیاسیی و ئابووری خۆی لە ناوچەی قەرەباغدا بخاتەگەڕ و ڕەوتی بارهەڵگرەکانی ئێران کۆنترۆڵ بکات. بەڵام ئەم بابەتە تەنها ڕەهەندی ئابووری و سنووری نییە و پەلی کێشاوە بۆ گرژی زیاتری ململانێ نەتەوەیی و سیاسیی و نێوچەیی و هەرێمی و پەنجەی تۆمەت بۆ تورکیا و ئیسرائیل و خودی ئازەرییەکانی نێو ئێرانیش ڕادەکێشرێت.

پاش سەرکەوتنەکانی ئازەربایجان لە دەستبەسەراگرتنەوەی بەشی زۆری ناوچەی قەرەباغ و شکستپێهێنانی ئەرمینیا، لە جەنگی ساڵی ڕابردوودا، بەشێکی کەمی ڕێگای بازرگانی نێوان ئێران و ئەرمینیا (کە هاوکات تاران بە ئەورووپاش دەگەیەنێت)، کەوتە دەست ئازەربایجان کە مەوداکەی تەنها ٢٠ کیلۆمەترە و بە جادەی کاپان-گوریس ناسراوە، لای خۆیەوە هێزەکانی پۆلیسی ئازەربایجان، دەستیان کرد بە ڕاگرتن و سەرانەسێنی لە کامیۆنە ئێرانییەکان، باکۆ

دەڵێت ئەوانە بە نایاســـــایی هاتوونەتە خاکی ئازەربایجان و گەر دەیانەوێت بەردەوام بن دەبێت ڕەوتییان ڕێکبخرێت و بۆ هەر سەفەرێکی هاتن ١٣٠ دۆلار و بۆ گەڕانەوەشیان ١٣٠ دۆلار وەک ســـــەرانە بدەنە باکۆ. لەوەش زیاتر دوو شـــۆفێری بارهەڵگریان زیاتر لە هەفتەیەکە دەستگیرکراون.

کۆی ئەو ڕێگە بازرگانیەی کە ئازەربایجان لە ئێســـــتادا خەریکە پەکی دەخـــات و دەروازەی ئەوروپـــا لە ئێران تەنگتر دەکاتەوە، تەنها ٢٠ کیلۆمەتری بەر باکۆ دەکەوێت، بەم وڵاتانەدا تێدەپەڕێت: ئێران- ئەرمینیا-ئازەربایجان- دیســـــانەوە ئەرمینیا- جۆرجیا و لەوێشـەوە بەرەو ئەوروپا دەڕوات، ئەمە دەروازەیەکی گرنگی بازرگانیی هاوردە و ناردەنی دەماریی ئێرانە لەم ئانەدا، پێشــتر بەهۆی نزیکی تاران و ئەرمینیاوە هیچ کێشــەیەک ڕووی نەداوە، بەڵام لەم ســاڵەی دواییدا کە ئەو ٢٠ کیلۆمەترە لە ڕێگاکە کەوتە دەســـت ســـوپای ئازەربایجان وا کاریگەریی جەنگەکە و هەژموونی باکۆ بەســـەر ڕێگاکە و ئێرانیشـــدا خۆی نواند. ئەمە ڕووی کێشـــەکەیە و بنجەکەی بۆ ململانێ خەوتووەکانی دوو وڵات دەگەڕێتەوە کە تەمەنی مێژوویی لە دووسەد ساڵ زیاترە و تەمەنی سیاسییشی سی ساڵ زیاترە.

### ڕەهەندی هەرێمایەتی ئاڵۆزییەکە

لێدوانە توندەکانی عەلییێفی ســـەرکۆماری ئازەربایجان، ڕێک لە ســـاڵڕۆژی جەنگی دووەمی قەرەباغدا هات کە تێیدا وڵاتەکەی بەســـەر ئەرمینیادا ســـەرکەوت. لەوەش زیاتر لە دوو

مانگی ڕابردوودا، ئازەربایجان بە هاوبەشـــی لەگەڵ تورکیا و پاکســتاندا مانۆڕێکی ســەربازیی نزیک بە سنووری ئێران لەژێر دروشمی "دۆستیی سێ برا" ئەنجام دا و مانۆڕێکی تریشی لەگەڵ تورکیادا بە دروشـــمی "برا لێکدانەبڕاوەکان۲۰۲۱" ئەنجام دا. ئێرانییەکان ئەمە بە وروژاندن و شەڕفرۆشتنی ئەو هاوپەیمانییە نوێییە و هەڕەشـــە لەســـەر ئێران دەزانێت، نوێنەری خامینەیی (حەســەن عاملی) لە ئەردەبیل و لە نوێژی هەینیدا یەکەمین کەس بوو کە هۆشــداری دا و داوای لە ســوپای پاسـداران کرد هێزی خۆی نیشــانی باکۆ و عەلییێف بدات، ســوپا مانۆڕێکی پێچەوانەی نزیک بە ســنووری ئازەربایجان ئەنجامدا و بەشــێکی ســوپای (ثارالله)ی ناردووەتە ســەر ســنوور وەک ئامادەکاریی بۆ هەر ئەگەرێک.

زۆرێک لە شــرۆڤەکاران، پێیان وایە ئەم نمایشـــانەی ئازەربایجان، ڕەهەندێکی هەرێمایەتی و بگرە نێودەوڵەتیشـــی هەیە، لەم پەیوەندییە و هەڵکشـــانە ئاڵۆزەدا، دەبێت ڕۆڵی تورکیا، ئیسرائیل و پاکستان و چین و ڕووسیاش فەرامۆش نەکرێت:

ئیســرائیل و تورکیا هاوپەیمانی ســەرەکیی ســیاســیی و ســـەربازی باکۆ-ن، ئەوان هەم بە ســـەرباز و هەم بە لۆبی و پەیوەندی پارێزەری ئازەربایجانن، ئیسرائیل لە ئێستادا ئامادەگیی سیاسیی و سەربازیی و ڕۆڵی پڕچەککەرێکی کارای ئازەربایجان دەبینێت، بە واتایەکی دیکە ئیســرائیل ئێســتا دراوســێی تارانە و بەهۆی قەیرانە ئابووریی و ســـیاســـییەکانی تاران دەســـتی

بەستراوەتەوە بۆ دەرکردنی. بە پێچەوانەوە بەشێک لە داڕێژەرانی سیاسـەتی گشـتیی ئێرانی لەو باوەڕەدان ئازەربایجان بە هاندانی ئیسـرائیل شـەڕ بە ئێران دەفرۆشـێت، لەمەشـدا باوەڕیان وایە بەردەنگ(مخاطب)ی ئێران تەلئەبیبە نەک باکۆ.

هەرچی تورکیایە، ئەوا دراوسـێیەکی ناچاریی ئێرانە، ناکۆکی ئایدۆلۆژی، مەزهەبی، سنووری لەگەڵ تاراندا هەیە، بەڵام پرسـی کورد و ئەرمەن و گرووپە ئۆپۆزسـیۆنەکان ناچاریی کردوون ئاگربەستی ناچاریی و ڕێککەوتنی ئەمنییان هەبێت، بەڵام ئێسـتا تورکیا بەهۆی بەهێزبوونەوەی لە نێوچەی قەوقاز و ئازەربایجان لەلایەک و پەیوەندی باشـی بە تاڵیبانەوە و قوڵایی عەرەبی و ئیسـلامی بە قەتەر و پاکسـتانەوە، دەسـتکراوەتری کردووە تا فشـارێکی نوێتر بخاتە سـەر تاران و ناچاری بکات زیاتر باجی پەیوەندییەکانی بدات. تورکیا ئەوەش دەزانێت کە بەشێکی هەبوونی پەکەکە و پەیوەندی سێقۆڵی ئەرمەنی-ئێرانی-پەکەکە هەردەم هەڕەشـەیە و دەبێت نەیەڵێت لەوە زێدەتر گەشـە بکات.

ڕایەکی دیکەش هەیە، کە باوەڕی وایە فشـاری باکۆ لەسـەر ئێران، ڕەهەنـدێکی نێودەوڵەتی هەیە و هەریەک لە ئیسرائیل، ئەمریکا، تورکیا و پاکستان و تاڵیبان تێیدا هاوبەشن و دەیانەوێت لەبری ڕاسـتەوخۆ چاککردنی ڕەفتاریی نێودەوڵەتی ئێران لەڕێی دانوستاندنەوە، لەڕێگەی فشاری ناڕاستەوخۆوە و بە سـتراتیژی "مەرگ بە هەزار چەقۆ" ئێران پەرێشـان بکەن

تـاڕادەی تەسـ‌ـ‌ـ‌ـلیمبوون. بەو واتـایەی کە لەهەموو قۆڵەکـانەوە (ئەفغانسـ‌ـ‌ـتان، ئازەربایجان، پاکسـ‌ـ‌ـتان و تورکیا و ئیسـ‌ـ‌ـرائیل و وڵاتانی عەرەبییەوە و نێوخۆی ئێرانەوە) سـ‌ـەرئێشـ‌ـەی نێوچەیی بۆ ئێران دروستبکەن و پێویست بە پەلاماری گەرم و ڕاستەوخۆ نەکات.

## ئێران و جەنگی قەرەباغ؛ بێلایەنێکی نەرێنی

لە جەنگی قەرەباخدا ئێران بێلایەنی هەڵبژارد و هەڵوێستی نەرمی نواند، بەڵام وەک بڵێیت مێژووی هاوچەرخی ئێران، بێلایەنی لێنەیەت یان لێی قبوڵ نەکەن، لە جەنگی ٤٥ڕۆژەی قەرەباخدا ڕاستە ئێران خاک و سەروەریی پێشێل نەکرا، بەڵام زیانە ئایینیدەییەکانی هێندە زۆرن کە ڕەنگە جەنگەکەی بۆ ئاییندەدا سەختر نەبێت لە جەنگی خاک یان ململانێ گەرمەکانی لە کەنداو و عێراقدا. جەنگی قەرەباخ یادەوەری دوو جەنگی جیهانی(یەکەم و دووەم) هێنایەوە یادی ئێرانییەکان، تاران لە هەردوو جەنگەکەدا بێلایەنی ڕاگەیاند و زیانمەندترین وڵاتیش لە ناوچەکەدا دەرچوو، ڕاستە بێلایەن بوو بەڵام هاوپەیمانانی وەک بەریتانیا و ڕووس خاکەکەیان بەکارهێنا، ئابووریی، سەروەریی و سیاسەتی ئەو وڵاتەیان بە جۆرێک شکان تا ئەمڕۆش ئێرانییەکان یادگاریی هەرەتاڵی مێژووی هاوچەرخیان لێی دەڕوانن.

### جەنگێک فراوانتر لە قەرەباخ

هیچ کات هێندەی جەنگی قەرەباخ, ئێران، کەم جووڵە و بێلایەن نەبووە، لە جەنگێک کە ڕێک لە پشتسەریدا هەردوو دراوسێیکەی (ئەرمینیا و ئازەربایجان)بە گژیەکداچوون، ئەوەی یەکەمیان دۆستێکی دێرینی ئابووری و دووەمیشیان برایەکی ئایینی و هاومەزهەبی شیعەی دوانزەئیمامی. ئێرانێک لەسەر

ســوریا، لوبنان، یەمەن و عێراق قســەی یەکەم نەکات شــەرکی قسەکەری یەکەمە لە داڕشتنی سیاسەت و جەنگی ئەو وڵاتانەدا، بەڵام لێرەدا بێدەنگ.

وا جەنگەکە بەڕێژەیەکی بەرچاو بە قازانجی ئازەربایجان تەواو دەبێت. بەڵام لە گۆڕەپانی سیاسییدا تەنها باکۆ و ئێرەوان نەجەنگاوون، ئانکارا و تاران و مۆسکۆش بە جۆرێک بەشداری جەنگەکە بوون، تورکیا هەر زوو ئەمەی نەشاردەوە و بە ئاسمان و زەوی و هەژموونی، داکۆکییەکی "تورکانەی" لە ئازەرییە هاونەتەوەکانی کرد، کۆی توانای مرۆیی و سیاسیی خۆشی هەبوو خستییە گرەو و لە شامەوە بیگرە تا لێوارەکانی دەریای ناوەڕاست، هەرچی پرۆتورکیی ناتورکیش بوو خڕی کردەوە و خستنیە نێو جەرگەی جەنگە گەرمەکەی قەرەباخ.

مۆسکۆش کە هەم لە درواسێ و پارچە جیابووەوەکانی خۆیدا پریشکی سیاسیی و ئابووریی جەنگەکەی بەرکەوت و هەم هەندێ وردە حسابیشی لەڕێی جەنگی قەرەباخەوە لەگەڵ تورکیا و ئەرمینیا و ئازەریدا ساغ کردەوە.

بۆ ڕووسیا گرنگە کەمترین ئاژاوە هەبێت لە قەوقازدا، چونکە خۆڵەمێشی هەندێ ململانێی ئاییندەیی قەوقاز موژدەیەکی خۆشیان بۆ مۆسکۆ پێی نییە و بریسکەکانی ئەو ململانێیەش تاڕادەیەک سێ لای تەنیووە.

مۆسکۆ دەمێکە لە سەرۆکوەزیرانەکەی ئەرمینیا نیگەرانە، چونکە مەیلێکی ڕۆژئاوایی و سووککردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ مۆسکۆدا هەبوو، ئەمەش نیگەرانی بۆ پۆتین درووست کرد و لە

جەنگی قەرەباخدا بە بێلایەنی خۆی، وانەیەکی توندی بە ئیرەوان دا، هاوکات بەهۆی تورکیا و پشـــتنەگرتنی ئەرمینیاشـــەوە، تا ڕادەیەک دڵی ئازەرییەکانیشـــی هێنایەوە کە هەر لە ســـەرەتای جیابوونەوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە پشتی لە مۆسکۆ و ڕووو لە واشنتۆن و ئەنکەرە و تەلئەبیب بوو.

**دوو شیعەمەزهەبی ناجۆر**

بەڵام بۆ ئێران دۆخە زۆر ســـەخت تەواو دەبێت، ئەو بێلایەنێکی ناچاریی هەڵبژارد.

ئـازەربـایـجـان دراوســـێیەکی بـاکووری ســـتراتیژییە، هـاومەزهەبییەتی، بە بەشـــێک لە ئێرانی کولتووری و وڵاتـانی نەورۆزی دەزانێت، بەڵام کێشـــەکە ئەوەیە ســیاســـەتی گشـــتی ئـازەربـایـجـان لە تەمەنی زیـاتر لە چـارەکە ســـەدەیی خۆیـدا پراگمـاتیـک، واقیعییتر بووە و پشـــتی لە کـارتی مەزهەبی شـــیعەگەریی و نەورۆزیی کرد و بە بەکـارهێنـانی کـارتی نەتەوەیی(ئازەریی)-ڕۆژئاواگەریی و دۆســـتایەتی ئیســـرائیل دەرگای لەگەڵ ئێراندا لە نەوەدەکانەوە داخســـت، ئەمە یارییەکی ئـاگرین بوو، لەنێوان دوو بەرداشـــدا (ڕووس و ئێران)، خۆی گەیاندە ئانکارا و بە دۆســـتایەتی ئەو ڕێگای ئابووریی(وزە)، ڕێگای ســـیاســـەتی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندیگەرایی بەڕووی خۆیدا کردەوە. تورکیا لە نێوان فشـــاری ڕووس و ئێراندا بە تاڵەمووی سـنوورەکانی، ئازەربایجانی نزیککردەوە لە ئیسـرائیل، ڕۆژئاوا و ئەمریکا. بە جۆرێک ئێســـتا ســـەرەڕای شـــوناســـی شیعەگەریی، هاوپەیمانی یەکەمی واشتنتۆنە لە ناوچەکەدا.

لێرە ئەوەی ڕۆڵ دەبینێ شـــوناس نیە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایەی کە وڵاتە کاریگەرەکان مەزهەب و ئاین و ئایدۆلۆژیا دەکەنە کارت بۆ دەستێوەردان، لە شـەڕی قەرەباغدا مەسـیح و موحەممەد قوربانین، ئیسـلام و مەسـیحیەت شـوێنگۆڕکێیان کردوە، ئاخر ئەگەر ئاین کاریگەر بوایە دەبوو تورکیا و ئێران لە پشـتی ئازەربایجانی موسـڵمان و روسـیا و ئەمریکاش لە پشـتی ئەرمینیا بوونایە.

لە نەوەدەکانەوە، لەسـەر ناوچەی جێناکۆکی قەرەباخ، هەردوو وڵات شـەڕی سـارد و کەم کەم گەرمیش بەڕێوە دەبەن. ئەم جەنگە سـاردە چارەکە سـەدەییە بوویە جەنگی گەرم و تاڕادەیەک یەکلاکەرەوە. دیارە ئەمە قوربانی گۆڕەپانێکی تری ئاگر و دیاری بلۆکبەندی ئێستای دنیای سیاسەتە و بەشێکیش دەبن لە گۆڕانکاریە چاوەڕوانکراوەکان یان ئەگەر راسـت بێت "سـایکس-بیکۆی نوێ". شـەڕی قەرەباخ وەک یەمەن، لوبنان، عێراق و سـوریا نیە کە شـوناسـە مەزهەبییەکان ڕوخسـاری ململانێکان بن، لێرە بلۆکبەندی جیهانی و بەرژەوەندیەکان ڕوون و ئاشـکران، ئاین و مەزهەب و یادەوەریی مێژوویی ناوچەکەش جۆرێک لە قوربانی و فەرامۆشـکراوە. چونکە ئازەربایجانی ئیسلامی شیعەمەزهەب، پشتیوانی لە بلۆکی ئەمریکا-ئیسرائیل و تورکیای سـوننە وەردەگرێت، ئەرمینیای عیسـایی پەناگەکەی کە پێشـتر ئێرانی شـیعەمەزهەب و مۆسـکۆ بوو. ئێسـتا ئیتر ئازەربایجان وەک نەوەدەکان نییە تەنها خەمی مانەوەی بێت، پێش پەلاماردان و گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە بانگەشـەیان بۆ

دەکات، هەڵوێستی جیهانی بەلای خۆیدا ساف کرد و لە یەککاتدا ئێران و ڕووسیای بێلایەن ڕاگرت، ئەمریکای بە بێدەنگی هێشتەوە، تورکیا و فرۆکە بێفرۆکەوانەکانی و گرووپە بناژۆخوازە هاوپەیمانەکانی تورکیاشی لە سووریا بە چڕیی هێنایە مەیدانەکە. ئیسرائیلیشی لە ڕووی سەربازیی و سیاسییەوە بەکارهێنا و کردییە جەنگاوەرێکی نێو ململانێی قەرەباخ. لە ڕاستییدا ئەم یارییەی عەلییێفی سەرۆکی ئازەربایجان، تێکۆشان و تەقەلاکانی ئەتاتورکی باوکی تورکیای نوێی لە دەیەی بیستی سەدەی ڕابردوودا هێنایەوە بیر، کاتێک بەشێوەیەکی ئاڵۆز و چڕ مانۆڕە سەربازییەکانی ئەنجام دا و خاکی تورکیای لە مەترسی لەناوچوون و لە چنگی بەریتانیا، یۆنان و فەرەنسا دەرهێنایەوە.

**بێلایەنێک بە تامی دۆڕان**

گەرچی ئێران بێلایەن و دڵۆپێک خوێنی لە جەنگەکەشدا خەسار نەکرد، بەڵام زۆرجار بێلایەنی کشانەوە و ناچارییە و تامی دۆڕان دەبەخشێت. بۆچی ئێران زیانمەندی جەنگی قەرەباخە؟

لە ئێستادا فشارەکانی واشنتۆن لەسەر تاران لەوپەڕیدایە، کۆرۆنا یەخەی ئابووریی و ژینگەی ئێرانی چەقاندووە، دەستی وەک جاران لە سووریا و عێراق کراوە نییە، وا دۆخی سنوور-ئاسایشیی-سیاسیی لای باکووریشی گۆڕانی بەسەردا هات و چیتر وەک سێ دەیەی ڕابردوو نامێنێتەوە.

- لەم جەنگەدا ئێران دۆستێکی سیاسیی و ئابووری خۆی(ئەرمینیا) کە باش بەکاری دەهێنا دژی تورک و ئەمریکا و ئیسرائیل، وا بە دۆڕاوی لە جەنگی قەرەباخ دەچێتە دەرەوە و بەمەش بنکەی هاوکێشەکانی ململانێی ئێران گۆڕانی بەسەردا دێت چی دیکە ناتوانێت بە هەمان قەبارە نەرمەهێز و توندەهێزەکانی لە ئەرمینیا بەرامبەر باکۆ و ئەنکارا بەکار بهێنێت.

- ڕوسیا بە هاوبەشی تورکیا، بە گرتنەدەستی جڵەوی ئاگربەست و ڕێکککەوتنی جەنگەکە ئێرانی پەراوێز خست، ئەمەش تاڕادەیەک هاوشێوەی جەنگی سوریای لێهات، کاتێک ئێران سەرەتا قسەکەر و پشتیوانی یەکەمی بەشار ئەسەد بوو، بەڵام پاشتر بە هاتنی مۆسکۆ بۆ نێو جەنگەکە، هێدی هێدی ڕووسیا لەگەڵ تورکیادا مێزیان کردەوە یەک و ئێرانیان پەروایز خست لە بڕیار و دابەشکردنی کێکی پاراستنەوەی خاکی سوریادا.

- تورکیا بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی لە ئازەربایجان، چیتر کارتەکانی دەستی بەرامبەر ئێران بەهێزتر دەبن و لەلایەک مەسەلەی برایەتی ئازەریی-تووركی و وروژاندنی کارتی نەتەوەیی، لەلایەکی دیکەوە دەتوانێت باجگیری زیاتری سیاسی وەدەست بهێنێت و لە ڕووی ئابووریی، بازرگانی و وزەشەوە بە کۆمەکی ئازەربایجان موزایەدە و هەڕەشەی پتر لەسەر تاران بسازێنێت.

- مەترسیەکی دیکەی ئاسایشیی-سیاسیی بۆ ئێران، بریتییە لەو گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکی و ئابووریی و سنووریانەی

باکوری ئێران، بەهۆی سەرکەوتنی ئازەربایجانەوە و دەستخستنەوەی بەشێکی سنووری لەگەڵ ئێراندا کە پێشتر بەدەست ئەرمینیا بوو، بەڵام ئێستا لەدەستی باکۆدان. ئەمە ئێران ناچار دەکات هەم بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە و هەم نیوەی فۆکەسی لە ناوچەکانی کەنداو، عێراق، یەمەن و لوبنان وەرچەرخێنێ بەرەو باکوری وڵاتەکەی، کە پێشتر بەهۆی ڕوسیا و ئەرمینیاوە لێی دڵنیا بوو.

- خاڵێکی دیکە، پشتیوانی ئیسرائیل و بوونی باڵیۆزەکەی لە باکۆ، بۆ لەمەودوا ئیتر ئیسرائیل وەک دۆستی تەنگانەی ئازەربایجان، وەک دراوسێیەکی باکووری ئێران لە ڕێی خاکی ئازەربایجانەوە دەردەکەوێت و بۆ ئایندە مەترسی ئەمنی-سیاسی و ستراتیژی جیدەیڵێت.

-لەوەش بترازێ هەبوونی گرووپە توندڕەوە سوورییەکان و ئیسلامییە جیهادییەکان کە زۆرینەیان سوننەن و تورکیا بە بیانووی پشتیوانی باکۆی هێنانیە قەرەباخ، ئێرانی نیگەران کردووە و دوور نییە بۆ ئایندە، هەڕەشەی تیرۆر و تۆقاندن لەناوخۆی ئێران و سنورەکانیدا زیاتر بکەن.

- لە ناوخۆشدا، بە غرووری براوەی ئازەری مەترسیی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکات، دووەمین نەتەوەی ئێران ئازەریەکانن، هەم پێکهێنەریی سەرەکی کولتووریی وهەم لە پێگە ستراتیژی و سیاسیی و سەربازییەکانی ئەو وڵاتەدا خاوەن هەژموونن، بەهۆی جەنگی قەرەباخەوە مەیلی ئازەریی

ئازەرییەکانی نێو ئێران بووژایەوە و بۆیە نەیتوانی وەک ساڵانی ڕابردوو ڕاشکاوانە لە پشتی ئەرمینیا بووەستێت، ئەم هەڕەشەیە لەمەودوا کاریگەرتر دەبێت و چەندین بزووتنەوە و جوڵانەوەی نێو ئێران و تورکی و ئازەربایجانیش لە چالاکیدان بۆ یەکخستنەوەی ئازەریی و تورکەکان و سازاندنەوەی "ئازەربایجانی مەزن"، ئەمە ڕایەڵەیەکی هەستیاریی پرسی ئاسایشیی نەتەوەیی ئێرانە و دوور نییە ببێتە کارتێکی مەترسیدار و کاریگەر کە مل و قۆڵی سیاسەتی گشتی ئێران لە ناوخۆدا خوار بکاتەوە.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت، گەرچی بە هەڵوێست و سیاسەتی ڕەسمی ئێران بەشداری جەنگ نەبووە، بەڵام بە ئەنجام و لێکەوتەکانی پشکی زیانەکانی ئێران کەم نین و ئاییندەیەکی دڵنیا لەبەردەم تاراندا نییە.

## پشکۆی باکۆ، لە دەستی تاران و ئەنکەرەدا

جووڵەکانی باکۆ بەرامبەر تاران وەک پشـــکۆی ئاگرێکە، لەنێو لەپی هەردوو هـاوســـێی نـاچـاریی تـاران و ئەنکەرەدا، هێشـــتنەوەی بە پشـــکۆیی لەســـەرخۆ دەیانسـووتێنێت و هێزی دیکەی وەک ئیســـرائیل و ئەمریکا دەهێنێتەپێشـــێ، فووڵێکردن و گەشـــاندندەوەشـــی ســـەری ســـاحێبانی و دۆخی هەرێمایەتی گرتێبەردەدا، ڕەنگە دەســـتپێکردن بەدەســـت خۆیان بێت بەڵام کۆتاییەکەی لەدەستی واندا نامێنێتەوە.

ساڵێک لەمەوبەر پریشکی شەڕەکە لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیـادا بە بیـانووی نـاگۆرنۆ قەرەبـاخ خۆی نوواند، بەڵام ئەمە وێنە گەورەکە نەبوو، ئێســـتا وا ئازەربایجان خۆی بووەتە بیانوو بۆ هەڵکشـــان یان ڕاســـتتر بۆ ئاشـــکراکردنی شـــەڕی شـاراوەی تورکیا و ئێران، هێشـتاش ئەمەش وێنە گشـتییەکە نییە و ڕاســـتی چەنـدین ئەکتەری دەوڵەتی و چەنـدانی نـادەوڵەتیی دیکەش لە یارییەکەدا هەن و چەند ساڵی ئایندەی بەردەممان یەک یەک خۆ دەنوێنن و ســـاڵانێکی ماندووکەر دەبن بۆ نێوچەکە. ئەو دەوڵەتانەی بەجۆرێک پەیوەندییان بەم دۆخە نوێییەی قەوقازەوە هەیە: ڕووســـیا، تورکیا، ئێران، ئازەربایجان، تورکمەنســـتان، ئەرمینیا، جۆرجیا، ئیســـرائیل، چین و ئەمریکا، هەرچی ئەکتەری نـادەوڵەتیشـــن، وەک: کورد (ڕۆژهەڵات و بـاکوور)، ئازەریی و تورکەکانی ئێران و عەلەوی و ئەرمەنەکانی تورکیا...تاد.

کە ئازەربایجان بەسـەر ئەرمینیادا سـەرکەوت و ناگۆرنۆ قەرەباخی بۆ خۆی یەکلاکردەوە، ئیتر تارمایی و گرژی ئاسمانی پەیوەندییەکانی باکۆ و تارانی لێڵتر کرد، مانگی ڕابردوو قۆناغێکی گەرمتری بەخۆیەوە دی، کـار و کـاردانەوەی سـیاسـی و بازرگانیشی لێکەوتەوە، هەر لەم هەفتەیەشدا سێبەری تورکیاش گەرچی پێشتر سایەکەی هەر هەبووە بەسەر هەردوولادا، ئەمجارە ڕوونتر دەرکەوت و داوای "هەڵوێستی عاقڵانە"ی لە ئێران کرد.

لە سەد ساڵی ڕابردووشدا، لەوکاتەوەی هەردوو دەوڵەتی هاوچەرخی ئێران و تورکیا، بە دەسـەڵاتێکی ناوەندگەرایی بە تەوەرێتیی شوناسی فارس‌زمانی و تورک‌زمانی سازکران، جیا لەوەی خۆبەخۆ کەوتنە سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی نێوخۆیان، هاوکات بە سـروشـتی ئەو گووتارە پەڕگیرە حاکمەی هەیانە هەردوو دەوڵەتیشی خستەوە بەرامبەر یەک. ڕاستیش ناهەقییان نییە کەرەسـتەی دوژمنایەتیشـیان دە هێندەی کەرەسـتەی ئاشـتەوایی و هاوسـێیەتییانە، بەڵام جیۆسـیاسـیی خۆیان و شـەترەنجی نێودەوڵەتی و ترس لە مافی نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد، عەرەب، بەلوچ و ئەرمەن...تاد، ناچاریی کردوون ببنە دوو دراوسـێی ناچاریی و لەگەڵ هەموو بۆڵەبۆڵ و شـەڕە شاراوە و ئاگرەبنکاییەکانیان بۆ یەکدی، ناچاربوون باری شـانی یەکدی هەڵگرن، نەبادا درزێک دروسـت ببێت و هەناسـەیەک بۆ نەتەوە مافخوراوەکانی نێوچەکە وەگەڕێتەوە.

## نیگەرانییە نوێیەکانی ئێران

تاران لە پاش هەڵوەشـــاندنەوەی یەکێتی ســـۆڤێتەوە، ویســـتوویەتی هەر بە ڕێکاری ســـتراتیژی و دبلۆماســـیی ئاگری ئازەربایجان و قەوقاز بە گشـــتی لەخۆی وەدوور بخات، بەڵام لەگەڵ گوزەری کاتدا ناتوانێت نیگەرانییەکانی بشارێتەوە و مانگی ڕابردووش ئەمە ســـەلمێنرا، کاتێک وەزیری دەرەوەی ئێران و بەرپرســـانی ئاســـایشـــیی نیشـــتمانی و هی دیکە کەوتنە هەوڵی دبلۆماســی و میدیایی و نمایشــی ســەربازی، لەو هەوڵانەش یەک بەرەو مۆسکۆ و یەکێکی دیکە بەوەڵامدانەوەی ئەردۆغان و ئەوی دیکە بە مانۆڕی ســـەربازی. لەولاشـــەوە میدیاکانی، بەدرێژایی ١٨ســاڵی دەســەڵاتداریێتی ئەکەپە لە تورکیادا، میدیای ڕەســمی و ناڕەسمییەکانی هێندەی مانگی ڕابردوو کاریکاتێر و سوکایەتی و وتاری لەســەر ڕەفتار و سیاســەتەکانی ئەردۆگان نەنووســیووە. بەجۆرێک تەنانەت وەڵامی هێرشە زمانییەکانی عەلییێفیش بۆ سەر تـاران، میـدیـای ئێرانی لەبری ئەو هەر پەلامـاری ئەردۆگـانی سەرۆکی تورکیای دەدا. دیارە بێ هۆ نەبوو.

لە ســـیاســـەتی ڕەســـمی ئێرانییدا، میدیای مەزهەبی و ئســـوڵگەرا و بەرپرســـەکانی ئەو تەوژمە بوون، لەوباوەڕەدان کە ئیســـرائیل لەپشـــتی هەڕەشـــەکانی ســـەر ئێرانە لە باکۆووە نەک عەلییێف، بەڵام چـاویـان لە ئەردۆگـانیش دانەخســـــت و بە گەورەکردنی ئیســـرائیل و دەســـت لەپشـــتدانی باکۆ تۆمەتبار کرد.(شـــەمخانی ســـکرتێری ئاســـایشـــی نەتەوەیی ئێران وەهای

گووت). هەرچی میدیای ڕیفۆرمیست و پانئێرانیست و فارسگەرایە، ئەوا ئەردۆگان بە دوژمنی ڕاستەقینە دەزانن و پێیان وایە عەلییێف و باکۆ بیانووی ئەنکەرەن و ئەردۆگان دەست لەپشتیان دەدەن. هەرکام لەم دوو گێڕانەوەیە ڕاست بن هیچ لەوە ناگۆڕن کە ڕۆڵی سەرەکی ئاگرکردنەوەکە دراوەتە پاڵ تورکیا و ئەردۆگان.

ئێرانی لەم بابەتەدا نیگەرانی ئەم خاڵە ستراتیژیانەیە:

١. نادیدەگرتنی هەژموونی ئێران لە قەوقازدا: ئەو ڕێککەوتنەی بەچاودێری تورکیا و ڕوسیای نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان ئێرانی نیگەرانی کردووە، چونکە لەو بڕوایەدایە تەنها لایەنە نێوخۆییەکانی ململانێکەی ڕێکخستووە و لایەنی دەرەکی (مەبەستی خۆیەتی) فەرامۆش کردووە. ئەمەش مەترسی گەمارۆدانی زیاتری لێدەخوێنێتەوە لە قەوقازدا و هەژموونی لەوێدا کەمڕۆڵ بکرێت.

٢. پێکەوەبەسترانەوەی تورکزمانەکان و گەڕانەوەی تورکیا بۆ ئاسیای ناوەندی: نیگەرانییەکی دیکەی ئێران پتربوونی هەژموونی تورکیایە لەڕێگەی بونیادنانی ڕێڕەوی بازرگانی-کولتووریی نەخجەوان-ئازەربایجان، تورکیا بەتواناتر دەکات بە دووبارە دەستڕاگەیشتنی بە وڵاتە تورکزمانەکان لە ئاسیای ناوەندی. ئێران هەم لەڕووی کولتووریی و سیاسەتی نەرمیەوە هەم لەڕووی بازرگانی و سیاسییەوە دەسکورت دەبێت لە ئاسیای ناوەندییدا، گریمانە دەکرێت بە تەواوبوونی ئەم ڕێگایە

ڕێڕەوی ئەرمینیا-ئێران کە تاران دەگەیەنێتە ئەورووپا، بگاتە بنبەست.

٣. نیگەرانی لە دراوسێ تازەکە (ئیسرائیل): ئێران جاران لە بەیروت و غەزەوە شەڕی ئیسرائیلی دەکرد، ئێستا ئیسرائیل بەهۆی نزیکی و تێکەڵی پەیوەندییە سیاسیی و سەربازی و بازرگانییەکانی باکۆ و تەلئەبیبەوە، بووتەوە دراوسێیەکی واقیعی ئێران. ئەمەش نیگەرانی دەکات و ناچارە هەم ڕەفتار و پەلکێشییەکانی خۆی لەوڵاتانی عەرەبی سنووردار بکات، هەم لایەک بەڕووی باکووری خۆیدا بکاتەوە. نیگەرانییەکەی لەوەدا دووهێندە بووە کە سێکوچکەیەکی ئیسرائیلی-تورکی-ئازەربایجانی سەربازیی و سیاسیی لەئارادایە کە هەرسێک لە سنووردارکردنی تاراندا هاوئامانجن.

٤. هێڵەکانی وزە: ئێران ساڵانێکە بەدووی پرۆژەیەکەوە کە وزەی نێوچەکە لە ڕێگەی هێڵی پێشنیارکراوی خۆیەوە:- پارس(ئێران)-عێراق- سوریا-لوبنان و پاشان بەرەو ئەوروپا، بگوازێتەوە، بەڵام بە گۆڕانی دۆخی قەوقاز و سەرکەوتنی ئازەربایجان بەسەر ئەرمینیادا هاوکێشەکان گۆڕاون و هێڵی دیکە دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئەم خەونەی ئێران وەک زیندووبوونەوەی ئەو هێڵەی ئازەربایجان (کە لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ٧٠ ملیارد دۆلاری لەڕێگەی کۆمپانیای بی.پی-ەوە تێدا خەرجکراوە) تێیدا ئامانجی گواستنەوەی وزەی نێوچەکەیە بۆ ئەورووپا. ئێران لەم نەخشەیەدا پەراوێزییە.

٥. ڕووســـــیە بەدەنگەوە نایەت: مانگی رابردوو وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ هەمان پرســـی ئازەربایجان و قەوقاز خۆی گەیاندە مۆســـکۆ، تا لەوێ بەهاوکاری ڕوســـیا پێکەوە ئەو دۆخە تازە پەیدابووە پەســـــەند نەکەن و نیگەرانی وڵاتەکەی گەیاندە وێندەرێ، بەڵام مۆســـــکۆ بەپێچەوانەوە لەگەڵ چارەســـــەری "شـەشـی"یدایە بەبەشـداری: ڕوسـیا، تورکیا، ئێران، ئازەربایجان، ئەرمەنســـــتان و جۆرجیا. ئەمەش واتە دیســـــانەوە نادیدەگرتنی نیگەرانیەکانی تاران، بۆیە لەمەشـــــدا وەزیرەکەی بەدەســـــتی پڕ نەگەڕایەوە و هەقییەتی نیگەرانی ئەم خاڵەش بێت.

بەڕێوەبردنی ئەم هەموو نیگەرانیە و بوونی گۆڕاوی زۆر لەپرســـەکەدا ســـەختە "پشـــکۆی باکۆ" بەتەنها بە تورکیا و ئێران بەڕێوەببرێت، ئەردۆگان بە داواکردنی دانبەخۆداگرتن و ڕەفتاری عاقڵانە و حســـــێبکردن بۆ پەیوەندی ئیســـــرائیل-ئازەربایجان و تورکزمانەکانی نێو ئێران، دەری خست کە مەرامی لەسـەر ئێران زیاتر بووە و دوور نییە بە دەســـــتی دوو شـــــەڕەکانی خۆی تێبپێچێت، بەڵام نایەوێت و ناتوانێت بیگەیەنێتە دۆخی ڕاستەوخۆ و گەرم چونکە هەم نێوخۆی تورکیـا و هەم کـارەکتەرە نـاڕازییەکـانی پێکهـاتەکـانی تورکیـاش دەبووژێنرێنەوە بەهۆی دەســـتلەپشـــتدانی ئێرانەوە. هەرچی ئێرانیشـــە زمانی دبلۆماســـی بەرامبەر تورکیا توندتر بووە بەڵام گۆڕاوە نێوخۆییە سـیاسـیی- نەتەوەیی-ئابوورییەکانی لەلایەک و گەمارۆکانی سەری لەلایەکی دیکەوە و توانای ســـەربازی بۆ کردنەوەی بەرەی نوێ دیســـان

هاوکار نابێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئەنکەرە. لەوەدەچێت، ئەم پشکۆیەی ئازەربایجان کە لەلەپی دەستی ئێراندایە زیاتر بیسووتێنێت و هەل بداتەوە ئیسرائیلیش تا بیکاتە یەکێکی دیکە لەو چەقۆیانەی کە وەک ستراتیژ بەرامبەر ئێران بەکاری دەهێنێت: "کوشتن بە هەزار چەقۆ".

# لیستی سەرچاوەکان


1) احمد کسروی (1388) تاریخ مشروطه ایران، تهران، انتشارات هرمس.

2) احمدرضا بهفر، مفهوم ولایت مطلقه فقیه در قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال چهارم، ش12، بهار 1378.

3) اروند آبراهامیان (1390) تاریخ ایران نوین ترجمه: شهریار خواجیان، نشر دات تهران.

4) استفانی کرونین، اصلاحات از بالا مقاومت از پایین، مخالفان نظم نوین در ایران 1927-1929 در کتاب تورج اتابکی، دولت و فرودستان، تهران، انتشارات ققنوس، 1390.

5) استفانی کرونین رضاشاه و شکلگیری ایران نوین ترجمه: مرتضی ثاقب، انتشارات جامی تهران، 1389.

6) اصغر شیرازی (1390): نظام جمهوری اسلامی ایران کتاب چشم‌انداز، پاریس.

7) اصغر شیرازی، نظام حکومتی جمهوری اسلامی ایران کتاب چشم انداز، پاریس، 1393.

8) امید استقلال، «طیاره به ایران»، امید استقلال، شماره 17، 21 شباط 1924، سلیمانیه.

9) انتخابات مجلس یازدهم و رکورد کمترین میزان مشارکت (2020): http://bitly.ws/rZoM

10) آیت الله خمینی: صحیفه امام، جلد 16، ص 110 و 111

11) ایران وایر، سپاه سلطان ها، 2019/4/7 : https://iranwire.com/fa/features/۲۹۱۲۳

12) ایران وایر، نیروی قدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، 2019/4/7 : https://iranwire.com/fa/features/۲۹۱۲٤

13) بنەمای 65ی دەستووری ئێران و ئەروەهای ئەساسی ئامارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران 2019.

14) باقل پور (1398): ارزیابی های اولیه از سهم نظامیان در مجلس یازدهم : https://bit.ly/۳lYYvQy

15) بیانیه گام دوم انقلاب خطاب به ملت ایران: سایت خامنه‌ای، https://farsi.khamenei.ir/message-content?id=٤١٦٧٣)

16) پیلان منوع التصویری خاتمی در تلویزیون ایران (2016): سایتی خبرگزاری ئاناتولی : https://bit.ly/٣٢CDozL

17) پێگەی ڕەسمی شورای نگهبان (2022): قانون انتخابات مجلس خبرگان رهبری : https://bit.ly/٣xXjlq١

18) پێگەی شورای نگهبان: قانون انتخابات مجلس خبرگان رهبری : https://bit.ly/٣xXjlq١

19) پێگەی فەرمی شورای پاسەوان (نگهبان) (2022): معرفی شورای نگهبان، https://www.shora-gc.ir/fa/about

20) تبیان (1400): سازمان صدا وسیمای جمهوری اسلامی ایران : https://bit.ly/٣z١lzW٦

21) تاریخ تلویزیون در جهان و ایران : https://mihankalaa.com/blog/historial-de-tv/ .

22) تاریخچه ارتش ایران از دوره پیش، سایتی رسخون : https://bit.ly/٣٩xFp٠z

23) تاریخچه تشکیل مجمع (2022): سایتی رسمی مجمع تشخیص مصلحت نظام : http://maslahat.ir/index.jsp?fkeyid=&siteid=٣&pageid=٤٢١

24) جو بایدن و ایران؛ شرایط برای مذاکره دشوارشده و گزینه نظامی همواره روی میز است (2020): euronews، (https://per.euronews.com/٢٠٢٠/١١/١٦/iran-nuclear-program-new-us-government-joe-biden )

25) حجاب اجباری زنان در ایران؛ مقاومت و مخالفت ها با گذشت چهار دهه ادامه دارد (١٤٠٠): https://ir.voanews.com/a/islamic-revolution-iran-hijab-enforcement/٦٣٣٠١٣٦.html

26) حسن زندیه و هەردی مەهدی و اژی آزاد (2019): کشف حجاب در مناطق کردنشین ایران در دوره پهلوی اول (روند اجرا وپیامدها)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژماره 15 کانونی یەکەم.

27) حسین استادحسن و همکاران، بررسی ژئوپلیتیک جنگ تحمیلی بر ایجاد وتداوم نهادهای اجتماعی، پژوهشنامه دفاع مقدس، سال اول، شماره دوم، تابستان 1391.

28) حسین محبوب اردکانی (1390) تاریخ موسسات تمدنی جدید در ایران، ج3، انتشارات دانشگاه تهران.

29) خبرآنلاین: نقش ۶ چهره نظامی آماده کاندیداتوری در انتخابات 1۴00 / واکنش سیاسیون به ورود نظامیان به انتخابات: http://bitly.ws/s۳ih

30) خبرگزاری ایمنا (1396): نظام‌های سیاسی ایران؛ ساختار سیاسی پیش از انقلاب - ایمنا (imna.ir)

31) خلیل علی مراد، ئێرانی کۆن ئێرانی نوێ و شەقچەرخ، وەرگێڕانی بەهزاد محەمد، دهوک، خانەی سپیریز.

32) داریوش رحمانیان (1391): ایران بین دو کودتا، انتشارات سمت.

33) داود امینی، چالش‌های روحانیت با رضاشاه (بررسی علل و چالش‌های سنت‌گرایی با نوگرایی عصر رضاشاه) تهران: نشر سپاس، 1382.

34) دبیرخانه مجلس خبرگان رهبری (1398): دبیرخانه مجلس خبرگان رهبری: http://bitly.ws/rZpF

35) دویچه وله فارسی، سپاه قدس: https://p.dw.com/p/۱DgoN

36) رضا مختاری اصفهانی (1392): پهلوی اول از کودتا تا سقوط، کتاب پارسه، تهران.

37) رضا مختاری اصفهانی، پهلوی اول از کودتا تا سقوط، تهران، نشر کتاب پارسه، 1392.

38) ژیاننامەی ئەحمەد جەننەتی: http://bitly.ws/rZp۸

39) سایت نقشبند (1388): زمینه‌های تاریخی پیدایش روزنامه در ایران، سایت نقشبند: http://naghshband.blogfa.com/post/۷۲

40) ستار جبار علای (2014): النظام السیاسی فی ایران، مجلة المستنصریة للدراسات العربیة والدولیة، العراق بغداد، جامعة المستنصریة.

41) سند شماره 6م/16، از علمای مهاجر قم به مجلس به تاریخ 1306/8/24 نمره 142 در کتاب: کتابخانه اسناد مجلس شورای اسلامی: اسناد روحانیت و مجلس، همان، صص 296-305.

42) سند شماره 6 کابینه ریاست وزراء، نمره 14070 در کتاب: عصر پهلوی به روایت اسناد، قم، دفتر نشر و پخش معارف، 1379.

43) سند شماره 3/م.16، از علمای مهاجر قم به مجلس به تاریخ 1306/7/28، نمره 21، در: کتابخانه اسناد مجلس شورای اسلامی، اسناد روحانیت و مجلس، به کوشش منصور رحمانی پور، تهران کتابخانه مجلس شورای اسلامی، 1379، صص 296-305.

44) سید جلال دهقانی فیروزآبادی (1395): سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، انتشارات سمت تهران.

45) سەعدی عوسمان: بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2007.

46) سەلام عەزیزی (2020): کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاسۆی کەلس هەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانی کوردستانی ئێران، هەولێر.

47) سەلام عەزیزی: کوردستان و کۆماری ئیسلامی، هەولێر، 2020، چ2.

48) شیرین سنامزدی: کدام چهره نظامی در انتخابات 1400 پیشتر است؟

49) جلال سلامی (2017): دلایل بروز اختلاف بین روسای جمهور ایران با رهبر این کشور، سایت خبرگزاری آناتولی (بەرواری خوێندنەوەی 2022/6/4):
http://bitly.ws/rZof

50) علی افشاری: پیشینه 170 ساله جمهوری خواهی عرفی در ایران:
https://www.radiofarda.com/a/history-of-seeking-republic-regime-form-in-Iran/٢٩٦٣٩١٧١.html

51) علی رحیم پور (1389): تاریخ و فرهنگ خراسان بزرگ، مجله خراسان بزرگ، س1، ش1.

52) فرانک گاردنر (2021): بحران افغانستان: حکومت اسلام عراق و شام - ولایت خراسان چیست؟ https://www.bbc.com/persian/world-features-58344505

53) گفتوگو با حسن امینی، انتساب پیشمرگان مسلمان به کاک احمد مفتی زاده، مجله چشم انداز ایران، ویژه نامه کردستان، پاییز 1384.

54) مجموعه قوانین اساسی جمهوری اسلامی ایران، چاپ چهارم (تهران، معاونت تدوین تنقیح، انتشار قوانین و مقررات.

55) مراد ویسی (1399): مجلس شورای فرماندهان سپاه پاسداران انقلاب اسلامی،
https://www.radiofarda.com/a/Islamic-Consultative-Assembly-of-IRGC-Commanders/٣٠٦٤٨٢٢٤.html

56) مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تاریخ شفاهی گوشه‌ای از خاطرات سردار فروتن، تاریخ انتشار 02 اردیبهشت 1399 : https://bit.ly/٣١HjJdX

57) مسعود زاهد (٢٠٢٠): https://bit.ly/٣qDHsaw

58) معاونت حقوقی ریاست جمهوری (1395): مجموعه قوانین اساسی جمهوری اسلامی ایران، چاپ چهارم (تهران، معاونت تدوین تنقیح، انتشار قوانین و مقررات.

59) منوچهر نظری (1390): رجال پارلمانی ایران (از مشروطه تا انقلاب اسلامی)، تهران فرهنگ معاصر.

60) مەدی احمدی (1398): مرز اصلاح‌شیرازی وتلاسی سخنتی روزنامە در ایران، IRNA: https://bit.ly/٣oaQOLV

61) مادەی 175ی دستووری ئێران: بەلایەنی بەڕێوبەرنی صدا وسیمای جمهوری اسلامی
https://rc.majlis.ir/fa/law/show/٩٠١٠٤?keyword=%D٨٪B٥٪D
(8%AF%D8%A7+%D8%B3%DB%8C%D9%85%D8%A7 ( و اساسی
اساسنامە سازمان صدا وسیمای جمهوری اسلامی :
https://rc.majlis.ir/fa/law/show/٩٠٤٠٢ ).

62) Banani .، Amin، The Modernization of Iran، 1921-1941، California، Stanford University Press، 1996.

63) http://maslahat.ir/index.jsp?fkeyid=&siteid=٣&pageid=٣٦٧

64) نبی الله روحی، شکلگیری بحران کوردستان و سازمان پیشمرگانمسلمان کرد، فصلنامە مطالعات بسیج، سال دهم، شمارە 34، بەهار، 1386.

65) هشام منور: (٢٠١٦)
https://www.albayan.co.uk/mobile/MGZarticle٢.aspx?ID=٤٨٩٦

66) هەردی مەهدی میکە وئەژی ئازاد، سیاست تغییر لباس و واکنش مناطق کردنشین در دورە پهلوی اول، گوڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، بەرگی 3، ژمارە 2، بەهار، ص 756-810.

67) هەردی مەهدی میکە وئەژی ئازاد: کوردستانی عێراق لە سیاسەتی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران
http://jgu.garmian.edu.krd/article_١٠٨٢٤٨.html?fbclid=IwAR٣bsMuGsXG٧waYINCagzPl٢skKeKomhEMkUT-bm١QUAAHme٦WX_tCypIxc

68) هەردی مەهدی (2020) کوردستانی ئێران، زمن https://bit.ly/٢JIOY٢Y

69) یروارند آبراهامیان تاریخ ایران مدرن ترجمە محمدابراهیم فتاحی تهران، نشر نی، 1389.

# پێڕستی شوێن و کەسایەتی و دەزگاکان

ئـازەربـایجـان ٤، ٣٦، ٦٢، ٦٣، ٨٩، ١٨٢، ١٨٨، ١٨٩، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٤

ئاسایشی نیشتمانی ٣٢، ٣٩، ٧١

ئۆباما ١٢٩، ١٥٣

ئیلام ٨٩، ١٦٦

ئیمام سادق ٦٠

ئەبتەحی ١٧٢

ئەرتەش ١١٤، ٩٢، ٨٠

ئەردەبیل ٦٣، ١٨٧

ئەردەبیلی ٣٥

یەزد ٦٣

ئەسفەهانی ٢٢، ١٦٥، ١٦٨، ١٨٣

یەعقوبی کوڕی شوعەیب ٦٠

ئەهواز خوزستان ٦٢، ١٦٥، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ١٦٦

بازرگان ٢٥،

باکۆ ٨٤، ٨٥، ٨٦، ١٨٧، ١٨٨، ١٩١، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣

بایدن ١٥٠، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٤

بروجەردی ٨٨

بزوتنەوەی سەوز ١٥٠

بن عباد ٩٥

بناژۆخواز – ئسـولگەرا ٣٣، ٥٠، ٥٨، ١٠٨، ١٢٦، ١٢٩، ١٣٠، ١٣١، ١٤٠، ١٤٦، ١٤٩، ١٥٠، ١٥١، ١٥٤، ١٥٦، ١٥٨، ١٦١، ١٦٢، ١٦٣، ١٦٤، ١٩٤، ١٣٩، ٢٠٠

بوشەهر ٦٣

بووەیهی ٩٥

بیرونی ١٧٧

بەرجام+ ٥+١:  ١٢٦، ١٣٦، ١٥٢، ١٥٣
بەسیج ٨٨، ٩٢، ١٥١، ١٥٤
بەنی سەدر ٣٤، ٣٧، ٤٢، ٣٥
بەهارستان ١٤، ٤٥
پانئێرانیست ١٥٨، ٢٠١
پاوە ٧٩، ٨٦، ١١٥، ١٥٥
پێشمەرگە ٧٩، ٨٤، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ١١٥، ١١٦
پەهلەوی ٦، ٧، ١٤، ١٥، ١٦، ٧٤، ٧٩، ٨٠، ٩٥، ١٠٢، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١٢٠، ١٦٥
تاجزادە ١٣٩، ١٤٦
تـاران ١٤، ١٩، ٣٥، ٣٦، ٤٤، ٤٦، ٦٢، ٦٤، ٧٤، ٧٦، ٨٢، ٨٩، ٩١، ٩٦، ١٠٠، ١٠٩، ١١٠، ١٢٩، ١٣٣، ١٣٥، ١٥١، ١٥٤، ١٧١، ١٧٢، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٥، ١٨٧، ١٩٤، ١٩٥، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠٢، ٢٠٣
تاڵبوف ٣٥
تاڵیبان ٤، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٧، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٨
ترەمپ ١٢٦، ١٢٩، ١٥١، ١٥٣، ١٥٤
تەباتەبایی ٣٥
تەورێز ٧٦، ١٨٣
جوانڕۆ  ٨٦
جەننەتی ٥٤
جەهانگیری ١٤٠
حزبی دیموکرات ٨٥، ٨٦، ١٥٩،
حسین دیبا ٩٦
حوسێنی کوڕی عەلی ١٦٥
خاتەمی ٣٤، ٤١، ١٠٤، ١٤٩، ١٥٢، ١٦٨، ١٧٢
خالسی ١٠٨، ١١٤، ١١٥
خامینەیی  ٣٤، ٤٢، ٧٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٥، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٤٦، ١٦٩، ١٨٧

خوبرەگان (ئەنجومەنی شـــارەزایان) ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٦، ٥٦، ٨٥، ١٤٢، ١٤٥
خومەینی ٢٢، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٨، ٤٢، ٦٩، ٨٠، ٨١، ٨٤، ٨٨، ١٢١، ١٣٥، ١٤٠، ١٥٥، ١٦٥
خۆراســان ٦٢، ٦٣، ٧٤، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣
خەیام ١٧٧
داعش ٨٤، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٨، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١
ڕوحانی ٢٦، ٣٤، ٣٧، ٤٢، ٤٧، ١٢٤، ١٢٦، ١٢٩، ١٣٠، ١٤٢، ١٤٧، ١٥٢، ١٥٥، ١٦٧
ڕیفۆرمخواز، ڕیفۆرمیســت، چاکەخوازان ٤٣، ٤٤، ١٢٤، ١٢٨، ١٣٠، ١٣٩، ١٤١، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٦، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ١٥١، ١٥٦، ١٥٨، ١٦١، ٢٠١
ڕەبیعی ١٦٢
ڕەجایی ٣٤، ٤٢
ڕەجەبی ٨٩
ڕەزاشا ١٤، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٩، ٩٣، ٩٥، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٦، ١٢٠، ٢١٣
ڕەزایی ٧٠، ٨٠
ڕەفسەنجانی ٤١، ٧٠، ١٢٤، ١٢٨، ١٥١، ١٥٥
ڕەفیقدوست ٢١٣
ڕەئیسی ١٣٠، ١٣١، ١٤٠، ١٤٢، ١٤٤، ١٤٥، ١٥٠، ١٦٧، ٢١٠
زاهیدی ٩٦
زنجان ٦٣
زەریف ١٣٠
زەینەبیون ٨٣
سابیت ٩٧
ساحێبزەمانی ٣٥
سمنان ٦٣
سنە ٨٣، ٨٦، ٨٩، ١٧٢
سوبحانی ١٦٢

سوپای پاسداران ٣٠، ٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٥، ٨٨، ٨٩، ٩٢، ١٣٠، ١٣١، ١٥٥، ١٨٧
سولەیمانی ٨٣، ١٣٦
سیستان ٦٣، ٧٤
سەردار سپە ٧٥
سەردەشت ١١٤
سەرۆک کۆمار – سەرکۆمار١٢، ١٧، ١٩، ٣١، ٣٤، ، ٣٧، ٣٨، ، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٦، ٥٢، ٥٧، ، ٦٧، ٦٩، ٩٨، ١١٨، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٣٠، ١٣٨، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٦، ١٥٠، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٤، ١٥٦، ١٦٠، ١٦٣، ١٦٧، ١٦٨، ١٧٢، ١٨٦
شاهەنشا – پاشایەتی ١٥، ١٦، ٣٦، ٣٧، ٨٥
شورای پاسەوان (نگهبان) ١٨، ٣٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥ ، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٧١، ١٢٤، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٤٣، ١٤٥
شۆڕشی گەلانی ئێران(١٩٧٩) ٦، ٧، ١٢، ١٤، ١٥، ٣٤، ٩٩، ١٣٥
شیراز ٧٧
شیرازی ٣٤، ٩٥،
شەرەفکەندی ١٦٢
شەمخانی ٢٠٠
عاملی ١٨٧
عەباسی ٩٥
عەلی شا ١٤، ٤٤، ١٣٥
عەلیێف ١٨٦، ١٨٧، ١٩٤، ٢٠٠، ٢٠١
عەلەمولهودا ١٣٩
فاتمی ٣٦
فارابی ١٧٧
فاطمیون ٨٣
فیردەوسی ١٧٧
قاجار ١٣، ١٦، ٣٤، ٣٥، ٤٤، ٧٢، ٧٣، ٩١، ١٠٦، ١٠٨، ١٠٩، ١٣٤، ١٨٢
قازی زادە ١٤٤

قازی موحەمەد ٣٦
قاسملو ١٦٢
قائانی ٨٣
قهرمانیان ٩٦
(لەشکر)سوپای قودس ٨٢، ٨٣
قورەتولعەین ١٠٩
قوزاق ٤٤، ٧٢، ٧٣، ٧٦، ١٣٥
قوم ٦٣
قەرەباغ ١٨٢، ١٨٥، ١٨٦، ١٩٠، ١٩٣
قەوقاز ١٨٨، ١٩١، ١٩٨، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣
کارزونی ٩٧
کامیاران ٨٦
کرماشان ٦٣، ٨٤، ٨٦، ٨٧، ٨٩
کرمانی ٣٥، ٧٠
کولاهدوز ٨٠
کۆڕبەندی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان ٣٠، ٣١، ٣٢، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ١٤١
کەهگیلویە ٦٣
گولپایەگانی ٢٦، ٥٤
گوڵستان ١٤، ٤٥
گیلان ٣٦، ٥٤، ٦٢
لاریجانی ٤٧، ٧٠، ١٣٩، ١٥١
لوڕستان ٦٣، ٨٩، ٩٢، ١٧٢
مازندەران ٦٢
محەمەد ڕەزا شا ١٤، ٧٩
موتەهەری ١٥١
موجاهدین ١٢٤، ١٤٨
موختار پور ١٥٣
مودەڕیس ٣٦
موسەدەق ٣٦، ٤٦

موسەوی ١٠٤
موفتیزادە ٨٦، ٨٧، ١٦٢
موکریان ٩٣، ١١٤
میرزا کوچەک خان ٣٦
مەرکەزی ٦٣
مەریوان ٨٦
مەشروتە ١٣، ١٤، ١٦، ٤٤، ٤٥، ١٣٤،
مەشهەد ٦٤، ٧٤، ٧٦، ١٧٢
مەلا خەلیل ١٠٧، ١١٤،
مەنسوری ٨٠
مەهدی (مونتەزیر) ٢٧، ٢٨، ٣٠، ٣٢ ، وەلی عەسر ٢٨
مەولانا ١٧٧
نازیمودەولە ٣٥
ناسر خوسرەو ١٧٧
ناسرەدین شا ٣٥، ١٠٩
نیشابوری ١٧٧
ئەحمەدی نەژاد ٣٤، ٤١، ١٣٩، ١٤٦، ١٥٥، ١٦٨، ١٧٢
هورمزگان ٦٣
هەققانی ١٧٩
هەمەدان ٦٣، ٧٦
ورمێ ٦٣، ٨٩
ویلایەتی فەقیە – وەلی فەقیە ٦، ٢٠، ٢٢، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٤٠، ٥٩،
٦٠، ٦١، ٩٨، ١٠٩، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٣٨
وەحیدی ٧٠، ٨٣

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

## یەکەم: کتێب

١) سیاست ایران در قبال کردها ١٩٢١-١٩٤١، ٢٠١٩. (فارسی)
٢) سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە ناوچە جێناکۆکەکان. ٢٠١٩(کتێبی هاوبەش)
٣) ئێراننامە؛ سیستەم و سیاسەت و کولتوور، ٢٠٢٢.
٤) پەروەردە و کارتێکەرەکانی/ ئاین، دیمیوکراسی و جوانی، ٢٠١٢.
٥) شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکا؛ ڕێگایەک بەرەو سەربەخۆیی ٢٠١١
٦) کەرکوک لەنێوان هەولێر و بەغدادا، ٢٠١٧. (کتێبی هاوبەش)

## توێژینەوەی زانستی

١) ئێران لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی دا؛ پێکهاتەکان و ئاستەنگەکان، گۆڤاری زانستیی لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان(مجلة الدراسات السياسية و الأمنية)، ژ٨، بەرگی٤، ٢٠٢١.
٢) سیاسەتی کولتووری ئێران بەرامبەر کورد، گۆڤاری زانستیی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی، ٢٠٢٢.
٣) پێگەی مێژوو لە لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسییدا، گۆڤاری زانستیی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی چاکسازیی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان، ٢٠٢١.
٤) کوردستانی عێراق لە سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی٧، ژ١، ٢٠٢٠.
٥) جوڵانەوەی سیاسی کوردستان: لە ستراتیژی سیاسی و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئێراندا ١٩٦٨-١٩٧٥، گۆڤاری زانستیی لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان (الدراسات السياسية و المنية)، بەرگی ١، ژ١، ٢٠١٧.
٦) ئەبولقاسمی لاهوتی ڕەوتی سیاسی و پەیوەندی بە جوڵانەوەی سمکۆی شکاکەوە، گۆڤاری زانستیی زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی، بەرگی ٢، ژ٤، ٢٠١٦.

٧) تظاهرات دانشجویی در عراق (١٩٢٦-١٩٢٨)م زمینه ها و پیامدها، گۆڤاری زانستیی زانکۆی هەڵەبجە، ٢٠٢٠ (فارسی).
٨) سیاست تغییر لباس و واکنش مناطق کردنشین در دوره پهلوی اول، گۆڤاری زانستیی توێژەر, زانکۆی سۆران، ٢٠٢٠ (فارسی).
٩) کشف حجاب در مناطق کردنشین ایران در دوره پهلوی اول(روند اجرا و پیامدها)، گۆڤاری زانکۆی زانستیی زانکۆی راپەڕین، بەرگی١٥، ٢٠١٨.(فارسی)
١٠)جایگاه بابان در روابط ایرانی-عثمانی از سقوط صفویه تا اواخر افشاریه، همایش بین‌المللی میراث مشترک ایران و عراق؛ دوره ١؛ ١٤/١٢/١٣٩٣ - ١٦/١٢/١٣٩٣ (فارسی)
١١)شوناسی نیشتمانی لە کتێبی کۆمەڵایەتیی قۆناغی بنەڕەتییدا، کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پرۆگرامەکانی خوێندن، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٧.

# IRANNAMA

## A BOOK OF IRAN'S SYSTEM, POLITICS AND CULTURE

HARDI MAHDI MIKA




**هەردی مەهدی میکە**

- دکتۆرا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێران لە زانکۆی تاران- ئێران.
- ماستەر لە ڕێگاکانی وانەووتنەوەی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی.
- بەکالۆریۆسی مێژوو لە بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی.
- بەڕێوەبەری دامەزرێنەری ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی/زانکۆی سلێمانی.
- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری زانستیی لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان (مجلة الدراسات السياسية و الأمنية).
- سەرنووسەری گۆڤاری ئایندەناسی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی.
- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان.
- ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی.
- یانزە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و چوار کتێبی نووسیوە و سێ کتێبیشی بە هاوبەشی نووسیوە.



DRAW

GRAPHIC شێرکۆ خانزادی DESIGNER